### لە هەڵبژاردنەکانی عێراق لە کوردستاندا

# کورد ئامادەنەبوو ئاڵای عێراق بەرزبکاتەوە



**دەیڤید رۆمانۆ**

**(ئوستادی سیاسەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزووری)**

**تایبەت بە گوڵان دەینووسێت**

**لە پڕێکدا درکم بە شتێك کرد، لەناو ئاپۆرای ئاڵاکاندا کە پێکهاتبوون لە ئاڵاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و گۆڕان، یەك ئاڵای عێراقیشم لە هیچ شوێنێك بەرچاو نەدەکەوت، هەموو ئەو هەرایەش لە ڕواڵەتدا بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی عێراق بوو کە لەسەرتاسەری وڵاتەکەدا بەڕێوە دەچێت، کاتێك دواتر ئەم پرسەم لای دۆستێکم باسکرد، لە وەڵامدا وتی «ئایا چاوەڕێی ئەوە دەکەیت کە ئاڵای عێراقی بە دەستی جەماوەری کوردەوە لەسەر شەقامەکاندا ببینیت؟».**

بەخت یاوەرم بوو کە هەفتەیەك پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی عێراق لە باشووری کوردستان بم، هەر لە سۆرانەوە تا سلێمانی و هەولێر، تا ڕاددەیەك خەڵکیم دەبینی بە جۆش و خرۆشێکی لە ڕادەبەدەرەوە ڕژابوونە سەر شەقامەکان.

بەهانەکەش ئەنجامدانی هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکان بوو. لە سلێمانیش بە تایبەتی، بینیم کە ئۆتۆمبێلەکان بە جادەکاندا سەردەکەوتن و دەهاتنە خوارەوە، ئەوانیش لە کەرنەڤاڵی ڕەنگ و ئاڵاکاندا هاتوچۆیان ڕاگرتبوو. منداڵانیش خۆیان لە جامی ئۆتۆمبێلەکانەوە دەهێنایە دەرەوەو ئاڵایان دەشەکاندەوە، یان بە بان ئۆتۆمبێلەکانەوە دادەنیشتن و ئاڵایان ڕادەوەشاندو هەراو دەنگیان دەهات. کەسانی دیکە لە هەموو شوێنێکەوە خەریکی هەڵدانی یاریی ئاگرین بوون. لەسەر شۆستەکانیش هەڵپەرکێی کوردەواری سازکرابوو، لەسەر جادەکان و لە شوێنی ڕاگرتنی

ئۆتۆمۆبێلەکان، شۆفێرەکان بە دەم ئاوازی مۆسیقاوە سەمایان بە ئۆتۆمبێلەکانیان دەکرد. لە کاتێکدا کە لە قەراغی ڕێگاکان دانیشتبووم و لەو خەڵکە بە جۆش و خرۆشەم دەڕوانی، ئەوا خۆم بینییەوە کە لەگەڵ بزنێکی بچووکەلەدا گەمەم دەکرد (من نەمزانی ئەو بزنە لە کوێ هات- چونکە سلێمانی شارێکی گەورەیەو گوندێك نییە) ڕەوشەکە هەڵگری هەموو خەسڵەتەکانی واقیعێکی سوریالی بوو.

ئینجا لە پڕێکدا درکم بە شتێك کرد، ئەگەرچی تەنیا یەك ئاڵای پارتی کرێکانی کوردستان(پەکەکە)م بینی لەناو ئاپۆرای ئاڵاکاندا کە لە سلێمانیدا هەبوو، کە پێکهاتبوون لە ئاڵاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و گۆڕان، بەڵام هیچ ئاڵایەکی عێراقی لە هیچ شوێنێك بەرچاو نەدەکەوت، هەموو ئەو هەرایەش لە ڕواڵەتدا بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانی عێراقە کە لەسەرتاسەری وڵاتەکەدا بەڕێوە دەچێت، کاتێك دواتر ئەم پرسەم لای دۆستێکم باسکرد، لە وەڵامدا وتی «ئایا چاوەڕێی ئەوە دەکەیت کە ئاڵای عێراقی بە دەستی جەماوەری کوردەوەو لەسەر شەقامەکاندا ببینیت؟».

من زۆرم بیر لەمە کردەوە، بەو دەرئەنجامەش گەیشتم کە پێشبینیم نەدەکرد ئاڵای عێراقی لە کەرنەڤاڵە سیاسیەکان و لەسەر شەقامەکانی کوردستاندا ببینم. دوای مێژوویەکی پڕ لەسەرکوتکاری، دەستگیرکردن، ئەشکەنجەدان، بۆردومانی کیمیاوی و هەڵمەتی ئەنفال، ئەوا زۆر بە سادەیی دەیڵێم کە چیتر عێراق لە دڵی کورددا جێی تێدا نەماوە. وەك ئەو دوو هاوسەرەی لەبەر خاتری منداڵەکانیان پێکەوە مابێتنەوە، ئەوا باشووری کوردستان لەبەر هۆکاری کردارەکی نەك عاتیفی لە عێراقدا ماونەتەوە. لەو ساڵەدا کە لە کوردستاندا ژیام (٢٠٠٣-٢٠٠٤)، کوردێکم نەبینی دەوڵەتی کوردی نەبووبێتە خەون و ئاواتی، هەمووان ئومێدەوار بوون ببنە خاوەنی دەوڵەتی کوردی خۆیان.

کورد کە لە عێراقدا دەمێننەوە، لەبەر ئەوەیانە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بەڵێنی پێدانی خۆڕبەڕێوبەری (ئۆتۆنۆمی) و بە نامەرکەزیکردنیانی پێدا. لەگەڵ ئەم دەستکەوتانەدا، مەترسی جیابوونەوە لە کەشێکی ئاوا نادۆستانەدا، زیاترن لەو نائومێدیانەی کە لە مانەوەیان وەك بەشێك لە عێراق سەرچاوە دەگرن.

ڕەنگە کوردە ناعێراقیەکان خۆشحاڵ نەبن بەم تێڕوانینەی کوردی عێراق، بەڵام کاتێك کەمێك خۆیان دەخەنە جێی ئەوان، ئەوا پێویستە لەم تێڕوانینەیان بە باشی تێبگەن. ئەگەر دەیانەوێت وەك کورد بە بەشێك لە وڵاتەکە بمێننەوە و ڕۆژێك بێت و خۆیان لەگەڵ عێراقدا ببیننەوە، ئەوا پێویستە متمانە لە نێو کوردا بنیات بنێن و دان بە خۆیاندا بگرن.

هەروەها سوننە و تورکمان و مەسیحیەکان و لیبراڵەکان و عەلمانیەکان بە تایبەتی، پێویستیان بەوەیە کورد لە عێراقدا بمێننەوە، ئەمە ئەگەر بیانەوێت دەرفەتی ڕاگرتنی هاوسەنگییان هەبێت لەگەڵ پارتە ئاینیە شیعەکانی باشووردا و ئۆتۆنۆمی خۆیان لە بەغدا بپارێزن. بە بێ کورد، دوای هەر هەڵبژاردنێك لیستی دەوڵەتی یاسای سەر بە نوری ئەل مالیکی بە حیسابی خۆی دەتوانێت لەگەڵ چەند پارتێکی ئاینی شیعەی کەمدا حکومەتی زۆرینە پێکبهێنێت. لە کۆتاییدا، عەرەبە سوننەکان بە تایبەتی، وردە وردە لەو ڕاستیە تێدەگەن کە ئەو فیدراڵیەتە بە نامەرکەزیکراوەی ئەوان سەرسەختانە بەرهەڵستیان دەکرد، لە کاتی داڕشتنی دەستووردا، تەنیا بۆ کورد نەبوو. بە نامەرکەزیکردن، ئەگەر بە ڕاستی ڕێزی لێبگیرێت، ئەوا دەبێتە مایەی پاراستنی خەڵکی ئەنبار و نەینەوا و دیالە و سەلاحەددین و تەنانەت بەسرەش لەبەرامبەر هێزە نادۆست و دوورەکانی بەغدادا.

ئەوەی جێی داخەو ئەوەی جێی سەرسوڕمان نییە، سەرۆك وەزیران لە دە ساڵی ئەم دواییە بەردەوام دەستوری لاوازکردووەو کاری کردووە بۆ چڕکردنەوەی دەسەڵاتی زیاتر لە نووسینگەکەی خۆیدا. بەم کارەش، ئەوەندەی دیکە عێراق لەبەریەك هەڵدەوەشێنێتەوە، لەبری ئەوەی پێکەوە گرێی بدات. بەشێکی زۆری ئەنبار لە ئێستادا لە کەفوکوڵدایە، ناکۆکیە ئاڵۆزبووەکانی نێوان کوردیش، هانیان دەدات بۆ ئەوەی دووبارە بیر لەو بڕیارەیان بکەنەوە کە سەرکێشی بە دەوڵەتی خۆیانەوە نەکەن. ئەگەر بڕیار بووبێت کە عێراقی نوێ متمانە لەگەڵ کورددا بنیات بنێتەوە و مەترسی سوننەکان بڕەوێنێتەوە، ئەوا وا پێدەچێت و زیاتر و زیاتر لەم تاقیکردنەوەیەدا شکستی هێنابێت.

کاتێك لە کۆتاییدا دەنگەکانی ئەمساڵ هەژمار دەکرێن و پارتەکانیش دەست بە کارکردن بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ دەکەن، پێدەچێت ئایندەی عێراق نادیار بێت. ڕەنگە ئەمە دوایین دەرفەت بێت بۆ سەرکردە سیاسییەکان لە حکومەتی داهاتووی بەغدادا بۆ ئەوەی بە ڕاستی ڕێز لە دەستوور و ئەحکامەکانی دەستوور بگرن کە پەیوەستن بە نامەرکەزیکردن و دابەشکردنی دەسەڵاتەوە.

## گۆڤاری فۆرن ئەفێرز

### لە ژمارەی ئایار و حوزەیرانی ئەمساڵدا:

# نەوتی کوردستان ئەو هێزە نەرمەیە کۆتایی بە سایکس پیکۆ هێنا

# How the Kurds Got Their Way

## Economic Cooperation and the Middle East's New Borders

*By Marina Ottaway and David Ottaway* FROM OUR MAY/JUNE 2014 ISSUE



*Keep on truckin': guarding fuel trucks in Haj Umran, Iraqi Kurdistan, July 2010.* (Azad Lashkari / Courtesy Reuters)

COMMENT (0)
TWEET
SHARE
EMAIL
PRINT
CITE
SAVE TO KINDLE
BUY ARTICLE

The surge of ethnic and sectarian strife in Syria and across the Middle East has led a number of analysts to predict the coming breakup of many Arab states. This potential upending of the region's territorial order has come to be known as "the end of Sykes-Picot," a reference to the secret 1916 Anglo-French agreement to divide up the Middle Eastern provinces of the Ottoman Empire into British and French zones of control. Because the European treaties that created new Arab states in the aftermath of World War I upheld the outlines of that agreement, Sykes-Picot became the convenient shorthand for the map that colonial powers imposed on the region, one that has remained essentially constant to the present day.

NEW




The Conflict, the Stakes, and What Comes Next
Crisis in Ukraine
New eBook Available
LEARN MORE

With bloodshed from Aleppo to Baghdad to Beirut, it is indeed tempting to predict the violent demise of Sykes-Picot. But although the worst fighting is spilling over borders and pushing some countries, such as Syria, toward fragmentation, there is another force crossing national lines and even realigning national relationships: trade. New transnational zones of economic cooperation are making Middle Eastern borders more porous, but in a way that does not directly challenge existing states. Instead, mutual economic interests, especially in the oil and gas industries, may signal a softer end to Sykes-Picot.

MOST VIEWED
Nordic NATO
The Return of Geopolitics



مارینا ئۆتاوای

لە ژمارەی ئایار و حوزەیرانی ئەمساڵدا، گۆڤاری فۆرن ئەفێرزی ئەمریکی کە یەکێکە لە گرنگترین گۆڤارەکانی توێژینەوە لەسەر ئاستی جیهان و راستەوخۆ لەلایەن ئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا دەردەچێت، باسێکی بڵاوکردۆتەوە بە ناونیشانی (چۆن کوردی عێراق رێگەی خۆیان دۆزییەوە)، ئەم باسە کە لەلایەن هەردوو پرۆفیسۆر مارینا ئۆتاوای و داڤید ئۆتاوای لە سەنتەری وۆردو وێلسن بۆ دیراساتی ستراتیژی نووسراوە جێگەی بایەخێکی گەورەیە، لەبەر ئەوەی بێجگە لەوەی ئێستا پرۆفیسۆر مارینا ئۆتاوای تۆژەری باڵایە لەو سەنتەرەو کار لەسەر پرۆگرامی عێراق و دەوڵەتانی بەهاری عەرەبی دەکات، پێشتریش سەرۆکی پرۆگرامەکانی ئاشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە ئامۆژگای کارینجی، بە هەمان شێوە پرۆفیسۆر داڤید ئۆتاوای جیا لەوەی ٥٢ ساڵ لەمەوبەر زانکۆی هارڤاردی تەواو کردووە، ماوەی ٣٥ ساڵ کاری پەیامنێری دەرەوەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا و باشوری ئەوروپا بۆ رۆژنامەی بەناوبانگی جیهانی واشنتۆن پۆست کردووە و دووجاریش ناوزەد کراوە بۆ خولی کۆتایی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ.


لەلایەکی دیکەوە جیاواز لە شارەزایی و تایبەتمەندی نووسەرانی ئەم توێژینەوەیە، ئەوەی پێویستە رەچاو بکرێت ئەوەیە، ئەم باسە لە گۆڤاری فۆرن ئەفێرز بڵاوکراوەتەوە، کە ئەم گۆڤارە بەوە شانازی دەکات خاوەنی گەورەترین پێشبینی ستراتیژییە لە جیهاندا و هەموو ئەو دیراسەتانەی توانیویانە نەخشەی سیاسی بگۆڕن لەم گۆڤارە بڵاوکراونەتەوە وەك «پێکدادانی شارستانیەکان» هنتگتۆن، «لیبرال دیموکراتی و ئیلیبرال دیموکراتی» فەرید زەکەریا، «ئەمریکا دوای خۆی لە عێراق دەوڵەتێکی فاشیلی جێهێشت» نید پارکەر، «کۆتایی مێژوو و ئایندەی مێژوو» فۆکۆیاما، «کۆتایی هاتنی سەردەمی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست» ریچارد هاس، «کاتێك بەغدا دەبینین سایگۆمان دێتە بەرچاو» ستیفن بیدل، «مێزگردی لە کوێدا هەڵەمان کردووە بۆ لاری دایمۆند، جامیس دۆبینز، چەیم کۆفمان، ستیفن بیدل، کە بۆ راستکردنەوەی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا ئەم گۆڤارە سازی کرد و ئاکامەکەشی ئەوەبوو لیژنەی دیراسەتی عێراق دامەزرا، هەروەها دەیان دیراسەتی دیکە) کە هەموویان کاریگەریان لەسەر سیاسەتی جیهانی بەجێهێشووە.

لە روانگەی بایەخی ئەم دیراسەتەوە، ئەمجارە گوڵان دیمانەی تایبەتی لەگەڵ پرۆفیسۆر مارینا ئۆتاوای و داڤید ئۆتاوای ئەنجامنەدا بۆ ئەوەی خوێنەرانی گوڵان بەکوردی ئەم دیراسەتە بخوێننەوە، جێگەی ئاماژە پێکردنیشە، گوڤاری گوڵان یەکەمین بڵاوکراوەی کوردییە کە لە ٢٠٠٧/١/٣١ یەکەمین دیمانەی رۆژنامەوانی لەگەڵ پرۆفیسۆر مارینا ئۆتاوای ئەنجامداو ئەم خانمەی بە خوێنەرانی کوردستان ناساندووە.



داڤید ئۆتاوای

پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بە نەرمی کۆتایی بە سایکس پیکۆ هێنا




**دریژبوونەوەی خوێنرێژی و توندوتیژی لە حەلەبەوە بەرەو بەغدا و بە ئاڕاستەی بەیروت پێشبینی ئەوەی لێدەکرێت نەخشەی سایکس پیکۆ بە شێوەیەکی توندوتیژ کۆتایی پێبێت**

**زۆنە نێودەوڵەتیە سەرو نەتەوەییەکان، کە زۆنی هاوکاری ئابوورین، بە تایبەتی لە بواری پیشەسازی نەوت و غازدا، ئاماژەیەک دەدات بە کۆتایی هاتنێکی نەرمتری سایکس-پیکۆ**

### ● چۆن کوردەکان ڕێگای خۆیان دۆزییەوە

هەڵکشانی خێرای ناکۆکی توندی ئیتنی و تایەفەگەری لە سوریا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وای لە ژمارەیەك شیکەرەوە کردووە کە پێشبینی لەبەریەکهەڵوەشانی زۆرێك لە دەوڵەتە عەرەبییەکان بکەنەوەو. پێشبینی ئەوە دەکەن ئەگەر هەڵگەڕانەوەی نەخشەی خاك لە ناوچەکەدا بێتە ئاراوە، ئەم ئەگەرەش بە «کۆتایی سایکس-پیکۆ» ناسراوە، ئەمەش وەك ئاماژەکردنێك بۆ ڕێککەوتنی نهێنی نێوان ئینگلیز و فەڕەنسیەکان بۆ دابەشکردنی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست- کە لە ژێر سایە و دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بوون- بەپێی ئەم ڕێککەوتنە نهێنییە دابەشکران بۆ چەند زۆنێك و خرانە ژێر کۆنترۆڵی بەریتانی و فەڕەنسیەکانەوە. جا لەبەر ئەوەی دروستکردنی ئەو دەوڵەتانە بەپێی ئەو پەیماننامە ئەوروپیانە دروستکراون کە هێڵ و بنەماکانی ئەو ڕێککەوتنەیان پاراست، ئەوا سایکس-پیکۆ بووە سمبولێکی گونجاو بۆ ئەو نەخشەیەی هێزە کۆلۆنیالیەکان سەپاندیان بەسەر ناوچەکەدا، ئەو نەخشەیەی کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی تا ڕۆژگاری ئێستاش هەر ماوەتەوە و دەستکاری نەکراوە.

### ● کۆتایی هاتنی سایکس پیکۆ لەنێوان دوو ئاڕاستەی خوێناوی و نەرمدا

لەگەڵ درێژبوونەوەی خوێنڕێژی لە حەلەبەوە بەرەو بەغدا و بە ئاڕاستەی بەیروت، ئەوا بەڕاستی جێی خۆیەتی کە پێشبینی ئەوە بکەین ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ بە شێوەیەکی توندوتیژ کۆتایی پێبێت، بەڵام ئەگەرچی پریشکی خراپترین شەڕ سنوورەکان دەبڕێت و ملی ڕێگای لەبەریەکهەڵوەشان بە چەند وڵاتێکی، وەك سوریا، دەگرێت، ئەوا هێزێکی دیکە هەیە، کە هێڵە نەتەوەییەکان دەبڕێت و تەنانەت پێوەندییە نەتەوەییەکانیش ڕێك دەخاتەوە: ئەویش بریتییە لە بازرگانی. زۆنە نێودەوڵەتییە سەرو-نەتەوەییەکان، کە زۆنی هاوکاری ئابوورین، بوونە هۆی ئەوەی سنورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پتر سنورگەلێکی پڕ کەلەبەر بن، بەڵام بە شێوەیەك نا کە ڕاستەخۆ ببنە تەحەددی بۆ سەر بوونی ئەو دەوڵەتانەی ئێستا لە ئارادان. لەبری ئەوە، ڕەنگە، بەرژەوەندی ئابووری دوولایەنە، بەتایبەتی لە بواری پیشەسازی نەوت و غازدا، ئاماژەیەك بدات بە کۆتایی هاتنێکی نەرمتری سایکس-پیکۆ.

زۆرترین دەرکەوتنی ئەم داینامیکیەتە لە سنوری نێوان

تورکیا و کوردستانی عێراقدا دەردەکەوێت، کە ڕێککەوتنە نەوتیەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی بوونە تەحەددیەکی ڕاستەوخۆ بۆ بانگەشەکەی بەغدا کە گوایە کۆنترۆڵی حەسری سەرچاوە سروشتیەکانی عێراقی لەدەستدایە، هەروەها سەرکردەکانی تورکیا و سەرکردەکانی کورد لەبری ئەوەی شەڕ لەگەڵ یەکتری بکەن، ئەوا ئێستا گفتوگۆیان لە بارەی بازرگانییەوە دەستپێکردووە. بە هەمان شێوە، لە شوێنانی دیکەش، هاوکاری ئابووری بۆتە بەدیلی توندوتیژی سیاسی. قوبرس، و یۆنان، و تورکیا، گفتوگۆ لەسەر ڕاکێشانی بۆری نەوت و غازی هاوبەش دەکەن، ئەمە سەرەڕای جیاوازیەکانی نێوانیان. هەروەها سوودان و باشوری سوودانیش، بە دوودڵیەوە ئەوەیان قبوڵ کرد کە پێویستیان بە هاوکاری یەکتر هەیە بۆ هەناردەکردنی نەوتی هەردوو وڵاتەکە لەدوای جیابوونەوەیان لە یەکتر لە ساڵی ٢٠١١دا. هاوکاری ئابووری چارەسەری هەموو گرفتەکان نییە لەم شوێنانەدا. بەڵام بوارێك بەم دەوڵەتانە دەدات بۆ ئەوەی پێکەوە بیر لە ڕێگای نوێ بکەنەوە، لەبری ئەوەی دەست بدەنە کارێك کە مەترسی پارچە پارچەبوونی وڵاتەکانیانی لێبکەوێتەوە.

**● هێڵی سەر لمەکان**

ئەو دەوڵەتە عەرەبیانەی لەدوای یەکەمین جەنگی جیهانیی دروستکران، هەمیشە لە ململانێدا بوون لەگەڵ دانیشتوانە هەمەڕەنگەکانیان، و لەگەڵ، ناسنامە نیشتمانیە نابەدڵەکان و شەقاربوونە ناوخۆییە قووڵەکان. هەموو ئەمانە بۆ نزیکەی سەدەیەك لە ئارادابوون، و پەرە بە چەند بەرژەوەندییەکی جێگیریش دراوە، کە تەوەری ئەو بەرژەوەندییانەش پاراستنی سنور و دامەزراوە نەتەوەییەکانە. بەڵام هێشتا، دابەشبوونە ئیتنی و تایەفەگەری و خێڵەکیەکان ماون، هەروەك ناکۆکیەکانی عێراق و لوبنان و لیبیا و سوریا و یەمەن زۆر بە ڕوونی ئەم ڕاستیە دەردەخەن.

ئەو دابەشبوونانە زەقترین دابەش بوونن لە سوریادا، کە لە دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆییەوە لەدوای سەرکوتکردنی دڕندانەی نارەزایەتی ئاشتیخوازانەی هاووڵاتیان لەلایەن بەشار ئەسەدەوە لە ئازاری ساڵی ٢٠١١دا، دیمەشق کۆنترۆڵی بەسەر بەشێکی زۆری خاکی وڵاتەکەیدا لە دەست داوە. کوردەکانی سوریاش هەرێمی ئۆتۆنۆمی خۆیان لە باکووری ڕۆژهەڵات ڕاگەیاند. ژمارەیەکیش لە گرووپە ئیسلامیە ڕادیکاڵەکان کە شەڕی حکومەت دەکەن، بەشێکی زۆر خاکی وڵاتەکەیان لە ڕۆژهەڵاتەوە کۆنترۆڵ کردووە و بە ڕەسمی خەونی خۆیان بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی ئیسلامی سوننی ڕاگەیاندووە، کە یاسای ئیسلامی حکومڕان و پیادەکراو بێت تێیدا، چەند بەشێکی سوریا و عێراق کۆنترۆڵ بکات. تەنانەت هەندێ چاودێر مەزەندەی ئەوە دەکەن، عەلەویەکان، کە لقێکی دروست بووی ئیسلامی شیعەیە، و ئەسەدیش سەر بە عەلەویەکانە، هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتی خۆیان دەدەن بە درێژایی کەناری دەریای سپی ناوەڕاست، کە لە سایەی پارێزگاری حزبوڵڵا و ئێران و ڕوسیادا بێت، کە ئەمەش زیندووکردنەوەی ئەو دەوڵەتە پاشکۆیەیە کە لە ژێر ویصایەتی فەڕەنسیدا بوو لە ساڵانی بیستەکان و سییەکانی سەدەی ڕابردوودا.

دەوڵەتە عەرەبیەکان کێشەی خۆیان هەیە و بەدەستیەوە گرفتارن. لە لوبنان لەدوای کۆتایی هاتنی شەڕە ناوخۆییە خوێناوییەکەی (١٩٧٥-١٩٩٠)، هێشتا دابەشبوونی تایەفەگەری و ئایینی توند لە ئارادا ماوە. خەریکە بڵێین عێراق پارچە پارچە بووە بەدەست بۆمبە خۆکوژیەکان و میلیشیا تایەفەگەریەکانەوە لە دوای داگیرکردنی ئەو وڵاتەوە لەلایەن ئەمریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣، بەم دواییەش ئاستی توندوتیژی بەرزبوونەوەی بەخۆوە بینی، بەتایبەتی لە پارێزگای ئەنبار. ئەوەی کەمتر دراماتیکیە، بەڵام هێشتا گرنگە ئەوەیە کە ئەردەن هاوسەنگیەکی نائاسانی پاراستووە لە نێوان دانیشتوانی ئەسڵی وڵاتەکەیان و پەنابەرە فەلەستینیەکاندا، کە ئەمەی دواییان بۆ ماوەیەکی زۆرە زۆرینەی دانیشتوانی وڵاتەکەیانی پێکهێناوە.

**● هەرێمی کوردستان و گەشەکردنی نوێ**

لەنێو ئەم بارودۆخە شڵەژاوەدا شتێکی دیکە لە کوردستانی عێراقدا ڕوودەدات. ئەم ناوچە نیمچە سەربەخۆیە (Semi-Autonomous) گەشەکردنی نوێی بەدەست هێناوە بەهۆی هاوکاری ئابووری سەر سنورەکانەوە، کە بۆی هەیە شوێنەکانی دیکە و بگرە وڵاتانی دیکەی ناوچەکەش هەوڵی لاساییکردنەوەی بدەن. هەر لە ساڵی ١٩٩١ـەوە کوردستانی عێراق خاوەنی خۆبەڕێوەبەریەکی ئەمری واقیع بووە، ئەویش لەدوای ئەوەی ئەمریکا ناوچەی دژە فڕینی سەپاند لە باکووری عێراقدا. ئەوەش بۆ خۆی دەرچوونە لەو حاڵەتەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، کە ئەوان لە ڕووی ئیتنیەوە جیاوازن لە باقی بەشەکانی دیکەی جیهانی عەرەبی. بۆی هەبوو پارێزگاریەکەی ئەمریکا هانی کوردەکانی بدایە بۆ جاڕدانی سەربەخۆیی لە عێراق، شڵەژاندنی ئەو سنورانەی لە ئارادابوون. لەبری ئەوە، کوردەکان بژاردەی بەدواداچوونی بەرژەوەندیە ئابووریەکانی خۆیانیان گرتەبەر لە چوارچێوەی ئەو سنورانەدا کە هەبوون.

**هەرێمی کوردستان بانگەشەی ئەوە دەکات دوای ئەوەی بەغدا خەرجی بەرگری نیشتمانی و کاروبارە دەرەکیەکانی دەبڕێت، ئەوا کوردستان تەنیا لە سەدا ١٠-١١٪ بودجەکەی پێدەدرێت**

**لە ساڵی ٢٠١٢دا تەنانەت گەورە کۆمپانیا نەوتیەکانی ئەمریکاش، وەک شیڤرۆن و ئێکسۆن مۆبیل، ڕاستەوخۆ ڕێککەوتنی بەدواداگەڕان و بەرهەمهێنانیان لەگەڵ هەولێر واژۆ کرد، کە بە ئاشکرا تەحەددای بەغداو ئیدارەی ئۆبامایان کرد**



دوای داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، کوردستانی عێراق پێشوازی لە ئەمریکا کرد، کە ئەوان پێشووتر و بۆ ماوەیەکی زۆر، سوودمەندی راستەوخۆ بوون. دەستووری نوێی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥دا پەسەند کرا، کە بە هۆی دروستکردنی سیستمی فیدراڵییەوە پێگەیەکی تایبەتی بە کوردستان بەخشی، کە بە رادەیەکی گەورە دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری بە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، کە پایتەختەکەی هەولێرە، بۆ ئەوەی حکومڕانی پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر و سلێمانی بکات. هەروەها دەرفەتی دا بە ١٥ پارێزگاکەی دیکەی عێراق کە پێگەی هاوشێوەیان هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای ئەوەی سیستمی فیدراڵی لە دەستووری عێراقدا چەسپیوە، ئەوا بەغدا هەرچی لە دەست هاتووە کردویەتی بۆ سنورداركردنی خۆبەڕێوەبەری کورد و ڕێگرتن لە پارێزگاکانی دیکە بۆ ئەوەی داواکاری خۆبەڕێوەبەری (ئۆتۆنۆمی) بکەن.

کرۆکی ناکۆکی نێوان بەغدا و هەولێر بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی نەوت و غازی هەرێمەکە. بەغدا پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات کە سەرجەم داهاتەکان بگەڕێنرێنەوە بۆ حکومەتی مەرکەزی، کە دواتر دەست بە دابەشکردنی دەکرێت بەسەر سێ پارێزگاکەی کوردستان و پارێزگاکانی دیکەی عێراقدا. لەسەر بنەمای ڕێژەی دانیشتووان، بڕیارە کوردستان لە سەدا ١٧ی تەواوی داهاتەکانی نەوتی عێراقی پێبدرێت. بەڵام هەرێمی کوردستان(KRG) بانگەشەی ئەوە دەکات کە دوای ئەوەی بەغدا خەرجی کۆمپانیاکانی نەوت، و بەشە خەرجیەکانی کوردستان کە پەیوەستن بە بەرگری نیشتمانی و کاروبارە دەرەکیەکانەوە دەبڕێت، ئەوا کوردستان تەنیا ١٠-١١٪ ی بودجەکەی پێدەدرێت.

سەرەتا هەرێمی کوردستان(KRG) هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی دارایی دا و دەستی کرد بە واژۆکردنی گرێبەست و گەڕان بە دوای نەوت لەگەڵ کۆمپانیای بچووکی وزەدا لە ساڵی ٢٠٠٢. بەڵام دوای پەسەندکردنی دەستووری نوێ، بە پەلە و بە پەرۆشیەکی زیاترەوە هەوڵی گرێدانی گرێبەستی دا، ئەگەرچی روون نەبوو ئایا لە رووی یاساییەوە دەسەڵاتی ئەنجامدانی ئەو کارەی هەیە. دەستوورەکە دەڵێت کە حکومەتی مەرکەزی دەسەڵاتی حەسری هەیە بەسەر ئەو کێڵگە نەوتیانەی لە ئارادان، بەڵام تەم و مژی هەیە لەبارەی ئەوەی کێ دەسەڵاتی هەیە بەسەر کێڵگە نوێیەکاندا. تاوەکو ئەمڕۆ، حکومەتی مەرکەزی دووپات لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مافی هەیە بەسەر




یەدەگی نەوتی کۆن و نوێدا، هەولێر بانگەشــەی ئەوە دەکات مافی ئەوەی هەیە واژۆی گرێبەست بکات بۆ ئەو کێڵگە نوێیانەی لە سەر خاکەکەی دەدۆزرێنەوە. ئەمریکا هەوڵیدا ناکۆکی نێوان بەغدا و هەولێر لە ڕێی یاسای نیشتمانی نوێی نەوت و غازەوە یەکلا بکاتەوە، بەڵام هەردووﻻ نەیانتوانــی بگەنە ڕێککەوتن. لەبری ئەوە لە ســاڵی ٢٠٠٧دا، پەرلەمانی کوردستان یاسای خۆی دەرکرد بۆ ڕێکخستنی نەوت و غاز.

گرێبەســتەکانی هەرێمەکــە، بــوار بــە ڕێککەوتنی سەخاوەتمەندانەی دابەشــکردنی بەرهەم دەدات لەگەڵ کۆمپانیا دەرەکیەکاندا. بە دەیان کۆمپانیای دەرەکی، وەك کۆمپانیای گەنەل ئەنەرجی ئەنگلۆ- تورکی، ئەداکس پەترۆلیومی چینی، تۆتاڵی فەرەنسی، و دی ئێن ئۆی نەرویجی، و گازپرۆمی ڕوسی، هاتوون بۆ ئەوەی شوێن پێیەکیان هەبێت لەو شــوێنەی کە تۆنی هایوەرد.. لە ســاڵی ٢٠١١دا بە «یەکێك لە دوا ناوچە پەرەپێنەدراوە مەزنەکانی نەوت و غاز» وەسفی کرد. لە ساڵی ٢٠١٢دا تەنانەت گــەورە کۆمپانیا نەوتیەکانی ئەمریکاش، وەك شــیفرۆن و ئیکسۆن مۆبێل، ڕاســتەوخۆ ڕێککەوتنی بەدواداگەڕان و بەرهەمهێنانیــان لەگەڵ هەولێر واژۆ کرد و بە ئاشکرا تەحەددای بەغدا و ئیدارەی ئۆبامایان کرد، کە سەرەڕای پشــتیوانی چەسپاوی واشنتۆن بۆ کوردستانی عێراق، بەڵام بەرهەڵستی ئەو ڕێککەوتنانەی کرد، چونکە ترســی ئەوەی هەبوو کــە ناکۆکیەکانی پەیوەست بە نەوتەوە لە چوارچێوەی عێراقدا بۆی هەیە ببنە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیری وڵاتەکە. ئــەو گەورە کۆمپانیا نەوتیانــەی ئەمریکا چوونە پاڵ پێنــج کۆمپانیــای بچووکی ئەمریکــی- هێس، ئێچ کەی ئێن، هەنت، ماراســۆن، و مورفی- و پتر لە ٤٠ کۆمپانیا لە کەنەدا، و چین، و نەرویج و ڕوسیا و وڵاتە عەرەبی و ئاســیاییە جیاوازەکانەوە هاتنە کوردستان بۆ ئەوەی کار لە ســامانی دەوڵەمەندی کوردی بکەن، کە لەلایەن شــارەزایانی پیشەسازیەوە بە ٤٥ ملیار بەرمیل نــەوت و ٩٩ ترلیۆن بۆ ٢٠١ ترلیۆن پێ ســێجا غاز مەزندە کراوە.

**پتر لە ٤٠ کۆمپانیا لە کەنەدا، و چین، و نەرویج و ڕوسیا و وڵاتە عەرەبی و ئاسیاییە جیاوازەکانەوە هاتنە کوردستان بۆ ئەوەی کار لە سامانی دەوڵەمەندی کوردی بکەن**

ســەرەڕای ئــەم دەرفەتــە، ئــەوا هێشــتا هەرێمی کوردســتان(KRG) پێویســتی بــە دەروازەیەکــە بۆهەناردەکردنی نەوت و غازی کوردســتان بۆ بازاڕی نێودەوڵەتــی. هەولێر دەیتوانی ئــەم نەوتە لە ڕێی ئەو بۆریانەوە هەنارده بکات کە لە ئاراداان- واتە هێڵی سەرەکی باکووری عێراق بۆ هەناردەکردنی نەوتی خاو، کە شاری کەرکوکــی عێراقی بە بەنــدەری جیهانی تورکییەوە- لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست دەبەستێتەوە، بەڵام بەغدا بەشــە عێراقیەکەی ئەو هێڵــەی کۆنترۆڵکردووە، بەو پێیە دەیتوانی کۆنترۆڵــی داهاتی نەوتەکەش بکات. لەبری ئــەوە، هەرێمی کوردســتان(KRG)، بڕیاری دروســتکردنی بۆریەکی نوێی دا، لە کێڵگەی نەوتی تەق تەقەوە، لە نێو جەرگەی کوردستانەوە، بۆ سنوری تورکیا، کە لەوێوە بە هێڵی جەیهانەوە دەبەسترێتەوە کە ئەمەش تەحەددیەکی ڕاســتەوخۆ بوو بۆ بانگەشەکەی بەغــدا بەوەی ئەو تەنیا لایەنــە کە کۆنترۆڵی نەوتی عێراق دەکات.

بەم زووانە کوردستانی عێراق داهاتی پێویست بەدەست دەهێنێت لە ئەنجامــی هەناردەکردنی نەوتەکەیەوە کە ئەمەش جێی ئەو داهاتەی بۆ دەگرێتەوە کە لە بەغداوە بەدەستی دەهێنێت.

**بەم زووانە کوردستانی عێراق داهاتی پێویست بەدەست دەهێنێت لە ئەنجامی هەناردەکردنی نەوتەکەیەوە کە ئەمەش جێی ئەو داهاتەی بۆ دەگرێتەوە کە لە بەغداوە بەدەستی دەهێنێت**




**لە تشرینی دووەمی ساڵی رابردوو، نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و رەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک وەزیرانی تورکیا، رێککەوتنێکی نوێیان راگەیاند بۆ دروستکردنی هێڵێکی نوێی بۆری بۆ هەناردەکردنی نەوتی خاوی کوردستان بۆ جەیهان**

### ● سامانی کوردەکان

هەرچۆنێك بێت، هەرێمی کوردستان(KRG) نەیدەتوانی بە تەنیا ئەم کارە بکات، بەڵکو پێویستی بە هاوکاری دراوسێکەی باکوور هەبوو، واتە تورکیا. دوای هەندێ دوودڵی، حکومەتی تورکیا رازی بوو رێگا بدات بەوەی بۆری نوێی کوردەکان بە هێڵی جەیهانەوە ببەسترێتەوە. بەڵام لەوە گرنگتر، ئەنقەرە بەوەش رازی بوو کە داهاتی نەوتی کوردەکان لە حسابێکی بانکی کوردی لە تورکیا هەڵبگیرێت، نەك لە حسابە نیشتمانیەکەی عێراق لە نیویۆرك، کە سەرجەم داهاتەکانی دیکەی نەوتی عێراقی تێدا هەڵدەگیرێت.

پشتیوانی حکومەتی تورکیا بۆ داواکەی هەرێمی کوردستان(KRG) بۆ سەربەخۆبوونی دارایی ئاڵوگۆڕێکی جێی سەرسوڕمان بوو، لەبەر ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ- تورکیا- بەرهەڵستی خۆبەڕێوەبەری کوردستانی عێراقی دەکرد، چونکە پێیوابوو ئەمە دەبێتە پێشینەیەکی مەترسیدار، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی تورکیا دانیشتوانێکی زۆری کوردی هەیە، کە ناکۆکیەکی بەردەوام و چارەسەرنەکراو و زۆرجار توندوتیژیان هەیە لەگەڵ ئەنقەرەدا. هەروەها ئەنقەرە هەوڵیداوە پێوەندی باشی لەگەڵ هەولێر و بەغدا هەبێت، بەڵام وڵاتەکە پێویستی بە دابینکردنی نەوت و غازی نوێ و هەرزان هەبوو بۆ ئابووریەکەی کە بە رەوتێکی خێرا گەشە دەکات. تورکیا، هەروەك وەزیری نەوتەکەی، کە لە کانوونی یەکەمی رابردودا لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئاژانسێکی هەواڵی کوردی

عێراقیــدا گوتی: «تورکیا ناتوانێت دەســتە و ئەژنۆ دابنیشێت.» کۆتایی ساڵی رابردوو، کوردستان دەستی کــرد بە هەناردەکردنی نەوت بــۆ جەیهان، کە پلانەکە ئەوەیــە لە ســاڵی ٢٠١٥دا رێــژەی هەناردەکردن لە رۆژێکدا بگاتە یەك ملیۆن بەرمیل نەوت.
بە بەراورد بە بەشــەکانی دیکەی عێراق، کوردســتان کە خاوەنی ئاســایش و ئارامیەکی رێژەییە، کەشێکی لەبارتری بۆ بزنســکارەکانی تورکیا رەخســاندووە. لە ساڵی ٢٠١٢، لە ٧٠٪ سەرجەم بازرگانی و وەبەرهێنانی نێوان هەردوو وڵات لە کوردستاندا چڕ بۆوە، ئەگەرچی دانیشتوانەکەی یەك لەسەر شەشی تەواوی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن.
جێــی سەرســوڕمان نییــە، لــە ئەگــەری ئەوەی کوردســتانی عێراق نەوتی خۆی هەنــاردەی تورکیا بــکات، نارەزاییەتیەکی توندی بەغــدای لێکەوتەوە. بەڵام کوردســتانی عێراق پێداگیری دەکات بەوەی ئەو راســتیەی لەبەرچاوە کە بەپێی دەستوور نەوت موڵکی هەمــوو عێراقیەکانە، هەرێمی کوردســتانیش بەڵێنی ئــەوە دەدات لە ٨٣٪ داهاتەکە بگەڕێنێتەوە بۆ بەغدا، ئەویش وەك جێبەجێکردنی ئەو شــێوازەی ئێستا هەیە بۆ دابەشکردنی داهاتەکان کە وەك بەشێك لە گفتوگۆ بەردەوامەکانی بودجە پەرەی پێدراوە.
بەڵام لە هەمان کاتدا، دەســەڵاتی کوردی ئەوەیان بە روونی راگەیاندووە کە ئەوان لە بەشــەکەی بەغدا ٥٠ ملیــار دۆلار دەبڕن کە بانگەشــەی ئەوە دەکەن ئەمە قەرزە بەســەر بەغداوە، هەروەها، هەولێر هەڕەشــەی ئــەوەی کردووە بەشــێك لەو داهاتــە گل دەداتەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی کە لەلایەن ســەددامەوە و لە پێش ســاڵی ١٩٩١ەوە لە کوردستان کەوتوون، کە هەرێمی کوردســتان ئەو زیانانە بە ٣٨٠ ملیار دۆلار مەزندە دەکات. لەگەڵ ئەوەشــدا، ئەم هەڕەشــەیەی دوایی زیاتر لە چوارچێوەی گووتار و قسەدا دەمێنێتەوە، هەرچۆنێك بێت بەم زووانە بەغدا بەشەکەی خۆی کە لە سەدا ٨٣یە بە دەست ناگات. بە دڵنیاییەوە، حکومەتی مەرکــەزی دەتوانێت بە برینی ســەرجەم داهاتەکانی نەوت لە کوردســتان تۆڵەی خۆی بکاتەوە، بەڵام ئەو کاتە هەناردەی نەوتی کوردســتان دەگاتە ٤٥٠,٠٠٠ بەرمیل لە رۆژێکدا، کە ئەمە لە کۆتایی ئەم ســاڵدا روو دەدات، ئەوا کوردستان ئەوەندە داهات بەدەست دەهێنێت کە جێی ئەو داهاتــەی بۆ بگرێتەوە کە لە بەغداوە بۆی دەهات، کە لە ساڵی رابردودا ١٢ ملیار دۆلار بوو.
نارەزایەتییەکانی بەغدا ســڵی بە کوردســتانی عێراق و تورکیــا نەکــردەوە و هــەردوولا بــەردەوام بوونە لە ئەنجامدانی رێککەوتن و قووڵکردنەوەی هاوپەیمانێتی وزەی نێوانیان.

**● رێککەوتنی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا**

لە تشــرینی دووەمی ساڵی رابردوو، نێچیرڤان بارزانی ســەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردســتان و رەجەب تەیب ئــەردۆگان ســەرۆك وەزیرانی تورکیا، رێککەوتنێکــی نوێیــان راگەیاند بۆ دروســتکردنی هێڵێکی نوێی بــۆڕی بۆ هەناردەکردنی نەوتی خاوی کوردستان بۆ جەیهان و بۆریەکی گواستنەوەی غاز بۆ دابینکردنی وزە بۆ وێــستگە کارەباییەکان لە تورکیا. بەپێی راپۆرتە دزەپێکراوەکان، سەرەتا تورکیا لە ساڵێکدا ٣٥٣ ملیار پێی ســێجا غاز لە کوردستان دەکڕێت و لە کۆتاییدا دوو هێندەی ئەو بڕە دەکڕێت. هاوکاری نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان تەحەددیەکی راستەوخۆیە بۆ سەر ئومێدەکانی بەغدا بە پاراستنی عێراق کە لە ژێر دەســەڵاتی مەرکەزدا بێت. رێککەوتنەکانی راکێشانی بــۆری و وزە لــە نێوان تورکیا و کــورد رەنگدانەوەی تێڕوانینێکی جیــاوازە بۆ عێراق، کە خەســڵەتەکەی بوونی هەرێمی ئۆتۆنۆمی بەهێز و سنورگەلێك بێت کە قابیلی ئیختراقکردن بن. بێگومان، هەرێمی کوردستان لە بۆشاییدا نەکەوتۆتە شوێن بەرژەوەندییە ئابووریەکانی خۆی.

**● کورد بێ بنەما شوێن بەرژەوەندییە ئابورییەکانی نەکەوتووە**

بێتوانایی ســەلمێنراوی بەغدا لە بەکارهێنانی داهاتی نەوت بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق بەتەواوەتی دەرکەوتووە، هەروەها کەموکورییەکی زۆر لە دابینکردنی کارەبا هەیە کە بەشــێکی زۆری وڵاتەکەی گرفتار کردووە ئەمانە هۆکارێکــی یارمەتیدەر بوون بــۆ ئەوەی هەولێر رێگای خۆی بگرێتە بەر.



زاڵبوونی هەر یەکێك لەو دوو تێڕوانینە ئاکامی قووڵی لێدەکەوێتەوە لەسەر ئایندەی عێراق و ناوچەکە. هەوڵەکانی سەرۆك وەزیرانی عێراق، نوری مالیکی، بۆ درێژەپێدان بە دەسەڵاتێکی مەرکەزی بەسەر پارێزگاکانی عێراقەوە ئاگری توندوتیژی ئیتنی و تایەفەگەری هەڵگیرساند، کە ئەمەش گومانی ئەوەی دروست کرد کە ئایا عێراق دەتوانێت بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە؟ لە راستیدا، هەر هەوڵێکی بەغدا بۆ رێگری کردن لە هاوکاری نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، بۆی هەیە بە ئاسانی دەرئەنجامی پێچەوانەی لێبکەوێتەوە، ئەمە وا دەکات هەرێمی کوردستان پەنا بۆ جاڕدانی سەربەخۆبوونی کوردستان بەرێت.

لەکۆتاییدا، هیچ لایەکیان خوازیاری ئەم دەرئەنجامە نین، بەغدا نایەوێت کوردستان و نەوتی کوردستان لەدەست بدات، کوردستانیش ئامادە نییە رووبەڕووی تەحەددیەکانی سەربەخۆیی ببێتەوە، لە نێویاندا لەدەستدانی داهاتی نەوت لە مەودای کورتخایەندا، تێکچوونی پێوەندیەکانی کورد لەگەڵ تورکیادا، کە تورکیا پێی باشترە مامەڵە لەگەڵ هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆدا بکات نەك دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، هەروەها پرۆسەیەکی دووردرێژ و قورسی بەدەستهێنانی دانپێدانانی نێودەوڵەتی، بەڵام ئەم بە بنبەست گەیشتنە نەبۆتە هۆی ئەوەی بەغدا باجەکەی لەسەر کوردستان گرانتر نەکات، ئەویش بە بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان کە لە بودجەی نیشتمانیدا بۆی دیاری کراوە، و هەڕەشەی بەرزکردنەوەی داوای یاسایی دەکات لە هەرێمی کوردستان، و حکومەتی تورکیا و هەر کۆمپانیایەك کە بێ مۆڵەتی ئەو نەوتی کوردستان هەنارده بکات. تەنانەت لە مانگی کانوونی دووەمدا، وەزیری نەوتی عێراق، عەبدولکەریم لوعەیبی بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند ئەگەر تورکیا کارئاسانی بکات بۆ هەنارده کردنی نەوتی کوردستان، ئەوا «دەستێوەردان دەکات لە دابەشکردنی عێراقدا.» لە ئێستادا و بەپێی لێدوانی یەڵدز، لە مانگی کانوونی دووەمەوە پتر لە یەك ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردەی جیهان کراوە و لە عەمبارەکاندا هەڵگیراون، تاوەکو ناکۆکیەکە یەکلا دەبێتەوە. پێدەچێت کات لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان بێت، هەرچۆنێك بێت، لە کۆتاییدا نەوت و غاز رێگەی خۆیان دەدۆزنەوە بۆ بازاڕەکان، دوای هەموو شتێك، ئەوا کۆمپانیا دەرەکیەکان بۆ چەندین ساڵە نەوتی کوردستان دەردەهێنن بەبێ ئەوەی رەزامەندی عێراقیان وەرگرتبێت.





**ئەنقەرە بەوەش رازی بوو کە داهاتی نەوتی کوردستان لە حسابێکی بانکی کوردی لە تورکیا هەڵبگیرێت، نەک لە حسابە نیشتمانیەکەی عێراق لە نیویۆرک**

**هەر هەوڵێکی بەغدا بۆ رێگریکردن لە هاوکاری نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، بۆی هەیە بە ئاسانی دەرئەنجامی پێچەوانەی لێبکەوێتەوە، ئەمە وا دەکات هەرێمی کوردستان پەنا بۆ جاڕدانی سەربەخۆبوونی کوردستان بەرێت**

ئەگەر لە کۆتاییدا بەغدا ئەوە قبوڵ بکات کە کوردستان بە شـێوەیەکی روو لە زیاد لــە رووی ئابووریەوە خۆی بەڕێوە ببات و کوردســـتان هـــاوکاری ئابووری لەگەڵ تورکیـــادا بکات، ئـــەوا ئەمە دەبێتـــە لاواز کردنێکی ناتوندوتیژ، بەڵام گرنگی ئەو سیستمە کۆنەی سایکس پیکۆ دروســـتی کردووە. ئەگەرچی هێشتا حکومەتی مەرکـــەزی کۆنترۆڵی بەشـــێکی زۆری نەوتی عێراق دەکات، ئەوا باشـــترە ئەگەر دان بەو راستیەدا بنێت کە دەوڵەتێکـــی مەرکەزی کراو کە ســـنورگەلێکی قایم و تۆکمـــەی هەبێت چیتر رەنگدانەوەی واقیعە ئابووری و سیاسییەکان نییە. بە راکێشانی وەبەرهێنانی دەرەکی زیاتر و هەناردەکردنی نەوت و غاز، ئەوا بە تێپەڕبوونی کات، کوردستانی عێراق پتر لە بەغدا دوور دەکەوێتەوە.

بە دڵنیاییەوە بەغدا، هۆکاری باشـــی هەیە بۆ ئەوەی لەو دەرئەنجامە بترسێت، چونکە نەک تەنیا مەترسی لە دەستدانی کۆنترۆڵی نەوتی کوردستانی لە خۆگرتووە، بەڵکو بوونی کوردستانێکی گەشەکردوو و خۆبەڕێوەبەر کە پێوەندی نزیکی لەگەڵ دەوڵەتێکی دەرەکیدا هەبێت بـــۆی هەیە ببێتە مۆدێلێك بـــۆ پارێزگاکانی دیکەی عێراق، کە ئەوانیش نارازین لە حکومڕانی دەســـەڵاتی مەرکەزی - کە دەسەڵاتێکی گەندەڵکار و خۆسەپێنە- و دەیانەوێت خۆیان کۆنترۆڵی ســـەرچاوەکانی نەوت و غازی خۆیان بکەن.

پارێـــزگای نەینەوا بە نموونـــە وەربگرە، کە زۆرینەی لە عەرەبی ســـوننە پێکهاتـــووە و دەکەوێتە رۆژئاوای هەولێرەوە. بە چەشنی زۆرێك لە سوننەکان، لە سەرەتادا ســـەرکردەکانی نەینەوا بەرهەڵســـتی خۆبەڕێوەبەری کوردیـــان دەکرد، بـــە یەکەم هەنگاوی دابەشـــبوونی وڵاتەکەیان دادەنا. بەڵام بەهۆی ئەگەری دۆزینەوەی نەوت لـــە پارێزگاکەیان و ئەو مۆدێلەی کوردســـتان پێشکەشـــی دەکات، ئەم تێڕوانینەیـــان لە گۆڕاندایە. پارێزگاری نەینەوا، ئەســـیل ئەلنوجەیفی، بۆ چەندین ساڵ لە شـــەڕدا بوو لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی بۆ بەدەســـتهێنانی دارایی تەرخانکراو بـــۆ پارێزگاکەی کـــە لە ڕاڕەوە بیرۆکراتیە پێچـــا و پێچەکانی بەغدادا گیری خواردووە. نوجەیفی پێشوازی لە سەرچاوەیەکی سەربەخۆیی بەدەستهێنانی داهات دەکات. لە تشرینی یەکەمـــی ســـاڵی ٢٠١١دا، کاتێك ئیکســـۆن مۆبێل گرێبەستی لەگەڵ هەرێمی کوردستان کرد بۆ گەڕان بـــە دوای نەوتدا لە شـــەش کێڵگەی کوردســـتاندا، کە دووانیـــان دەکەونە ســـنورە ناکۆکی لەســـەرەکان لەگەڵ نەینەوادا، راســـتەوخۆ نوجەیفی ئیدانەی ئەو رێککەوتنـــەی کرد. لەگەڵ ئەوەشـــدا، لە حوزەیرانی ٢٠١٢دا، تۆنی قســـەکردنی گۆڕی، باسی لەوە کرد پێویســـتە نەینەوا راســـتەوخۆ لەگەڵ ئیکسۆن مۆبێل و هەرێمی کوردســـتان گفتوگۆ بـــکات بۆ ئەوەی بە




هاوبەشـــی نەوتی ناوچە ناکۆکی لەســـەرەکان بەکار بهێنن، هەروەها نوجەیفی باســـی لەوە کرد پێویســـتە نەینەوا چاو لە دراوســـێ کوردەکـــەی بکات و ببێتە هەرێمێکی فیدراڵی نیمچە سەربەخۆ. سەرەڕای ئەوەی سەرەتای ئەم ساڵ ئەنجومەنی پارێزگا لە بەرژەوەندی ئـــەم گۆڕانکاریە دەنگیدا، بەڵام بەغدا پرۆســـەکەی راگرتووە.

هەروەها چەندین پارێزگای شیعەنشـــین و سوننەنشین هەن کە بیر لە هەڵگرتنی هەنگاوێکی هاوشێوە دەکەنەوە. پارێزگای بەســـرە کە زۆرینەیان شیعەن، و سەنتەری بەرهەمهێنانـــی نەوتـــی عێراقە، کە لە ســـەدا ٦٠ی یەدەگی نەوتی وڵاتەکـــەی تێدایە کە بە ١٤١ ملیار بەرمیل مەزەندە دەکرێت، لە ساڵی ٢٠٠٨ـەوە هەوڵیداوە لە بەغدا دوور بکەوێتـــەوە، چەندین جار ئەنجومەنی پارێزگاکـــە دەنگیان بۆ ئەم پرســـە داوە. لە کۆتایی ٢٠١١ و سەرەتای ٢٠١٢ ئەنبار و دیالە سەڵاحەددین، کە هەموویان پارێزگای سوننەنشینن، دەنگیان بۆ ئەوە داوە کە جـــاری خۆبەڕێوەبەری بدرێـــت لە بەرامبەر بەغدا، بەڵام مالیکی ئەو بڕیارانەی رەتکردەوە. ئێستاش نزیکـــەی نیوەی ١٨ پارێزگاکـــەی عێراق یان نیمچە سەربەخۆن(Semi-Autonomous)، وەك کوردستان، یاخود پلانی ئەوەیان هەیە نیمچە سەربەخۆبن، ئەویش بە پشتەبەستن بە دەستوری عێراق.

**• خەڵاتەکە**

ســـەرهەڵدانی ناوچە ســـەرو نەتەوەییەکانـــی هاوکاری ئابـــووری وەك بەدیلێك بۆ لەبەریەکهەڵوەشـــانی دەوڵەت تەنیا لە کوردستانی عێراق و تورکیادا کورت نابێتەوە. وەك بەشێك لە سیاسەتی «سفر کێشە لەگەڵ دراوسێکان»ی ئەردۆغان، کە بەم چەند ساڵەی دوایی بەرەوپێشچوونی بەخۆوە بینی (هاوشان بە هەڵوێستی سیاسییەکانی سەرۆك وەزیران)، ئەوا ئامرازی دیپلۆماسی تەفزیلکراوی تورکیا بریتی بووە لە بازرگانی ئازاد. پێش راپەڕینەکانی سوریا لـــە ســـاڵی ٢٠١١، تورکیا ســـنورەکانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانی باشووردا کردەوە، کە لە سوریاوە- کە عەلەوییەکان باڵادەستن بەسەریدا و دەکەوێتە سەر کەناری دەریای سپی ناوەڕاســـت- بەرەو ناوچە کوردییەکانی لە باکووری رۆژهەڵاتدا. شـــارۆچکە سنورییەکانی تورکیا ببوونە ســـەنتەری بازاڕ بۆ ئەو سوریانەی دەیانتوانی بە ئۆتۆمبێلـــی خۆیان بیگەنێ، هەروەها بووە مەڵبەندێکی ترانزێت بۆ بارهەڵگرە تورکیەکان کە کاڵایان بۆ کەنداوەکە دەبرد. مەرجـــی وەرگرتنی فیزایان لەســـەر ئەردەنی و لوبنانـــی و مەغریبی و تونســـیەکان هەڵگرت، هەردوو کابینەی ســـوریی و تورکـــی چەنـــد کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان ئەنجامدا. تەنانەت ئەنقەرە ئامادەکاری کردبوو بـــۆ ئەنجامدانی رێککەوتن بـــۆ دامەزراندنی ناوچەی بازرگانی ئازاد لەگەڵ ئەردەن و لوبنان و سوریادا.

**لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١١دا، کاتێک ئیکسۆن مۆبیل گرێبەستی لەگەڵ هەرێمی کوردستان کرد، نوجێفی ئیدانەی کرد، بەڵام لە ٢٠١٢ تۆنی قسەکانی گۆڕی و باسی لەوە کرد پێویستە نەینەوا راستەوخۆ لەگەڵ ئیکسۆن مۆبێل و هەرێمی کوردستان گفتوگۆ بکات**


**سەرهەڵدانی ناوچە سەرو نەتەوەییەکانی هاوکاری ئابووری وەک بەدیلێک بۆ لەبەریەکهەڵوەشانی دەوڵەت تەنیا لە کوردستانی عێراق و تورکیادا کورت نابێتەوە**

**پشتیوانی حکومەتی تورکیا بۆ داواکەی هەرێمی کوردستان (KRG) بۆ سەربەخۆبوونی دارایی ئاڵوگۆڕێکی جێی سەرسوڕمان بوو، لەبەر ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ- تورکیا- بەرهەڵستی خۆبەڕێوەبەری کوردستانی عێراقی دەکرد**

ڕەخنەگران ئەم سیاسەتەیان بە سیاسەتی «عوسمانی تازە» ناوزەد کرد و بە هەوڵێکی پەردەپۆشکراوی تورکیایان دانا بۆ بەدەستهێنانەوەی باڵادەستی کۆنی خۆی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە ڕاستیدا هەندێ لوتبەرزی ئیپمراتۆریانە لە پلانەکانی تورکیادا هەبوو، و بەرژەوەندی خۆویستی و ئارەزووی بەدەستهێنانی وزەی هەرزان پاڵنەری سیاسەتی ئەنقەرەن لە ئاست کوردستانی عێراقدا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو سیاسەتە وەڵامدانەوەیەکە بۆ هێزە ئیتنی و تایەفەگەریە توندوتیژەکان کە هەڕەشەی ناسەقامگیرکردنی دەوڵەتە عەرەبیەکان دەکەن، کە سەرەڕای سەدەیەك لە بەدامەزراوەییکردنی سنورەکان و ناسنامەی نەتەوەیی، هێشتا بە تەواوەتی ئەو دابەش بوونانە کۆتاییان نەهاتووە.

تەنانەت لەگەڵ بوونی ئەو دوژمنایەتیانەشدا، هێشتا ئەو ناوچانەی کە گرووپێکی ئیتنی یان تایەفەگەریان تێدایە، دەتوانن شوێن پێی کوردستانی عێراق هەڵبگرن بۆ چارەسەر، کە بریتییە لە هەوڵی بەدەستهێنانی خۆبەڕێوەبەری و هاوکاری لە چوارچێوەی زۆنێکی ئابووری بەرفراوانتردا، ئەمە لە کاتێکدا بە ناو لە چوارچێوەی سنورە نەتەوەییە کۆنەکاندا بمێننەوە. سوریا کە شەڕ شەکەتی کردووە، دەتوانێت ئەم مۆدێلە بگرێتەبەر، ئەویش کاتێك شەڕەکە وەستا و سوریەکان دەستیان بە بیرکردنەوە کرد لەوەی چۆن جارێکی دیکە پێکەوە بژین. ئەگەری گەڕاندنەوەی دەوڵەتە بەعسیە کۆنەکە، کە مەرکەزیەتێکی توندی هەبوو، ئەگەرێکی زۆر لاوازە، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی یاخیبووەکان چەند ناوچەیەکیان لەو وڵاتەدا دامەزراندووە کە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیاندایە. بەڵام دەرئەنجامەکانی دابەشبوونی سوریا بۆ چەند دەوڵەتێکی پاشکۆ- کە قابیلی بەردەوام بوون نەبن- مایەی نارەحەتی و نیگەرانییە. ئەوەی زیاتر مایەی مژدەبەخشین دەبێت ئەوەیە، ڕێگاچارەیەکی فیدراڵی بگیرێتەبەر، کە ئەحکامە باشەکانی دەستووری عێراق بکرێتە بناغە، کە تێیدا کورد لە باکوور، و سوننەکانیش لە ڕۆژهەڵات و عەلەویەکانیش بە درێژایی کەنارەکە جۆرێك لە خۆبەڕێوەبەریان(ئۆتۆنۆمیان) هەبێت، کە هەموویان پێکەوە سەرقاڵی هاوکاری ئابووری ناوچەیی بن.

هەروەها دەکرێت، ئەم جۆرە چارەسەرە، لەسەر بنەمای هاوکاری ئابووری، ڕێگاچارەیەك بێت بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا. دوای دەیەها ساڵ لە هەوڵی شکستخواردو بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان یۆنان و تورکیا لەسەر دوورگەی قوبرس- کە دوورگەیەکی دابەش بووە-ئەوا لەگەڵ دۆزینەوەی کیڵگەیەکی گەورەی غازدا لە ئاوەکانی باشووری قوبرسدا، ئاماژەکانی ئومێد لە ساڵی ٢٠١١دا دەردەکەوتن. هەرزانترین ڕێگای هەنارده کردن کە لەڕێی بۆریەوە غاز لە قوبرسی یۆنانەوە لە باشوورەوە بەرەو بەشەکەی باکوور دەگوازێتەوە کە لەلایەن ئیدارەی تورکیاوە بەڕێوە دەبردرێت، کە لەوێشەوە بەرەو تورکیا دەچێت و بەو بۆریەوە گرێ دەدرێت کە بەم دواییە




ڕەزامەندی لەسەر درا و بە ئەدریاتیکدا دەڕوات، کە لە یۆنان و ئەلبانیادا دەڕوات بەرەو ئیتاڵیا. ئەگەرچی هێشتا قوبرسی یۆنانی و بەرپرسانی تورکیا تەنیا گفتوگۆیان لەسەر ئەگەری راکێشانی بۆری بە قوبرسدا کردووە، ئەوا حاڵی حازر تورکیا و یۆنان پێکەوە کاردەکەن بۆ دروستکردنی بۆریەکان لە ئەدریاتیکدا، ئەمە سەرەڕای ناکۆکی دووردورێژیان لەسەر قوبرس، لە نێو کۆمەڵێك پرسی دیکەدا.

لە هەمان کاتدا، پێوەندیەکانی نێوان سۆدان و باشوری سۆدان پڕ لە ناکۆکی توند بوو لە دوای سەربەخۆبوونی باشووری سۆدانەوە لە ساڵی ٢٠١١ و لە دوای بیست ساڵی شەڕی ناوخۆیی-، بەڵام درەنگ یان زوو دەبێت ئەو دوو دراوسێیە هاوکاری یەکتر بکەن لەسەر یەدەگی گەورەی نەوتەکەیان. سێ لەسەر چواری نەوتی هەردوو وڵاتەکە لە باشوری سۆدانەوە دێت- کە وڵاتێکی داخراوە و دەروازەی دەریایی نییە- کە پشت بە بۆریەکانی سۆدان دەبەستێت بۆ هەناردەکردنی نەوت لەڕێی بەندەرەوە. لەبەر ئەوەی باشووری سۆدان ئامادە نەبوو کرێی رۆیشتنی نەوت بە سۆدان بدات، کە کرێیەکی بەرز بوو، ئەوا باشووری سۆدان بەرهەمهێنانی نەوتی راگرت لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٢دا، کە زیانێکی ئابووری گەورەی بە هەردوو وڵاتەکە گەیاند، بەڵام ئەیلوولی رابردو تێروانینی هاوبەش زاڵبوو، هەردوولا سازشیان کرد، و ڕێگەیاندا بە دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی باشووری سۆدان و کردنەوەی سنورە هاوبەشەکەیان بۆ هاتوچوونی خەڵك و بۆ بازرگانی.

مەحاڵە پێشبینی دەرئەنجامی درێژخایەنی ئەو هێزانە بکەین کە هەڕەشە لە سیستمی ئیقلیمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن. لە راستیدا بۆی هەیە، وڵاتێکی وێران بووی دەستی جەنگ و شەڕکردن، وەك سوریا، دابەش بن. زەمانەتی ئەوەش لە ئارادا نییە کە ئەو وڵاتانەی کە ڕێگای هاوکاری ئابووریان گرتۆتە بەر سەرکەوتوو بن، چونکە بۆی هەیە سیاسەتە بازرگانیەکان و هەوڵەکانی هێنانەئارای هاوکاری ئابووری ببنە قوربانی هەمان ئەو هێزە ناسیۆنالیستانەی دەیەها ساڵە پاڵنەری سیاسەتی عەرەبی بوونە. بەڵام مژدەی کۆمەڵە ئابووریە سنوربڕەکان بۆی هەیە سنورێك دابنێت بۆ ئەگەری بەدەستهێنانەوەی دەوڵەتگەلێکی مەرکەزی و خۆسەپێن و لەبەریەکهەڵوەشانەوەی توندوتیژ ئامێزی دەوڵەتان بۆ چەند ناوچەیەکی بچووکتری ئیتنی و تایەفەگەری.

پێویستە ئەمریکا لەلای خۆیەوە، دان بەم ئەگەرە نوێیەدا بنێت. واشنتۆن لەوە دەترسێت کە شڵەژانی ئەم سنورانەی کە ئێستا هەن تەنیا ناکۆکی و پشێوی زیاتر بە دوای خۆیاندا بهێنێت. هەرچەندە هۆکاری باش هەن بۆ ئەوەی کابوسی سوریا بمان ترسێنێت، بەڵام رەنگە هەوڵدان بۆ ڕێگرتن لە گۆڕینی سنوورەکان تەنیا بێتە هاندەرێك بۆ لەبەریەکهەڵوەشانی زیاتر - کە ئەمەش ئەو دەرئەنجامەیە کە ئەمریکا دەیەوێت خۆی لێ لابدات،بەڵام ئەو نەوتەی ئێستا بە سنووری کوردستان و تورکیادا دەڕوات بەدیلێك دەخاتەڕوو: دروستکردنی ناوچەگەلێکی ئابووری نوێ کە پایەی لە سنورەکاندا هەیە و دوژمنایەتیە کۆنەکان تێدەپەڕێنێت.

**لەنێو ئەم بارودۆخە شڵەژاوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، شتێکی دیکە لە کوردستانی عێراقدا روودەدات. ئەم ناوچە نیمچە سەربەخۆیە گەشەکردنی نوێی بەدەست هێناوە، کە بۆی هەیە شوێنەکانی دیکە و بگرە وڵاتانی دیکەی ناوچەکەش هەوڵی لاساییکردنەوەی بدەن**





**د.ڕۆژ نووری شاوەیس**

**ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:**

# زۆر لایەن داوا دەکەن سەرۆک بارزانی ببێت بە سەرۆک کۆماری عێراق، بەڵام پێویستە دەسەڵاتی سەرۆک کۆمار وەک ئێستا نەبێت و هاوسەنگ بێت لەگەڵ سەرۆک وەزیراندا

# بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا نەوتی خۆمان دەفرۆشین و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم دابین دەکەین

**پێش دەستپێکردنی پرۆسەی دەنگدان لە عێراق و کوردستان، پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامداو دەستەی سەرۆکایەتی هەڵبژارد و رۆژێکیشی دیاری کرد بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی دووەم ئەنجامبدرێت و بەفەرمی سەرۆك وەزیران بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم دیاری بکات، هاوکات دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا نەوتی هەرێمی کوردستان راستەوخۆ بفرۆشرێت بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ بەغدا، لەنێو ئەم بارودۆخە چاوەڕێین بە فەرمی ئاکامەکانی هەڵبژاردن رابگەیەنرێت، بۆ ئەوەی پرۆسەی دانوستاندن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراق دەست پێبکەین و حکومەتی ئایندەی عێراق پێکبهێنرێت، بەڵام ئەم پرۆسەیە ئاسان نییە و وەك پێشبینی دەکرێت نزیکەی ١٠-١٢ مانگ دەخایەنێت، هەروەها پێشبینی ئەوەش دەکرێت کە لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی عێراقدا سیناریۆی جۆراوجۆر بێنە ئاراوە، ئەوەی تایبەتە بە لایەنی کوردستانی ئەوەیە ئەگەر نەتوانرا لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا کێشەکان رێککەوتنیان لەسەر بکرێت، ئایا سیناریۆی کورد بۆ ئایندە چۆن دەبێت؟ بۆ قسەکردن لەسەر ئەم رەوشە، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی شاندی دانوستانکاری پارتی بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم و جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق سازکرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

**گوڵان:** پاش راگەیاندنی فەرمی ئاکامەکانی هەڵبژاردن، لایەنەکان دەکەونە مشتومڕ بۆ هاوپەیمانی کردن بۆ پێکهێنانی کابینیەکی نوێ لە عێراقدا، سەبارەت بە لایەنی کوردستانی دیارە پێش هەمووشت یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی زۆر گرنگە، بنەمای ئەم یەکڕیزییەش لە پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەست پێدەکات، بۆیە پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا پێش ئەوەی بچنە بەغدا چ ئامادەباشییەکتان بۆ رێکخستنەوەی نێو ماڵی کورد کردووە؟

**د.رۆژ نووری شاوەیس:** جارێ پێش هەموو شتێك پیرۆزبایی لە گۆڤاری گوڵان دەکەم بەبۆنەی یادی دامەزراندنیەوە، هیوادارم لە کارەکانتاندا پێشکەوتووتربن و ئاوێنەیەکی راستیی رۆژنامەوانی کوردستانیی بن.
سەبارەت بە پرسیارەکەشتان، سەرەتا حەزدەکەم باسی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بکەم، بۆ ئەمەش دیارە هەموو کەسێك دەزانێت گرفتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا چین، لەبەر ئەوەی تا ئێستاش کورد باوەڕی بە دەستوور و رێککەوتننامەکان هەیە، کاتێك کورد دانوستاندن دەکات بۆ ئەوەی نییە دەسەڵات لە بەغدا وەربگرێت، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە عێراقێکی فیدراڵی دیموکراتی فرەحزبی دروست بکات، تا کوردیش لە سایەی سیستمێکی وەهاوە بحەسێتەوەو بگات بە مافە رەواکانی خۆی، بەڵام ئەوەی تا ئێستا رەچاو کراپێت، ئەوەیە کە لایەنە عێراقیەکانی تر لە کۆششی ئەوەدان کە هێزی سەربازی و پارەو دەسەڵات لە هەموو روویەکەوە تەنیا بە دەستی خۆیانەوە بێت، هاوکات نە پابەندی دەستوورن بەو شێوەیەی کە چاوەڕوان دەکرا، نە پابەندن بەو رێککەوتننامانەی کە لەگەڵ ئێمەو لایەنەکانی تردا واژۆیان کردون، ئەم جۆرە سیاسەت و رەفتارە ئاماژەیەکی سامناکە بۆ ئاییندەو سیاسەتێکی نادیاریشە، هەربۆیە لە بارودۆخێکی وەهادا پێویستە کەڵك لەو ئەزموونانە وەربگرین تا لە داهاتوودا رێگە نەدەین سیناریۆی وامان لەگەڵ دووپات بکەنەوە، پێویستە سیناریۆیەکی تازە هەڵبژێرین و بەدوای شتی تازەوە بین و یەکەم مەرجی ئەوەشمان یەکێتی ریزەکانی ناو ماڵی کورد بێت، بەڵام لەوەشدا بەداخەوە کە ئێستا دەبینین سەرەڕای هەموو تەقەلایەك کە پارتی دیموکراتی کوردستان دەیدات، سەرەڕای هەموو ئەو مروونەتەی جەنابی سەرۆك بارزانی بەرانبەر حزبەکانی تر پیشانی دەدات، سەرەڕای هەموو ئەمانەش کە تەماشا دەکەین هەندێ لایەن و هێزی کوردستانیی جێگای داخە زۆر تەسکبینانەو بە چاوی بەرژەوەندی

**سەرەڕای هەموو ئەو مروونەتەی جەنابی سەرۆک بارزانی بەرانبەر حزبەکانی تر پیشانی دەدات، کەچی هەندێ لایەن و هێزی کوردستانیی بە چاوی بەرژەوەندی تەسکی حزبیانەوە رەفتار دەکەن**

**پارتی ڕەچاوی ئەنجامی هەڵبژاردن و پێگەو ئەمری واقیعی ئەمڕۆشی کردووە بەوەی سەرچاوەی هێزی بەرامبەری چیە و لەکوێدایە، سەرباری ئەمانەش نەرمی نواندووە بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان لەکابینەی هەشتەم بەشداری بکەن**

**لە هەڵبژاردنی پێشووی عێراقدا، پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر لە ٣٠کورسی هەبووە، وەک ئاکامە سەرەتاییەکانیش دەریدەخەن ئەمجارەش هەمان ڕێژە دێنێتەوە، ئەمەش واتە یان کورسیەک زیاتر یان کورسیەک کەمتر دەبێت**

تەسکی حزبیانەوە ڕەفتار دەکەن، ڕەچاوی بەرژەوەندی گشتی ناکەن، ئینجا ئامادەکاری بۆ ئەو دۆخە تازەیەی دێتە پێشەوە بەردەوامە، پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵی خۆی ئەدا، وەك پارتییەك دەیڵێم هیوادارم لەو هەوڵەدا سەرکەوتوو بین، پێش ئەوەی کاتەکە تێپەڕێت.

**گوڵان:** بەڕێزتان وەك ئەندامی شاندی دانوستانکار بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم، ئاگاداری دانیشتنەکانی ئامادەکاری کابینەی هەشتەمن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی تردا، دیارە پارتی و گۆڕان و هەروەها پارتی و کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتوو و گۆڕان ڕێککەوتننامەیان واژۆ کردووە، ئەوەی کێشەی هەبێت لایەنی یەکێتی نیشتمانیە، ئایا ئێوە وەك پارتی هەر پابەندی ڕێککەوتنی ستراتیژی دەبن، یان ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەکەنە پێوەر؟

**د.ڕۆژ نووری شاوەیس:** کاتێك قسە لەسەر پێکهێنانی حکومەت دەکەین، دوو پێوەر لەبەردەماندایە، یەکەمیان ئەمە ئەمری واقیعە، دووەمیشیان پێوەری دیموکراتیەت و هەڵبژاردنە، لە چوارچێوەی ئەم دوو پێوەرە کاتێك هەر حزبێکی سیاسی دەچێتە ناو پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان، وەك حزبێکی دیموکراتی کە بڕوای بە دیموکراتیەت هەیە دەچێتە ناو پرۆسەکە، ئەوجا مادام حزبە کوردستانیەکان هەموویان تێکڕا بانگێشەی ئەوە دەکەن بڕوایان بە دیموکراتی هەیە، ئەوا دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان قەوارە و پێگەیان لە پرۆسە سیاسییەکە دیاری دەکات، هەر لەبەر ڕۆشنایی ئاکامەکانی هەڵبژاردنیش حزبەکان بەشداری حکومەت دەکەن یان بەشداری ناکەن و لە ئۆپۆزسیۆن دەمێننەوە، ئەگەر ئەمە نەکرا ئەوا دەبێت پەنا بۆ ڕێگەیەکی دیکە بەرین کە ئەویش ڕێگەیەکی مامناوەندییە لە نێوان ئەمری واقیع و ئاکامی هەڵبژاردنەکان، ئەمەش واتە هەم دەبێت ئەمری واقیع لەبەرچاو بگیرێت و هەمیش ئاکامەکانی هەڵبژاردن، بۆ ئێستای کوردستان من پێموایە ئەگەر نەریتی دیموکراتی لەنێوماندا توندوتۆڵ بوایە، ئەوا تەنیا ئاکامەکانی هەڵبژاردن بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ بەس بوو، ئەمەش واتە بەپێی ئاکامەکانی هەڵبژاردن ژمارەیەك حزب حکومەتیان پێکدەهێنا و ژمارەیەك حزبیش دەبوونە ئۆپۆزسیۆن و هەر چوار ساڵ جارێکیش ئەم پرۆسەیە گۆڕانکاری بەسەردا دەهات و دەستا و دەستی دەسەڵات دەکرا، بەڵام ئەوەی دەرکەوتووە ئەوەیە هێشتا لەکۆمەڵگەی ئێمە بەو شێوەیە نییە، بەراشکاوی دەیبینین هەندێ لایەن داوا دەکەن زیاد لە مافی دیموکراتی خۆیان پێ بدرێت، مەبەستیان لەمە ئەوەیە کە وا پیشانبدرێن لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بە هێزترن، ئەو ئەنجامی هەڵبژاردنەش ئاوێنەی ڕاستەقینەی پێگەیان نییە، بەڵام ئەمە لە هەموو سیستمێکی دیموکراتی دنیا چەسپاوەو ئەوەی سیاسەت دەکات پێویستە بنەماکانی بزانێت، بۆیە ئەمە ڕای من و ڕای پارتی دیموکراتی کوردستانیشە کە هەوڵ بدەین لە نێوان ئەوەی بنەماکانی دیموکراتیەمان لە دەست دەرنەچێت، کە ئەنجامی هەڵبژاردن و دەسەڵات گۆڕینەوەیە بە شێوازێکی ئاشتیخوازانە، هەروەها ڕەچاوی ئەمری واقیعیش بکەین، بۆیە لە دۆخێکی وا هەستەوەردا پارتی ڕەچاوی ئەنجامی هەڵبژاردنەکەو ڕەچاوی پێگەکەش دەکات، هەروەها ڕەچاوی ئەمری واقیعیش دەکات کێ سەرچاوەکانی هێزی چییەو هێزی لە کوێدایە، ئەمانە هەمووی دەخاتە حیساباتەوەو بەرانبەر بەو حیساباتانە مروونەت پیشان دەدات بۆ دروستکردنی کابینەی هەشتەم، بەڵام ئەمە لەسەر حیسابی پارتی دەبێت، چونکە پارتی حزبی براوەی یەکەمە، لە هەڵبژاردندا زۆرترین ژمارە دەنگی بەدەست هێناوە، بەرپرسیارێتی پارتییە ئەو حکومەتە دروست بکات، بەڵام ئەگەر بێینە سەر ڕاستی بەرپرسیارێتی هەموو لایەکە ئەو حکومەتە پێکبهێنن، بەرپرسیارێتی هەموو لایەکە ماڵی کورد ڕێکبخەن و بەرپرسیارێتی هەموو لایەکە کە لە ئێستاوە حکومەتیان هەبێت پێش ڕاگەیاندنی فەرمی ئاکامەکانی هەڵبژاردن، تا خۆیان بۆ ئەو ڕووداوانە ئامادەبکەن کە سبەینێ لە بەغدا ڕوو دەدەن، چونکە دۆخی بەغدا مەعلوم نییە. بەپێی دەرئەنجامەکان هەموو هەلومەرجەکان دەگۆڕدرێن، لەوانەیە بۆ دۆخێکی زۆر خراپ دابەزێت، ڕەنگیشە بەرەو دۆخێکی زۆر باش سەربکەوێت، لەوانەیە هەلێکی وا بڕەخسێت کە تا ئێستا بۆ کورد هەلی وا نەڕەخسابێت، پێویستە کورد بۆ هەموو ئەمانە ئامادە بێت لەبەرئەوەیە پارتی نەرمی دەنوێنێت و ئامادەشە لە بەش و لە حەقی خۆی و لە زۆر شتی خۆی تەنازوول بکات و خۆی بکاتە قوربانی تا ئەو لایەنانە هەموویان پێکەوە کۆبکاتەوە، بەڵام پێویستە لایەنەکانی تریش ڕەچاوی ئەم بارودۆخەو ئەم سیاسەتە نەرمەی پارتی بکەن، ڕەچاوی ئەمە بکەن کە ئەوەی پارتی دەیکات سیاسەتێکی نیشتمانیەو بەرژەوەندی گشتی سەرجەم گەلی کوردی تێدا ڕەچاو کراوە، پارتی دیموکراتی کوردستان زۆربەی زۆری بەرژەوەندییە حزبیەکانی خۆی خستوونەتە ئەولاوە.

**گوڵان:** لایەنی کوردستانی هەرگیز کێشەی شەخسی لەگەڵ هیچ کەس و لایەنێکدا لە عێراقدا نەبووە، بەڵکو

بەرگری لە مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان کردووە، بێگومان وەك ئاکامە بەراییەکان دەریانخستووە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەمجارەش ڕێژەی کورسییەکانی لە پەرلەمانی عێراق لە هەموو لایەنە کوردستانییەکان زیاتر دەبێت، ئایا چۆن خۆتان بۆ ئەم ئەرکە نیشتمانیە ئامادەکردووە تا کۆدەنگی خەڵکی کوردستانی دروست بکەن؟

**د.ڕۆژ نووری شاوەیس:** لە هەڵبژاردنی پێشووی عێراقدا، پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر لە ٣٠کورسی هەبووە، وەك ئاکامە سەرەتاییەکانیش دەریدەخەن ئەمجارەش ئەگەر زیاتر نەبێت کەمتر نییە، ئەمەش واتە یان کورسیەك زیاتر یان کورسیەك کەمتر دەبێت، ئەم ژمارە زۆرەش وای نەکردبوو کە پارتی زۆر خۆی بە گەورە زانیبێت یان لە خۆی بایی بووبێت، یان ڕەچاوی حزبەکانی تری نەکردبێت، بەڵکو هەمیشە ڕەچاوی هەموو لایەن و حزبەکانی تریشی کردووە، لەلایەکی دیکەش ڕاستە کورد کێشەی لەگەڵ تاقە کەسێکدا نییە، داخوازییەکانی کورد نەتەوەیی و نیشتمانی و دیموکراتیە، جگە لەوەی خەباتی بۆ هێنانی سیستمێکی فیدرالیی بووە کە هەموو عیراق لێی سوودمەند دەبن، بۆیە کورد هەوڵی ئەوە نادات کە لە بەغدا دەسەڵات وەربگرێت، بەڵام هەوڵ دەدات سیستمەکە بە ئاڕاستەی دەستووردا ببات، تا ئەو سیستمە وای لێبێت لەگەڵ دەستووردا بگونجێت، بەڵام لایەنەکانی تر هەموو هەوڵیان بەدەستهێنانی دەسەڵاتەو بەس، ئەوە یەکێکە لەو گرێیانەی کە عێراقی پێ کەوتۆتە تەهلوکەوە، ململانێی نێوان کوردو ئەو لایەنانە لێرەدا ئەوەیە، بۆیە پێویستە وەك باسم کرد کورد لە ماڵی خۆیدا یەك بێت دواتر لە حاڵەتێکدا ئەگەر کێشەشی هەبێت بەرەی خەبات لە بەغدا ئاشکرایە کە بە گشتی چیمان دەوێت، ئەگەر سەیری دروشمەکانی هەموو حزبەکان بکەیت، لایەن هەیە داوای جێبەجێکردنی دەستوور و فیدرالیەتیش دەکات، یەکێکی تر دەڵێت مافەکان کەمەو داخوازییە ڕەواکانمان جێبەجێ ناکات با کۆنفیدرالیەت بێت، هەر بۆیە بە گشتی هەموو یەك شت دەڵێینەوە، هەمووان پێکەوە داوای کەرکوك و مافی پێشمەرگەو سنووری ڕاستەقینەی کوردستان دەکەین، هەمووان داوا دەکەن کورد بودجەی دەستەبەرکراوی خۆی بۆ دابین بکرێت و گەمەی پێ نەکرێت بە میزاجی تەنیا کەس و لایەنێك تەرخان نەکرێت، ئەم شتانە هەمووی لەلایەن کوردەوە بە گشتی کۆدەنگی هەیە لەسەری، بۆیە کارکردنیان لە بەغدا ڕاڤەکردنی زۆر هەڵناگرێت کە چیمان دەوێت و چیمان ناوێت، بەڵام بۆ جێبەجێکردنی ئەو شتانەی کە دەتەوێت کاراترو کاریگەرتر بیت، پێویستە حزبەکانی کوردستان بەپێی بنەما دیموکراتیەکان کار بکەن و تەبا بن لەگەڵ یەکتریدا، کێبڕکێ قبوڵە، بەڵام وەك دۆستی یەکتر نەك وەك دوژمن لە یەکتر بڕوانن.

**گوڵان:** لە ئێستادا باسی حکومەتی زۆرینە دەکرێت، بەڵام زەحمەتە لەم بارودۆخە حکومەتی زۆرینە چارەسەری کێشەکانی عێراق بکات، سەبارەت بە هاوپەیمانی گرێدانیش، ئەو ماوەیە دەرکەوت ئەزموونێکی باشمان لەگەڵ هاوپەیمانی شیعە نەبووە، ئایا بۆ داهاتوو چۆن سەیری هاوپەیمانی کورد لەگە پێکهاتەکانی دیکەی عێراق دەکەن؟

**د.ڕۆژ نووری شاوەیس:** کورد وەك پارتە کوردستانیەکانیان بە گشتی لە پێش ٢٠٠٣وە بە گشتی لەو بڕوایەدا بوون کە عێراق مومکین نییە لەلایەن یەك پێکهاتەوە حوکم بکرێت، حوکمی عێراق لەلایەن یەك پێکهاتەوە، واتە دیکتاتۆریەت تەنانەت حوکمی عێراق لە لایەن دوو پێکهاتەشەوە واتە زوڵم کردن لە پێکهاتەی سێیەم، ئەمە حەقیقەتێکی چەسپاوە لە سیاسەتی کوردیداو دیاریشە، بۆیە کورد لە هەوڵی دامەزراندنی حکومەتێك یان سیستمێکدایە لە عیراقدا کە پابەندی دیموکراسی بێت و هاوکات فیدراڵی یان کۆنفیدراڵی بێت، پێویستە نوێنەری هەرسێ پێکهاتەکانی تێدا بێت، ئەوەی تا ئێستا بینیومانە لایەنە شیعەکان پێش هەڵبژاردنەکان چەندین فراکسیۆن بوون و لە پاش هەڵبژاردنەکان بوونەتەوە بە یەك فراکسیۆن، بەمەش بوونەتە زۆرینەو حکومەت لەلایەن ئەوانەوە دروست کراوە، بەپێچەوانەی لایەنە شیعیەکان، لایەنە سوننیەکان پێش هەڵبژاردن هاوپەیمانیان هەبوو لە چوارچێوەی لیستی ئەلعیراقیە، دوای هەڵبژاردن پەرت بوون، بۆیە ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی لایەنی شیعە دەرفەتی ئەوەیان بۆ بڕەخسێت و وردە وردە دەست بەسەر هەموو دەزگاکاندا بگرن، ئەگەر ئەم سیناریۆیە دووبارە لەلایەن پێکهاتەی شیعەوە دووبارە بکرێتەوە، ئەوە واتە دیکتاتۆریەت، ئەوەی بۆ ئێمە جێگەی خۆشحاڵیە ئەوەیە کە لایەنە کوردستانیەکان تا ئێستا یەکگرتوویيان پێوە دیارە، لە هەندێ هەڵوێستی سیاسیدا نەبێت ئەگینا کورد لە داواکارییەکانیدا لە بەغدا یەك دەنگ بووە، هەندێ مەسەلەی لێ دەربچێت کە کورد تێیدا هاودەنگ نەبووە و زیانی بە خۆی گەیاندووە.

**گوڵان:** وەك کام مەسەلانە ئەگەر وەك نموونە ئاماژەیان پێبکەیت؟

**لەو پرسانەی کورد یەکدەنگ بووە کوردستان سەرکەوتوو بووە، بەڵام لەو پرسانەی وەک کێشانەوەی متمانە لە مالیکی، یەک هەڵوێست نەبووین و زیانێکی گەورەمان تێدا کردووە، بۆیە نابێت ئەم ئاڕاستەیە دووبارە بێتەوە**

**ئەگەر نەمانتوانی بارودۆخی پرۆسەی سیاسیی عێراق بخەینەوە سەر سکەی خۆی و ڕەفتار و سیاسەتەکان هەمان شت بن بەرانبەر بەکورد و پێکهاتەکانی تری عێراق، ئەوکاتە ئێمەی کورد مافی ئەوەمان هەیە بیر لە ڕێگەو چارەسەری تر بکەینەوە، تەنانەت پێویستە جارێکی تر بیر لە هاوپەیمانێتیەکانیشمان بکەینەوە**

**دوای ڕاگەیاندنی ئاکامە فەرمییەکانی هەڵبژاردنیش مەرجەعیەتی شیعە ڕۆڵ و کاریگەری خۆی دەمێنێت، چونکە ئەوەی کە دەبێتە سەرۆک وەزیران پێویستە ڕای مەرجەعیەتی لەسەر درابێت**

**پێشبینی دەکرێت لەمەودواش مالیکی مووچە و بودجەی کوردستان نەنێریت، بۆیە کوردستان دوو ڕێگە چارەی لەبەردەمە و دەبێت هەردووکیان بگرێتە بەر، یەکەمیان فرۆشتنی نەوتی خۆی بێ گەڕانەوە بۆ بەغدا، دووەم قەرزکردنە لە دۆستەکانی، بۆ ئەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان دابین بکات**

**د.ڕۆژ نووری شاوەیس:** وەك مەسەلەی کێشانەوەی متمانە لە مالیکی، لەمەیاندا کورد یەك هەڵوێست نەبوون و زیانێکی گەورەشمان تێدا کرد، ئەم ئاراستەیە نابێت لەناو کوردا دروست بێتەوەو گرنگ ئەوەیە هەر حکومەتێك دروست بێت کوردو سوننەو شیعەی تێدا بێت تا ببێتە ئاوێنەی راستەقینە بۆ بەشداری راستەقینەی هەموو پێکهاتەی عێراقیەکان. بۆ پێکهێنانی ئەم کابینەیەش سیناریۆکان زۆرن، ئاراستەی ئەم سیناریۆیانەش دوای راگەیاندنی ئاکامی فەرمی ئەم هەڵبژاردنانە دەردەکەون، هەر بۆ نموونە یەکێك لە سیناریۆکان ئەوەیە دەوڵەتی یاسا بیباتەوە، جەمسەرەکانی تر لاواز بن، یان جەمسەرەکانی تر بیبەنەوەو دەوڵەتی یاسا لاواز بێت ئەمەشیان حیسابێکی ترە، ئەمانە هەمووی ئەگەرن، ئەگەری تر ئەوەیە ماڵی شیعە یەکگرتوو بێت، یان یەکگرتوو نەبێت ئەمەش ئەگەرن و پێویستە پێشبینیت هەبێت و حساباتی خۆتی بۆ ئامادە بکەیت، لە راستیدا ئەوانیش بە پێچەوانەی جارەکانی ترەوە لەناو خۆیاندا جیاوازی و ناکۆکیەکانیان زۆرن، لەو بڕوایەدام پاش راگەیاندنی فەرمی ئاکامی هەڵبژاردن ناکۆکیەکانیان بەرینتر دەبێت و پێویستە ئەوەش رەچاو بکەین، بۆیە ئەگەر کورد یەکگرتوو بێت ئەو کاتە دەنگی کورد بەرزتر دەبێت، یەکدەنگتر دەبن و خەڵك زیاتر گوێبیستی دەبن و گوێی بۆ رادەدێرن.

**گوڵان:** ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەینەوە ئەمجارەش نووری مالیکی و دەوڵەتی یاسا زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێننەوەو لەسەر هەمان هەڵوێستەکانی پێشوویان بەردەوام بوونەوە بەرانبەر هەرێمی کوردستان، ئایا بە راشکاوی هەڵوێستی کوردستان چی دەبێت؟

**د.ڕۆژ نووری شاوەیس:** دەبێت کورد رێگاچارەی تر بۆ خۆی بدۆزێتەوە، بۆیە هەمیشە وتوومە ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە بۆ عیراق و کوردستانیش چارەنووسسازە، بۆیە ئەگەر بتوانین بارەکە راست بکەینەوەو بیهێنینەوە سەر سکەی خۆی، هیوای ئەوەمان هەر دەمێنێت عیراقێکی فیدراڵی دیموکراتی دروست بکەین، ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بەو شێوەیە بوو کە ئێمە پێشبینی ئەوە بکەین کە نەتوانین بیخەینەوە سەر سکەو رەفتار و سیاسەتەکان هەمان شت بن بەرانبەر بەکوردو پێکهاتەکانی تری عێراق، ئەوکاتە ئێمەی کورد مافی ئەوەمان هەیە بیر لە رێگەو چارەسەری تر بکەینەوە، تەنانەت پێویستە جارێکی تر بیر لە هاوپەیمانێتیەکانیشمان بکەینەوە.

**گوڵان:** هەندێك لە چاودێران وای دەبینن پاش هەڵبژاردن ئیتر لایەنی ئەمەریکی بە قورسایی خۆیەوە دێتە ناو پرۆسەکەوە، تا چەند مەزندەی ئەوە دەکرێت لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا بکەوینە ژێر گوشاری ئەمریکاوە ئایا بۆ ئەو حاڵەتە بەرنامەتان هەیە تا گوشارەکانی ئەمریکا خاو بکەنەوە؟

**د.ڕۆژ نووری شاوەیس:** ئەو حکومەتانەی کە دروست بوون هەموویان مۆرکی ئەمریکاو وڵاتانێکی تریان پێوەیە، لەوبڕوایەدا نیم ئەمجارەش پێکهێنانی حکومەت بەبێ ئەو هەوڵانە بێت کە ئەمریکاو دەوڵەتانی تر دەیانکردو بیکەنەوە جارێکی تر، سەبارەت بە کورد لە یەکەم رۆژەوە هەڵوێستی خۆی دیار و ئاشکرا کردووە بۆ هەموو لایەنەکان سەبارەت بە سەرۆکایەتی کۆمارەوە، سوورە لەسەر ئەو پۆستەو لە حەقیقەتدا پشتگیری گەورە هەیە بۆ ئەو پۆستەو نایشارمەوە کە ئەگەری ئەوە هەیە جەنابی کاك مسعود بارزانی ببێت بەسەرۆك کۆمار و لە زۆر لایشەوە باسی ئەوە کراوە کە بە بژاردەیەکی میسالی دادەنرێت بۆ هەموو کێشەکانی عێراق مەسەلەی سەرۆك کۆمار لێرەدا جگە لەو دەسەڵاتانەی کە هەیەتی و زۆر نین پێویستە هاوسەنگیەك هەبێت لە نێوان سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیراندا، بەجۆرێك یەك ئەوی تر لە دەسەڵاتدا پڕبکاتەوە نەك یەکێکیان دەسەڵاتی زۆر بێت و ئەوی تریان دەسەڵاتی کەم بێت، سەبارەت بە کوردیش، دیارە پۆستی سەرۆك کۆمار رەمزییەتێکی تایبەتی هەیە، لەوەدا کە عێراق لە دوو پێکهاتەی سەرەکی پێکهاتووە، کە کوردو عەرەبە، ئینجا عەرەب لەناو خۆیدا دابەش بووە بۆ سوننەو شیعە ئەوە شتێکی ترە، لەبەر ئەوە دوو پێگە گەورەکەی عێراق هەیەتی پێویستە یەکێکیان کورد بێت و ئەویتریان عەرەب، ئەوەش رەنگدانەوەی ئەو واقیعەیە کە عێراق لە دوو نەتەوەی جیاواز پێکدێت، بۆیە هەمیشە سوور بووین لەسەر پۆستی سەرۆك کۆمار، لەو بڕوایەشدام هەموو لایەنە سەرەکیەکانی تر بەوە قایل بوون کە ئەو پۆستە بدرێتە کورد.

**گوڵان:** لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و بۆ پێکهاتەی شیعە هاتنەناوەی مەرجەعیەتی شیعە گرنگی خۆی هەیە، هەندێك پێشبینی ئەوە دەکەن، ئەمجارە مەرجەعیەتی شیعە بێتەوە ناو پرۆسەکە، ئایا تا چەند هاتنە ناوەوەی مەرجەعیەتی شیعە پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو ئاسان دەکات؟

**د.ڕۆژ نووری شاوەیس:** هاتنە ناوەوەی مەرجەعیاتی گەورەی شیعی بۆ داهاتوو کاریگەری خۆی دەبێت،



بەڵام ئەوە پێش هەڵبژاردن کاریگەری هەیە، لەو بڕوایەدا نیم مەرجەعیات راستەوخۆ بێن و بڵێن فلان کەسمان دەوێت و فلانمان ناوێت، رەنگە مەرجەعیەتێکی گەورەی وەك سیستانی کە تەجرەبە دیدەیەو زانیارییەکی زۆری هەیە، بەپێی تەقالیدو بە سیستمێك کار دەکات هەموو ئامانجیان ئەوەیە پێکهاتەکەیان بە ئاشتیانەو بە سەلامەتی بژین تا کێشەو شکستیان تووش نەیەت لە باشترین حاڵەتدا رەنگە بێتە پێشەوەو بڵێت ئەوەی دەنگی پێ دەدەن پێویستە کەسایەتیەك بێت بەم خەسڵەتانە بێئەوەی ناوی کەس بهێنێت، رەنگە مەرج دابنێت بۆ ئەو کەسەی دەنگی پێ دەدرێت، بەڵام بە راشکاوی تا ئێستا شتی وا نەکراوە، لەملاو لەولا قسە هەیە کە گوایە مەرجەعیەت مەرجی خستبێتە روو یان تا چ رادەیەك وایە تا ئێستا من ناتوانم بڵێم سەد دەرسەد بەو شکڵە شتێکی درکاندبێت. بێگومان دوای راگەیاندنی ئاکامە فەرمیەکانی هەڵبژاردنیش مەرجەعیەتی شیعە رۆڵ و کاریگەری خۆی دەمێنێت چونکە ئەوەی کە دەبێتە سەرۆك وەزیران پێویستە رای مەرجەعیەتی لەسەر درابێت، جارانیش وا بووە.

**گوڵان:** لە جاری پێشوودا پێکهێنانی حکومەت نزیکەی ١٠ مانگی خایاند، لە ئێستاوە پێشبینی ئەوە دەکرێت ئەمجارە پێکهاتنەکە قورستر بێت و ماوەی زیاتری پێدەچێت، ئەگەر پێکهێنانی حکومەت وەك جاری پێشوو دواکەوت و حکومەتی کاربەڕێکاری مالیکی بەردەوام بوو لەسەر بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و بڕینی بەشە بودجە، ئایا بۆ ئەم ماوەیە بڕیاری ئێوە چییەو چۆن پێداویستی هاووڵاتیان و مووچەکانیان و پڕۆژەکان بەڕێوە دەبەن، چۆن پارە دابین دەکەن بۆ کوردستان؟

**د.رۆژ نووری شاوەیس:** ئەو وەختە دوو رێگە لەبەردەمی کوردستان هەیەو دەشتوانێت هەردووکیان پێکەوە جێبەجێ بکات، دیارە ئەگەر مالیکی پێش هەڵبژاردن مووچە و بودجەی بڕیبێت، ئەوا چاوەڕێی ئەوەش دەکرێت دوای هەڵبژاردنەکانیش لەسەری بەردەوام بێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا کورد دەبێت پەنا بۆ هەردوو ئەو رێگە چارەیە ببات کە لەبەردەمیدایە، یەکەمیان فرۆشتنی نەوتە بێ گەڕانەوە بۆ بەغدا، بۆ ئەوەی بەو پارەیە بتوانێت مووچەی ئەو خەڵکە بدات، ئەوکاتە کەسیش گلەیی لێ ناکات، چونکە زەڕوڕەتێك دروست بووە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی مووچەی خەڵکەکەی خۆی دابین بکات، رێگای دووەم ئەوەیە بچێت داوای قەرز لە هەندێ دەوڵەت بکات کە بە دۆستیان دەزانین یان لە هەندێ بانك کە بەرژەوەندییان هەیە لەم وڵاتەدا، یان قەرز لەو کۆمپانیانە وەربگیرێت کە لە کوردستان کار دەکەن بەتایبەتی کۆمپانیاکانی نەوت، چونکە ئەوانە کۆمپانیای گەورەن، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەوەی بە هیوای ئەوەی بە پێکهێنانی حکومەتێکی تازە بتوانێت قەرزەکانیان بداتەوە، بۆیە ئەو دوو رێگەیە هەیە یان قەرز یان نەوت فرۆشتن بە راستەوخۆ یان هەردووکیان، تەسەوڕ ناکەم رێگاکان داخرابن لەبەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

**لە پێکهێنانی کابینەی هەشتەمدا هەندێ لایەن داوا دەکەن زیاد لە مافی دیموکراتی خۆیان پێ بدرێت، مەبەستیانە وا پیشانبدرێن لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بە هێزترن، ئەو ئەنجامی هەڵبژاردنەش ئاوێنەی راستەقینەی پێگەی ئەو نییە**

# هیچ لەمپەرێک لەبەردەم کورددا ماوە بۆ بڕیاردانی مافی چارەنووس؟



کازم حەبیب

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەگەر سەیری هەڵوێست و تێڕوانینی حزب و هێزە سیاسییەکانی عیراق بکەین سەبارەت بە مافە بنەڕەتییەکانی گەلی کورد، جیاوازییەکی زۆری تێدا بەدی دەکەین. هەندێك لەو حزبانە پێیانوایە هەر مافێك کە گەلی کورد وەری گرتبێت یان بە خەباتی سەرسەختی خۆی بەدەستی هێنابێت، ئەوا منەتێکە یان خێرێکە کە حکومەتی فیدرال یان پێشتریش حکومەتی ناوەندیی عێراق بەکوردی دابێت، هەندێکی دیکەش لەو حزب و هێزانە بە ئۆتۆنۆمی رازی بوون لەژێر کاریگەریی چەند فاکتەرێکی فشارئامێز یان هەڕەشەدار کە دەبووە هۆی رووخان یان لەناوچوون، بەڵام زۆری نەخایاند، ناوەڕۆکی بنەڕەتیی ئۆتۆنۆمییەکەی بەلایەکی دیکەدا برد کاتێ کە ئامادەباشیی سەربازیی ئەنجامداو دواجار لە ١٩٧٤-١٩٧٥ شەڕی بەسەر گەلی کورددا سەپاند، دواتریش تاڵاوی جینۆسایدی ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨مان چەشت کە بەهۆیەوە ١٨٢٠٠٠ مرۆڤی کورد بوونە قوربانی ئەو تاوانە، هەندێکی دیکەش لەو هێز و حزبە سیاسییانە دانیان بە ئەمری واقیعدا نا، کاتێ کورد لە ١٩٩١ - ١٩٩٢و لەسەردەمی حوکمی بەعس فیدرالییەتی کوردستانیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق راگەیاند، ئەو فیدرالییەتەی لەڕێی پەرلەمانی کوردستانەوە لە دەستووری هەرێمی کوردستان چەسپا، دواتریش لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق بڕیار لەسەر ئەم فیدرالییەتە درا، بەڵام ئەو هێزو حزبانەی کە پێشتر باوەڕیان بە ئەمری واقیع هێنابوو، دەبینین دوای رووخانی دکتاتۆریەتی بەعس لە ٢٠٠٣ ئیدی بڕوایان بە مافی گەلی کورد نەما لە دیاریکردنی مافی چارەنووس، بەڵکو ئەم مافەیان بە بەرزترین ئاست لەقەڵەم دا کە نابێ گەلی کورد لەمە زیاتر داوابکات، بەڵکو بە بڕوای تەواوی خۆیانەوە کار دەکەن و بەپیلانی پێشوەختە بەمەبەستی لاوازکردن بەهەر شێوەیەك بێت بۆ ئەوەی کورد نەگاتە ئەو ئاستە بەرزە، لێرەدا دەمارگیرانی نەتەوەپەرستیی عەرەب و تایفەگەرانی عەرەبی سوننەو شیعە یەکیان گرتەوە تاکو سیاسەتی دژایەتی کردنی کورد پیادە بکەن سەرباری ئەو ناکۆکییانەی کە لەنێوانیاندا هەبوو.

بەڵام هەندێ هێزو حزبی سیاسی هەن هەر لە سەرەتاوە دانیان نابوو بە پرەنسیبی مافی چارەی خۆنووسین لە چوارچێوەی مافی نەتەوەو گەلاندا کە لە عیراق دەژین، دیارە بەپێی هەموو یاسایەکی نێودەوڵەتیش مافی چارەنووسین لەلایەن خودی گەلەوە پیادە دەکرێت کە خۆی داوای پیادەکردنی دەکات و پێویستی بە رەزامەندیی گەلانی دیکە ناکات، لەلایەکی دیکەوە مافی ئۆتۆنۆمی یان فیدرالی یان کۆنفدرالی لە نێو دەوڵەتێکی دیاریکراودا بەو گەلە دەدات یان تەنانەت ئەگەر داوای جیابوونەوە لە دەوڵەتی عێراق بکەن و دەوڵەتێکی سەربەخۆی نیشتمانی بۆخۆیان دابمەزرێنن.

حزبە نەتەوەییە عەرەبییەکان بە هەموو ناوە سیاسییەکانیانەوە (نەتەوەیی، ناسری، بەعسی )هەر لەسەرەتاوە رەتیانکردەوە کە دان بنێن بە ئازادیی پیادەکردنی ئەو مافە، بەڵام هەندێکیان ناچاربوون کەمترین ئاست پەسندبکەن کە بریتی بوو لە خۆبەڕێوەبردن کە عەبدولرەحمان بەزاز لە ساڵی ١٩٦٦و لە سەردەمی حوکمڕانیی عەبدولرەحمان عارف و یەکێتیی عەرەبی سۆشیالیست خستییە روو، یان ئۆتۆنۆمی کە حزبی بەعس و سەدام حوسێن لە رێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا هەوڵی چەسپاندنی دا، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت لەباری برد دواتر بە کردەنی لە شەڕێکدا و لە هەوڵێکی شکستخواردوودا بۆ تیرۆرکردنی مەلا مستەفای بارزانیی سەرکردەی شۆڕش زیاتر هەوڵی دا مەرامی

گڵاوی خۆی بەدی بێنێت، دواتریش لە میانی مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی خیانەتکاریی جەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥دا.

هەموو حزبە سیاسییە ئیسلامییەکان بەبێ جیاوازی، لە روانگەی ئیسلامەوە دان نانێن بە ئازادیی مافی چارەنووسین کە لەگەڵ شارستانیی سەدەی بیست و یەك ناگونجێت، ئەوان پێیانوایە کە هەموو موسڵمانان یەك نەتەوەی ئیسلامی پێکدێنن و لەلایەن والییەك یان خەلیفەیەك یان سوڵتانێك یان هەر ناوێکی دیکەوە حوکمڕانی بکرێت.

حزبی شیوعیی عێراقی و هەندێ هێزو کەسایەتیی چەپی دیکەی عێراق لە رابردوودا تاکە هێزبوون کە هەر لەسەرەتاوە دانیان نا بە مافی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نیشتمانیی سەربەخۆ بۆ کورد، ئەو هێزانە لەئێستاشدا هەر لەسەر ئەم هەڵوێستەن، لەکاتێکدا کە حزبی شیوعیی عێراقی لە ساڵی ١٩٣٥ و لە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (كفاح الشعب)دا داوای سەربەخۆیی کوردستانی کردووە، بەڵام باسی لە دیاریکردنی مافی چارەنووس نەکردووە، مەگەر لە ساڵی ١٩٥٣دا دواتر لە دووەم کۆنفرانسی حزبدا لە ١٩٥٦ بە فراوانی باسی لێوەکردووە، مامۆستا عەزیز شەریف ئەندامی ئەنجومەنی ئاشتیی جیهانی و دۆستی دێرینی کورد لە نامیلکەیەکدا بە ناوی (المسألة الكردية في العراق) کە لە ساڵی ١٩٥٠ بڵاوی کردەوە، بەم شێوەیە دەنووسێت:

((ئازادیی دیاریکردنی چارەنووس، ئازادیی گەل دەگرێتەوە کە ئەو ڕێگەیە هەڵبژێرێت کە خۆی پێی قایلە جا چ جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت یان فیدراڵییەت هەڵبژێرێت، لەبەر ئەوە ئازادیی دیاریکردنی چارەنووس مەرجێکی بنەڕەتییە تاکو فیدراڵییەت ئارەزوومەندانە بێت)). لێرەدا عەزیز شەریف مکوڕە کە سازشکردن لەسەر ئازادیی هەڵبژاردن لە نێوان فیدراڵییەت و سەربەخۆیی ڕەت دەکاتەوە.

ئەمانە هەڵوێستی جیاوازن کە هێز و حزبە سیاسییەکانی غەیرە کورد دەیگرنەبەر، بەڵام حزبە کوردییەکان لە رووی پرەنسیبەوە هەموویان جەخت دەکەنەوە لەوەی کە مافیان هەیە چارەنووسیان دیاربکەن.

گەلی کورد خەباتێکی سەختی بەردەوامی کردووە لەوەتەی لکاندنی ولایەتی موسڵ بە دەوڵەتی پاشانشینی عێراقیەوە لە ساڵی ١٩٢٦ ئەو کاتە هەرێمی باشووری کوردستانیشی پێوە لکێنرا، کە ئەمڕۆ بە هەرێمی کوردستانی عێراق ناودەبرێت، هەروەها چەندین هەرێمی دیکەی کوردستانی هەن بە تورکیاو ئێران و سوریاوە لکێنراون، کە بە هەموویان کوردستانی گەورە پێکدێنن و نەتەوەی کوردیش لەو هەرێمانەدا لەگەڵ نەتەوەگەلی دیکەدا دەژین، مەبەستمان لەو پێشەکییە چڕە بۆ ئەوەیە کە چەند دەرئەنجامێکی بنەڕەتی بخەینەڕوو کە پەیوەستن بە ئازادیی مافی گەلی کورد بە دیاریکردنی چارەنووس کە پێویستە بۆ هەموو لایەك روون و ئاشکرابێت:

١. پرەنسیبی مافی چارەنووسینی هەر میللەتێك مافێکی چەسپاو و ڕەهایە لەگەڵ یاساو ڕێسا نێودەوڵەتییەکان و جاڕنامەی مافی مرۆڤ و نەتەوەکان یەکدەگرێتەوە، ناشکرێ گومانمان لێی هەبێت یان بەهەر بیانوویەك بێت پشتگوێ بخرێت یان لاواز بکرێت کە ئەمە مافی گەلی کوردیش لە عێراق دەگرێتەوە.

٢. پیادەکردنی ئەم مافە بە شێوەیەکی پراکتیکانە دەکەوێتە ژێرباری هەلومەرجی گەلی کوردو ئامادەباشیی پێداویستییەکانی پیادەکردنی هەر شێوەیەك لە شێوەکانی هەر لە فیدراڵییەتی ئارەزوومەندانە تا دەگاتە خۆبەڕێوەبەری و ئۆتۆنۆمی و کۆنفدراڵییەت لە کۆتاییشدا جیابوونەوەی تەواوو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

٣. پیادەکردنی ئەم مافە پێویستی بە وەرگرتنی ڕەزامەندیی نەتەوەکانی دیکە نییە کە لە عیراقدا لەگەڵ گەلی کورد دەژین، بەڵکو ئەوە تەنیا مافی خودی کوردە.

٤. کاتێ سیستەمێکی سیاسی دیموکراسی و ژیان و دامەزراوەگەلی دەستووری و یەکسانیی بەکردەوە و شەراکەتی راستەقینە بۆ گەلانی دانیشتووی عێراق دابین دەکرێت، ئەوکاتە بە واقیعی پراکتیکانە ئارەزووی جیابوونەوە دەرناکەوێت، بەڵام پێچەوانەکەی راستە، کاتێ دیکتاتۆریەت دێتەئاراوەو و یەکسانی و شەراکەتی راستەقینە لە وڵاتدا نامێنێت و دەسەڵات و ئەرکەکان بزر دەبن.

**بەپێی هەموو یاسایەکی نێودەوڵەتیش مافی چارەنووسین لەلایەن خودی گەلەوە پیادەدەکرێت کە خۆی داوای پیادەکردنی دەکات و پێویستی بە ڕەزامەندیی گەلانی دیکە ناکات کە لە عیراقدا لەگەڵی دەژین**

٥. لەو چوارچێوەیەدا سەرکردەکانی کورد پێویستیان بەوە نابێت کە ناوبەناو حەزی جودابوونەوە رابگەیەنن، کاتێ ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان زیاتر ئاڵۆز دەبن، چونکە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی یان دامەزراندنی دەوڵەتێکی نیشتمانیی سەربەخۆ مافێکی چەسپاوە لە مافەکانی گەلی کورد، بەکارهێنانی ئەو مافەش تەنیا بۆخۆی دەگەڕێتەوە نەك بۆ کەس و لایەنی دیکە، بۆیە پێویستە کورد هەلومەرج و پێداویستییەکانی ڕاگەیاندنی ئاشکرا بکات، چونکە دووبارە قسەکردن لەسەر سەربەخۆبوون یان دەوڵەتی نیشتمانیی سەربەخۆ بەبێ پیادەکردنی ئەم مافە بە هۆی نەبوونی پێداویستییەکانی ڕاگەیاندنی، هەستی متمانە لاوازدەکات و گومان دەخاتە سەر پیادەکردنی ئەو مافە.

٦. شتێکی نامۆ نییە کە ناکۆکی لە نێوان هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان سەرهەڵبدات لە بەر نەبوونی یاساگەلێك کە پێوەندییەکانیان ڕێك بخات لەلایەك، هەروەها نەبوونی بێلایەنی و سەربەخۆیی لەنێوان دەسەڵاتی دادوەریی و دەسەڵاتی جێبەجێکاری لە عێراق لەلایەکی دیکەوە، هاوکات لاوازیی توند و دواکەوتنی هزری و سیاسیی زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانی عێراق و دەستەوەستان بوونیان لەهەمبەر پیادەکردنی ئەرکەکانی ئەنجومەنەکە بە هۆی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و تەگەرەخستنە بەر بەدیهێنانی ئەرکەکانی ئەو ئەنجومەنە، پێچەوانەکەشی ڕاستە، دواتر سەرکردەی سیاسی پێویستی بە قسەکردن نییە دەربارەی جیابوونەوە، چونکە دەکرێ گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن ڕووبدات کە چارەسەری ئەم کێشانە بێنێتەئاراوە بە شێوەیەك کە هەردوولا پێی ڕازی بن.

**کورد پێویستیان بەوە نابێت کەناوبەناو حەزی جوودابوونەوە رابگەیەنن، چونکە راگەیاندنی سەربەخۆیی یان دامەزراندنی دەوڵەتێکی نیشتمانیی سەربەخۆ مافێکی چەسپاوە لە مافەکانی گەلی کورد**

٧. دووبارە قسەکردن لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی نیشتمانیی سەربەخۆ دەبێتە مایەی سوودلێوەرگرتنی لەلایەن هەندێ هێزی نێگەتیڤ و خراپەکاری نێو حکومەتی فیدراڵ، کە دەیانەوێت بارگرانیی هەڵەکان بخەنە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە و بەمەش هەستی عەرەب دژی کورد دەورووژێنن، لەکاتێکدا کە سەدام حوسێن نەیتوانی ئەم مەرامە نەگریسە بێنێتەدی بۆ تێکدانی تەبایی نێوان هەردوو گەلی عەرەب و کورد لە عێراقدا، بۆیە زۆرجار سەرۆکی حکومەتی فیدراڵ هەوڵدەدات لایەنی کوردی بورووژێنێت تاکو بە لێدوانەکانی چەند هێزێك دژی کورد تەیار بکات.

٨. دۆستایەتیی راستەقینەو هۆشیارانەی گەلی کورد وا دەخوازێت کە چەند سەرنجێك دەربارەی سیاسەتی هەرێم بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە و ڕوون و ئاشکرا بخرێنە ڕوو، کە من پێموایە، لەم لایەنەوە پێویست بە چاوخشاندنەوە و وردبینی دەکات کە ئەمەش دەرفەت بە دەمارگیرانی عەرەبی نێو حکومەتی فیدراڵ یان هێزی دیکەی نەیاری کورد نادات، کە لە ڕوانگەی نەتەوەپەرستی و تایفییەوە دوژمنایەتیی عەرەب بەرامبەر بەکورد بوروژێنن.

# سەبری پێش هەڵبژاردنەکان و بڕیاری بوێرانەی فرۆشتنی نەوت سنورێک بۆ تاکڕەوی دادەنێت



ماوەی پێنج مانگە بەبڕیاری راستەوخۆی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق و وەزیری دارایی عێراق، بەبێ ئەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ئاگادار کرابێتەوە، مووچەی فەرمانبەران و بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان راگیراوە، هۆکاری پاڵنەر بۆ ئەم بڕیارە تاکڕەویی و دیکتاتۆرییە کە وایکرد سەرۆك وەزیرانی عێراق ئەم هەنگاوە هەڵبگرێت، دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق لەدوای کشانەوەی تەواوی هێزەکانیان لە عێراق، ئەمەش بە پاسا و بیانووی ئەوەی حکومەتی عێراق لەشەڕی دژە تیرۆردایە و بارودۆخەکە وا پێویست دەکات، ئەمریکا چاوپۆشی لەهەندێك رەفتاری تاکڕەوانەی مالیکی بکات، هەر لەم چوارچێوەیەدا نوری مالیکی لە غیابی نفوزی ئەمریکی لە عێراق و بەکارهێنانی کارتی دژە تیرۆر کۆمەڵێك هەنگاوی تاکڕەوانەی زۆر گەورەی بۆ چووە سەر، لەمەش زیاتر هەموو نەیارە سیاسییەکانی بە تۆمەتی کاری تیرۆرستی سەرکوتکرد و لە ئەنجومەنی وەزیرانی دوورخستنەوە، یان وەك ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە جۆرێك دەسەڵاتەکانی پەکخست کە نەدەتوانێت چاودێری کاروبارەکانی ئەنجومەنی وەزیران بکات، تەنانەت نە دەشتوانێت یاسایەك دەربکات، هەروەك چۆن ئەوە لە مانگی ئایاردایین هێشتا پەرلەمانی عێراق نەیتوانیووە یاسای پڕۆژە بودجەی ساڵی ٢٠١٤ی عێراق پەسەند بکات.

نوری مالیکی پێش پەنابردنی بۆ بڕینی بەشە بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، هەوڵیدا بەرێگەی دامەزراندنی فەرماندەیی دیجلە کۆنترۆڵی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە خانەقینەوە تا کەرکوك بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، ئەمە لە کاتێکدا بەپێی دەستوری عێراق، پارێزگاری کردنی ئەو ناوچانە هەتا لە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق چارەسەر دەکرێن، ئەوا دەبێت بە هاوبەشی لەگەڵ هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی ئەو ناوچانە و ئەگەر پێویستی کرد بە هاوبەشی لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق کۆنترۆڵ بکرێت، لەم هەنگاوەدا نوری مالیکی رووبەڕووی بڕیارێکی توند و بوێرانەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بووەوەو سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەك فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان فەرمانی بە جولانی هێزی پێشمەرگەدا کە بچنە ئەو ناوچانە و سنورێك بۆ پشڕەوییەکانی هێزەکەی دیجلە دابنرێت، هەربۆیە کاتێك هێزی پێشمەرگە گەیشتە ئەو ناوچانە و لەگەڵ ئەوەی بارودۆخەکە گەیشتە ئەو ئاستەی مەترسی رووبەڕووبوونەوە لە نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزی دیجلە دروست بێت، بەڵام ئەمریکا هەستی کرد ئەگەر نەکەوێتە نێوانەوە بارەکە بە ئاراستەیەکی دیکە دەڕوات، بۆیە نوری مالیکی ناچار بوو پاشەکشە بە هێزەکانی فەرماندەیی دیجلە بکات، هەربۆیە کاتێك مالیکی گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە ناتوانێت لەرێگەی هێزەوە ئیرادەی خۆی بەسەر هەرێمی کوردستان فەرز بکات، بەچەندین شێوە کەوتە هەوڵدان بۆ ئەوەی بەرێگەی دانانی گەمارۆی ئابووری و بڕینی مووچە و بودجەی هەرێمی کوردستان، شکۆی هەرێمی کوردستان بشکێنێت.

بەڵام لەمەشیاندا دیسان رووبەڕووی بڕیاری زۆر توندی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووەوە، هەربۆیە کاتێك ئەمریکا هەستی کرد ئەم بڕیارەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە راشکاوانە لە مەراسیمی هێنانەوەی روفاتی ئەنفالکراوەکان ئاماژەی پێکرد و گوتی: (دەزانم چی دەڵێم، مەبەستیشمە ئەوەی دەیڵێم، ئەگەر دەسەڵاتدارانی بەغدا بە خۆیاندا نەچنەوە، بڕیارێك دەدەین کە مەزندەیان نەکردبێت). هەربۆیە ئەمجارەش کە ئەمریکا بۆی دەرکەوت ئەوەی مالیکی لە ئەنبار و فەلوجە و نەینەوا و دیالە بەناوی شەڕی دژە تیرۆرەوە دەیکات، ناتوانێت بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان دووبارەی بکاتەوە و، لەمەشدا لایەنی ئەمریکی گەیشتنە قەناعەت ئەوەی مالیکی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەیکات، یاریکردنە بە ئاگرێك کە بۆ هەتایە عێراق دەسووتێنێت، بۆیە بە گەرمی هاتنە سەرخەت و گەشتە مەکوکیەکانی باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا و بەرپرسانی دیکەی ئەمریکا لەنێوان، هەولێر و بەغداو هەولێر و واشنتۆن دەستی پێکرد، لایەنی ئەمریکی لە پێش هەڵبژاردن هەموو گوشاری خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی پێش هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی نیسان، هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا بگاتە رێککەوتنێکی کاتی بۆ ئەوەی لەدوای هەڵبژاردن لە چوارچێوەی وتووێژەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی عێراق کێشەکە بە تەواوەتی چارەسەر بکرێت، بەڵام هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی دەستپێشخەری کرد و چەندین پێشنیار و میکانیزمی جیاوازی پێشکەش کرد بۆ ئەوەی کێشەکە پێش هەڵبژاردن بە شێوەیەکی کاتی چارەسەر بکرێت، بەڵام نوری مالیکی کارتی بڕینی بودجەی بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ کۆکردنەوەی دەنگی زیاتر بۆ خۆی و حزبەکەی و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی دەنگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، زۆر سەرسەختانە بەکار هێنا، ئامانجی مالیکی لە پێداگرتن و رێکنەکەوتنی بەشێوەیەکی کاتی لە پێش هەڵبژاردن چەند ئامانجێکی لەدواوە بوو، لەوانە:

* ئاشکرایە لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی عێراق، هەتا ئێستاش لەو وەهمە رزگاریان نەبووە کە دژایەتی مافەکانی کورد و هەوڵدان بۆ پیشاندانی کوردستانیەکان لە هاوولاتی پلە دوو بە کارتی سەرەکی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی خۆیان دەزانن، لەمەشدا هەموو کات سوودیان لێوەرگرتووە، لەبەر ئەوەی هێشتا بەشی زۆری عەرەبی عێراق بە شیعە و سوننەوە دەنگ بەو لایەنە زیاتر دەدەن کە باشتر دژایەتی کورد و کوردستان دەکەن.

* نوری مالیکی دەمێکە ئەو راستیەی بۆ دەرکەوتووە کە هەموو رێگەکانی پرۆسەی سیاسیی عێراق دەچنەوە لای بەڕێز مسعود بارزانی، ئەمە نەك هەر لە پرۆسەی بودنیادنەوەی دەوڵەتی عێراق لەدوای ٢٠٠٣، بەڵکو سەنگ و پێگەی بەڕێز مسعود بارزانی لە کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش بە چەندین ساڵ پێش رووخانی رژێمی پێشوو،

**گرنگە حکومەتی داهاتووی عێراق لەو ڕاستیە بە ئاگا بێتەوە، ئەگەر هەوڵنەدەن بەزوویی ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکەن و ئاسانکاری تەواو نەکەن بۆ ئەوەی برگە بە برگەی ئەو ماددەیە جێبەجێ بکرێت، ئەوا دەستووری عێراق رێگەی بە پەرلەمانی کوردستانداوە کە خۆی ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکات و ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بگێڕێتەوە بۆسەر ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

فاکتەرێکی سەرەکی بووە بۆ ڕێکخستنەوەی ریزەکانی ئۆپۆزسیۆن و لەدوای رووخانی رژێمی پێشووشەوە لای هەموو لایەك ئاشکرایە کە بەڕێز مسعود بارزانی چ رۆڵێکی کاریگەری لە بونیادنانەوەی عێراقدا گێڕاوە، هەروەها باشیش دەیزانی کە سەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانیەکان چەندە، بۆیە بە خەیاڵ پڵاوی ئەوەی ئەم هەنگاوەی دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە خەڵکی کوردستان متمانەی خۆیان بە پارتی کەمبکەنەوە، بەڵام دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دەرکەوتنی ئاکامە بەراییەکان، دەرکەوت ئەم سیاسەتە فاشیل و پیلانگێڕییە کاریگەری لە دەنگەکانی کام لا کردووە. ئاشکرایە دەنگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو لە هەموو کوردستان بە کەرکوکیشەوە بەرێژەیەکی بەرچاو هەڵکشاوە و، لەبەرامبەردا و بەپێی ئامارە سەرەتاییە نافەرمیەکان مالیکی و لیستەی بەرێژەی ٢٥٪ لەسەر ئاستی عێراق دەنگەکانی کەمی کردووە.

سەرنەکەوتنی مالیکی لەو خەیاڵ پڵاوییەی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان دایڕشتبوو، ئەوەی بۆ جیهان سەلماند کە نەك مالیکی، بەڵکو هیچ کەسێك لە عێراقدا ناتوانێت پەنا بۆ ئەو کارت و پیلانانە ببات کە شکۆی هەرێمی کوردستان بشکێنێت، لەمەش گرنگتر ئەگەر نوری مالیکی بەوجۆرە بیری کردبێتەوە کە نەرمی نواندنی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بڕینی بودجە و مووچەی فەرمانبەران لە لاوازییەوەیە، ئەوا پێش ئەوەی خەڵکی عێراق و کوردستان رووبکەنە سندوقەکانی دەنگدان، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە لەرۆژی ٢ی ئایارەوە کوردستان بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا دەست دەکات بە فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان و چیتر چاوەڕێی ئەوە ناکات مۆڵەت لە بەغدا وەربگرێت بۆ جێبەجێکردنی مافە دەستورییەکانی گەلی کوردستان، ئەم بڕیارەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان، بێجگە لەوەی لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی مەغزا و مانای خۆی هەیە و دەوڵەتانی دراوسێ لەوە تێگەیشتوون کە هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی نەوتی خۆی بفرۆشێت، لە هەمانکاتدا لەبەر ئەوەی بەغدا پەنای بۆ کارتی بڕینی مووچە و بودجەی هەرێمی کوردستان بردووە، ئەوا وەك ئەمری واقیع هەرێمی کوردستان ناچارە بۆ دابینکردنی بودجە و بەردەوامی کارەکانی سوود لە سامانی نیشتمانی خۆی وەربگرێت، لەسەر ئاستی ناوخۆیی عێراقیش کە ئێستا بەرەو ئەوە دەچین ئاکامی هەڵبژاردنەکە بەفەرمی رابگەیەنرێت و دەست بکرێت بە وتوویژ بۆ گرێدانی هاوپەیمانی و رێککەوتن بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، ئەوا لەم بارودۆخەدا و لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسیی عێراقیش ئەم رەهەندانەی لێدەخوێنرێتەوە:

١. ئەو بڕیارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پەرەپێدان و وەبەرهێنان لەکەرتی نەوت و گاز داویەتی، بەپێی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانە کە پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کردووە، هەروەها لەسەر ئاستی زانکۆ جیهانیەکان ئەو یاسایە لەگەڵ دەستووری عێراق بەراورد کراوە، لە چوارچێوەی دەستووری عێراق دەرنەچووە، بۆیە ئەو مافانەی دەستوور بە هەرێمی کوردستانی داوە، هەرێم دەتوانێت بێ گەڕانەوە بۆ بەغدا پیادەیان بکات.

٢. ئەم بڕیارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێدانی دڵنیاییە بە هەموو گەلانی عێراق، ئەمەش بەو مانایەی لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان توانیویەتی ژێرخانێکی پتەوی سەربەخۆی خزمەتگوزارییەکان بۆ هەرێمی کوردستان دابین بکات، بەتایبەتی لەبواری دابینکردنی وزە وەك (نەوت و بەنزین و غاز و کارەبا)، وێڕای ئەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت و غازی هەرێم گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە نەوتەکە رەوانەی دەرەوە بکرێت و بفرۆشرێت، بەڵام هێشتا هەرێمی کوردستان ئامادەیە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدرالی عێراقدا، هاوکاری عێراقیەکان بێت، بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدرالی و فرەیی و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە لە عێراقدا هەموو پێکهاتەکان کۆبکاتەوە.

٣. ئەم بڕیارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، واتە پێش ئەوەی پەرلەمان یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی بکات، ئەوا دەبێت لە چوارچێوەی رێککەوتنی سیاسیی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بە دیالۆگ کێشەکان چارەسەر کرابن و کاتێك نوێنەری پێکهاتە جیاوازەکان دەچنە نێو پەرلەمان دەبێت موناقەشە لەسەر بەرژەوەندی باڵای عێراقیەکان بکەن، نەك شەڕی کورد و عەرەب، یان شەڕی مەزهەبی نێوان شیعەو سوننە.

٤. ئەم بڕیارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ فرۆشتنی نەوتی کوردستان، هەوڵێکە بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی بەغدا لەو راستیە سیاسیانە تێبگەن کە ئێستا لە عێراقدا بوونەتە ئەمری واقیع، هەر بۆ نموونە حکومەتی عێراق دژایەتی گرێبەستە نەوتیەکانی هەرێمی کوردستانی کرد، پاشان دژایەتی دروستکردنی بۆری هەناردەکردنی نەوت و غازی کرد، ئەوجا دژایەتی فرۆشتنی نەوتی کوردستانی کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو ئەم هەنگاوانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراق بوون، جیهان پێشوازی لە هەنگاوەکانی هەرێمی کوردستان کردوو، حکومەتی بەغداش بێجگە لە پەنابردن و بۆ پیلان و کارتی ترسنۆکانە چیدیکەی پێ نەکرا، لێرەوە گرنگە حکومەتی داهاتووی عێراق لەو راستیە بە ئاگا بێتەوە، ئەگەر هەوڵنەدەن بەزوویی ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکەن و ئاسانکاری تەواو نەکەن بۆ ئەوەی بڕگە بە بڕگەی ئەو ماددەیە جێبەجێ بکرێت، ئەوا دەستووری عێراق رێگەی بە پەرلەمانی کوردستانداوە کە خۆی ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکات و ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بگێڕێتەوە بۆ سەر ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەر بەغدا پێیوایە هەرێم ئەم دەسەڵاتەی نییە، ئەوا پێشتریش دەیانگوت هەرێم دەسەڵاتی دەرهێنانی نەوت و غاز و فرۆشتنیانی نییە.

٥. بۆ ئەوەی لە پرۆسەی وتووێژەکان بۆ پێکهێنانی

■

**ئەم بڕیارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ فرۆشتنی نەوتی کوردستان، هەوڵێکە بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی بەغدا لەو راستیە سیاسییانە تێبگەن کە ئێستا لە عێراقدا بوونەتە ئەمری واقیع**

حکومەتی تازە، سیاسەتمەدرانی عێراق بەهۆش خۆیان بێنەوە، گرنگە ئەو راستیە بزانن کە هیچ بڕگەیەکی دەستووری لە ناو دەستووری عێراقدا نییە، کە ڕێگری بکات لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان ریفراندۆم ئەنجامبدرێت و دەوڵەتی سەربەخۆ رابگەیەنرێت.

## هەڵەکانی حکومەتی مالیکی
## باشترین پاڵپشتن بۆ سیاسەتەکانی هەرێم

ئەوەی مالیکی لەماوەی ٤ ساڵی رابردوو بۆی چووە سەر و تارادەیەك ئەمریکا پشتگیری کرد و چاوی لە سیاسەتە هەڵەکانی پۆشی، ئەوەبوو پێداگیری لەسەر مانەوەی یەکپارچەیی عێراق دەکردەوە، ئەمریکاش بۆ ئەوەی عێراق لەبەر یەکهەڵنەوەشێتەوە بواری زۆر رەفتاری نەشیاوی بە مالیکی دا، سەبارەت بەم خاڵە نید پارکەر بەڕێوەبەری ئۆفیسی پێشتری رۆژنامەی لۆس ئەنجلۆس تایمز و بەڕێوەبەری نووسینگەی ئێستای رۆیتەرز لە بەغدا، لە پەنێڵێکی گۆڤاری فۆرن ئەفێرز کە سەرەتای ئەمساڵ بۆ ئەو و پرۆفیسۆر ماکس بوت ڕێکخرابوو، ئاماژە بەوە دەکات زۆر جار لەکاتی دیداری لەگەڵ باڵیۆز و بەرپرسانی دیکەی ئەمریکا لە ناو باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە گرین، گوێبیستی گلەیی و گازندەی توند بۆتەوە کە بەرپرسانی ئەمریکی لە سیاستەکانی مالیکی هەیان بووە، نید پارکەر لەو پەنێڵە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو بەو بەرپرسە ئەمریکیانەی راگەیاندووە باشە ئەگەر ئێوە ئەوەندە لە سیاسەتی مالیکی ناڕازین بۆچی وەك ئەمریکا هەڵوێستی لەبەرامبەر وەرناگرن، ئەوان لەوەڵامدا پێیان گوتووە کە لەم قۆناخە سیاسەتی ئەمریکا بەو شێوەیە هەرچۆنێك بێت سەقامگیری لە عێراقدا بێتە ئاراوە، ئەگەر بە وردی لەم قسانەی پارکەر ورد بینەوە، چەند لایەنێکی شاراوەی سیاسەتی ئەمریکای ئەوکاتمان بەرامبەر بە عێراق بۆ ئاشکرا دەبێت:

١. ئاشکرایە کە سەرۆك ئۆباما یەکێك بووە لەو سیناتۆرانەی کە دەنگی نەداوە بە شەڕی عێراق لە ناو ئەنجومەنی سەنات.

٢. جێگری سەرۆك جۆزیف بایدن لەگەڵ ئەوەی دەنگی بۆ بڕیاری شەڕی عێراق داوە لەناو ئەنجومەنی سەنات، بەڵام دژی سیاسەتی دوای داگیرکردنی عێراق بوو کە لەلایەن سەرۆك بوشەوە پیادە دەکرا.

٣. ئەگەر ئەم دووخاڵە پێکەوە گرێبدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئۆباما و بایدن، لەدوای ٢٠٠٣وە دژی سیاسەتی ئیدارەی بوش بوون بەرامبەر بە عێراق، هەوڵیانداوە سیاسەتێکی نوێ بۆ چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ عێراق دابڕێژن، دیارە جۆزیف بایدن پێش ئەوەی ببێتە جێگری سەرۆکی ئەمریکا، سەرۆکی ئەنجومەنی پێوەندییەکانی دەرەوە بووە لە ئەنجومەنی سەنات، ئەوکات بایدن پلانی B دارِشت بۆ جێگرتنەوەی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق، بێگومان ئاشکراشە پلانە B یەکەی بایدن، بریتی بوو لە دابەشکردنی نەرمی عێراق، ئەمەش واتە دابەشکردنی عێراق بۆ ٣ هەرێمی فیدرالی بەهێز و حکومەتێکی فیدرالی دەسەڵات سنوردار، بەڵام پاش ئەوەی کە هاتنە ناو ئیدارەی ئەمریکا نەیانتوانی ئەم پلانە جێبەجێ بکەن.

٤. لە ئیدارەی دووەمی ئۆباما و دوای گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی و پاش ئەوەی راپەڕینەکان لەناوچە سوننیەکانی عێراق دەستی پێکرد، ئیدارەی ئەمریکا هەوڵیدا چاو بەسیاسەتی خۆیدا بخشێنێتەوە و گوشار بخاتە سەر مالیکی بۆ ئەوەی سیاسەتی خۆی راست بکاتەوە، بەڵام بەهۆی هەڵکشانی کارە تیرۆریستیەکان و بانگێشەکانی گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) ئەمریکا شەڕی ئەم گرووپەی بە ئەولەویەت زانی و مالیکیش ئەوەی کردی لە چوارچێوەی ئەم شەڕە کردی و زۆریشی بۆ چووە سەر.

٥. لایەنێکی دیکە کە یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی ئەمریکا نەتوانێت زۆر بپەرژێتە سەر عێراق، بوونی ئەو ململانێ توندە حزبیە بوو کە لەنێوان حزبی کۆماری و حزبی دیموکرات سەرهەڵدابوو، ئەم ململانێ حزبیە زۆر جار وایکردووە حکومەتی ئەمریکا کارەکانی پەکی بکەوێت، ئەمە وێڕای ئەو قەیرانە ئابوورییەی رۆژئاواو ئەمریکای گرتۆتەوە و ئەگەر سەرنج لە موناقەشەی بودجەی ئەمریکا بدەین، دەمانبینی چۆن موناقەشەی حزبیانەی نێوان کۆماری و دیموکراتیەکان لەسەر بڕگەکانی بودجە دەگەیشتە خاڵی بن بەست.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانە راشکاوانە هەست دەکەین هۆکاری ئەو جیاوازییەی کە لەنێوان سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق و سیاسەتی یەکێتی ئەورووپا بەرامبەر بە عێراق هەیە، هەروەها دەزانین هۆکاری ئەو جیاوازییە چیە کە لەنێوان هەڵوێستی تورکیا و ئەمریکا لەهەمبەر پرسەکانی عێراق هەیە، ئاشکراشە کە ئەمریکا و رۆژئاوا بەبێ هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی تورکیا ناتوانن هەنگاوی جددی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەڵبگرن و ئەم واقیعەمان لەچارەسەرکردنی کێشەی سوریا و هەروەها لە هێرشی سەربازی ناتۆ بۆ سەر لیبیا هەست پێکردووە.

لەم چوارچێوەیەدا سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بەعێراق خۆی لەوەدا چڕکردۆتەوە کە هەرچۆنێك بێت یەکپارچەیی عێراق بپارێزرێت، بەڵام دوای ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنە و هەڵوێستی بەشێکی زۆری لایەنە عێراقیەکان بەوەی ئامادە نابن هاوپەیمانی لەگەڵ لیستەکەی مالیکی گرێبدەن بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو سیاسەتەی ئەمریکا بەرامبەر حکومەتی عێراق پێڕەوی کرد بۆ ئەوەی عێراق بە یەکپارچەیی بهێڵێتەوە، ئێستا ئەو سیاسەتە عێراقی بردۆتە سەر لێواری هەڵدێر و خاڵی (اللاعودە)، بۆیە ئەگەر درێژە بەم سیاسەتە بدات و سیاسەتی خۆی نەگۆڕێت بە جۆرێك کە ئاراستەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بخاتەوە سەر سکەی خۆی و نەخشەیەکی ڕێگە بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق ئامادە نەکات، ئەوا بارودۆخێك دروست دەبێت کە عێراق لەبەر یەکهەڵبووەشێت نەك بەشێوازێکی ئاشتیانە و لەچوارچیوەی دەستووری عێراقدا دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدرالی دابمەزرێتەوە.

**بۆ ئەوەی لە پرۆسەی وتووێژەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی تازە، سیاسەتمەدرانی عێراق بەهۆش خۆیان بێنەوە، گرنگە ئەو راستیە بزانن کە هیچ بڕگەیەکی دەستووری لە ناو دەستووری عێراقدا نییە، کە ڕێگری بکات لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان ریفراندۆم ئەنجامبدرێت و دەوڵەتی سەربەخۆ رابگەیەنرێت**

### ڕەشید تاهیر بریکاری وەزیری ئابووری و دارایی هەرێم بۆ گوڵان:

# بێجگە لە فرۆشتنی نەوت بەدوای سەرچاوەی دیکەی



**بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هەڕەشەی بڕینی مووچە و بودجە کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان نەبێت و خۆمان خاوەنی سەربەخۆیی ئابووری خۆمان بین، ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین هەنگاوی گرتۆتەبەر، بەڕێز ڕەشید تاهیر بریکاری وەزیری ئابووری و دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتی بە گوڵان بەمجۆرە تیشکی خستە سەر ئەم پرسە:**

(هەڕەشەکانی بڕینی بەشە بودجەی هەرێم و دانانی مەرج و بڕگەی سزادانان لەناو بودجەکەدا بۆ هەرێمی کوردستان هەمووی لەچوارچێوەی ئەو ملململانێ سیاسییەدا دێت کە دژ بەهەرێمی کوردستان حکومەتی ناوەندی پیادەی دەکات، بێگومان ئەمەش زیانی بۆ خەڵکی کوردستان و بژێوی ژیان و خۆشگوزەرانی و ئابووری هەرێمەکە دەبێت، هەربۆیە گەر بمانەوێت ژێرخانی ئابووری بەتەواوەتی بونیات بنێینەوەو مووچەی فەرمانبەرانی حکومەت لەکاتی خۆیدا دابین بکەین و پرۆژەو کارە خزمەتگوزارییەکان رانەوەستێت و کارەباو ئاوی خواردنەوە بۆ هاووڵاتیانمان دابین بکەین، پێویستیمان بەسیولەی نەختینەیی دەبێت، لەلایەکی دیکەوە لەدوای دامەزرانی کابینەی نوێی حکومەت و پەسەندکردنی بودجەی هەرێم ئەرکی سەرشانمانە پێشینەکانی هاوسەرگیریی و خانووبەرەو کشتوکاڵ و پیشەسازیی و گەشتوگوزار بدەینەوە کە خەڵکێکی زۆر لێی سوودمەندن. ئێستا خەرجییە زیادەکان و کەمالیاتەکان لەناو کەرتی گشتی کەم کراوەتەوە، من دڵنیام حکومەتی هەرێم دەستەوەستان ناوەستێت بەرامبەر بڕینی مووچەو بژێوی خێزانەکان، ئێستا پێداگیریی لەسەر سەرچاوەی نوێی داهات

### دکتۆر ئەمین محەمەد ئال ئیدریسی بۆ گوڵان:

# هەڵەکانی مالیکی ئابووری عێراقی تێکشکاندوە



**سەبارەت بە کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و هەوڵدان بۆ دابینکردنی سەرچاوەی داهات بۆ ئەوەی بتوانرێت مووچەی فەرمانبەران دابینبکرێت، دکتۆر ئەمین محەمەد ئال ئیدریسی توێژەری ئەکادیمی عێراقی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی.**

((ئاشکرایە عێراق بە بارودۆخێکی سەخت و ئاڵۆزدا تێپەڕ دەبێت و لەسەرجەم بوارەکان گەندەڵی بەرێژەیەکی بەرز هەیەو توانای وەزارەت و دامودەزگا حکومیەکان کەمەو لەناوخۆدا ناسەقامگیرییەکی ئەمنی و سیاسی هەیە، بەردەوامبوون و ئاڵۆزبوونی کێشەکانیش لە پارێزگا سوننە نشینەکان بەتایبەتی لە ئەنبار زیاتر بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر و قورستر کردووە، بەرادەیەك لەمەودایەکی نزیکدا کاریگەری خراپ لەسەر ئابووری عێراقیش بەجێ دەهێڵێت، ئەم کەموکورتییە ئابووریی و ناسەقامگیرییە سیاسی و ئەمنییە کاریگەری بۆ سەر هەرێمی کوردستانیش هەبووە بەو پێیەی عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵییەو کوردستانیش هەرێمێکی فیدراڵییە، بەتایبەتی چارەسەرنەکردنی کێشە زۆرەکانی نێوان هەرێم و ناوەند، ئەمە لەکاتێکدا سوریاو ناوچەکە بە بارودۆخێکی ناسەقامگیریی و خراپدا تێپەڕ دەبێت.

هەربۆیە دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان و دووبارە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆو وتووێژەکان بۆ دامەزرانی حکومەتێکی نوێ هەلێکی باشە بۆ سەرجەم پێکهاتەو هێزە عێراقیەکان بەکوردەکانیشەوە تاوەکو ئەمجارە لە ڕێگای گفتوگۆو دانوستانەکانەوە کۆتایی بەو کێشەو گرفتە هەڵپەسێردراوانە بهێنن کە ئابووری عێراقی تووشی نەزیف کردووە، لەم دۆخەشدا ناردنە دەرەوەی نەوت و فرۆشتنی نەوتی هەرێم بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی هەرێم و مووچەی فەرمانبەران کارێکی ئاساییە گەرچی من پێموایە ئەمە چارەسەرێکی کاتییە تاوەکو کێشەکە بەیەکجاریی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی چارەسەر دەکرێت و هەردوولا دەگەنە چارەسەرێکی گونجاو.

# داهاتیش دەگەڕێین

دەکەینەوەو خەرجییە زیادەکانیش کەم دەکەینەوە. گرفت و کێشەی بەشە بودجەی هەرێم لە کۆی بودجەی گشتی عێراق و نەناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و ماف و ئیمتیازاتە دارایی و ئابوورییەکانی هەرێم لەبەغداو پرسی نەوت هەر هەمووی بووەتە مەسەلەیەکی سیاسی و لەچوارچێوەی پرسە ئابووریی و مافە دەستووری و یاساییەکان دەرچووە، ئێمە لەبودجەی عێراق و پێترۆ دۆلار و پارەی پەرەپێدانی پارێزگاکان ئاگادار نین، ئەو گەمارۆ ئابوورییەی دەیانەوێت لەسەر هەرێمی کوردستان بیسەپێنن گەمارۆیەکی سیاسییە دژ بە ماف و دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان، هەر بۆیە سال لەدوای ساڵ کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا ئاڵۆزتر دەبێت بەڕادەیەك ئەوان تەنیا بەوەوە نەوەستاون کە هیچ ساڵێك ئەو بودجەیەی کە لەحکومەتی بەغداوە بۆ هەرێمی کوردستان دێت لەکۆی بودجەی عێراق لە ١١٪ی تێپەڕی نەکردووە، لەکاتێکدا دەبووایە ڕێژەکەی بگەیشتایە لە ١٧٪، ئەمەش بەهۆی هەڵکشانی زیادبوونی نەفەقاتی سیادی و نەبوونی پێوەرێك بۆ بودجەی سیادی و حاکیمە بۆ نموونە لەساڵی ٢٠١٠ نەفەقاتی سیادی عێراق لە ١٨٪ بوو لەساڵی ٢٠١٣ بۆ لە ٢٩ ٪ بەرزبۆوە. لەلایەکی دیکەوە بەهیچ شێوەیەك بەغدا قبووڵی نەکردووە لەدانانی بودجەدا بەشداربین، مالیکی قۆرخی هەموو شتێکی کردووەو دەیەوێت کوردیش تەنازولی بۆ بکات، هەر بۆیە دەیانەوێت هەرێمی کوردستان وەکو پارێزگاکانی دیکەی عێراق حسابی بۆ بکەن نەك وەکو هەرێمێکی فیدراڵی، بەمەش دژایەتیەکی ئاشکرای ئەو دەستوورە دەکەن کە لەسەر ئەو بنەمایە عێراقی نوێی لەسەر دامەزراوە.

## دکتۆر حوسێن تۆفیق فەیزوڵڵا بۆ گوڵان:


# بڕیاری فرۆشتنی نەوتی هەرێم یاساییە

**بەغدا دەیەوێت جارێکی دیکەش دەسەڵاتی سەنترالی بەسەر تەواوی عێراق بسەپێنێتەوە، بۆ ئەمەش پەنای بۆ هەموو ڕێگەیەك بردووە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم سیاسەتە هەڵەیە، دکتۆر حوسێن تۆفیق فەیزوڵڵا شارەزا لەبواری یاسای بازرگانی نێودەوڵەتی لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

((عێراق وەکو دەوڵەتێکی فاشیل سەیر دەکرێت کە بەدەیان کێشەی سیاسی و ئابووری هەیە، تەنانەت ئەو بودجە زەبەلاحەی لەبەردەستی حکومەتی ناوەندیدایە کە خۆی زیاتر لە ١٥٠ ملیار دۆلار دەدات، کەچی دانیشتوانی عێراق لە بارودۆخ و نائارامی و ناسەقامگیریی و نزمی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان دەگوزەرێنن. ئاشکرایە سەرچاوەی کێشەکە وەکو ئەوەی بەغدا ئیدعای بۆ دەکات «نەوتە» بەڵام نەوت و سامانە سروشتیەکانی دیکەی عێراق موڵکی هەموو گەلانی عێراقە نەك تەنیا مالیکی و حکومەتی ناوەندی واتا لەزاخۆوە تاوەکو بەسرە نەوت و غازی سروشتی و سامانە کانزاییەکانی دیکەش موڵکی ئێمەشە ناکرێت لەلایەن بەغداوە بەو شێوەیە کۆنترۆڵ بکرێت، تەنانەت دەقی دەستووری هەیە ئاماژە بەو نەوت و سامانە سروشتییە دەکات کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە دۆزرابێتەوە دەبێت بە ئیدارەی هاوبەش بەڕێوەببرێت، نەك کۆنترۆڵکردنی وەکو ئەوەی بەغدا دەیەوێت، ئەم هەڵسوکەوتەی بەغدا لەگەڵ هەرێم و بڕینی بودجەو نەناردنی مووچەو کۆنترۆڵێکی مەرکەزیی لە ١٠٠٪ دوورە لەسەر ئەو بنەما دەستوورییانەی کە عێراقی لەسەر دامەزراوە. تەنانەت فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە یاساییە چونکە دەچێتە بواری زەروورەتەوەو لەمحافیلە نێودەوڵەتیەکان مۆڵەتی پێدراوە تاوەکو کێشەو گرفتەکەی نێوان هەردوولا چارەسەر دەبێت و دەگەنە چارەسەرێکی گونجاو، چونکە خۆناگرێت خەڵکی ئەم هەرێمە مووچەی ببڕێت و زیان بەبژێوی ژیان و خێزانەکان و سێکتەرە ئابوورییەکان بگەیەنرێت و چاوەڕوانی گەیشتن بەچارەسەریش بکەین)).



# ستراتیژیەتی دروست كردنی سوپاو پۆلیس لە كوردستاندا



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی

سەرۆكی كۆمكاری ئیبنڕوشد لە هۆڵەنداو
سەرۆكی پەرلەمانی ڕۆشنبیری عیراقی لە تاراوگە

بۆ گوڵانی نووسیوە

لە دێرین زەمانەوەو لە ژێر ڕۆشنایی سروشتی ململانێی چەكدارییەوە فكری ستراتیژی هاتۆتە ئاراوە، گەشەسەندن و پشتپێبەستنی ئەم ستراتیژیەتە پێ بە پێی پەرەسەندنی توانا سەربازییەكان و فراژی بوونی ئەو هێزانەیە كە لەسەری بڕیاردەرن، یان بە پێی ئەو ئامانجانەیە كە لە پێناوی پلاندارشتن و كاروباری جەنگیدا داڕێژرابوونەوە، جیاوازییەكی جۆرایەتی و گەوهەریانە هەیە لە نێوان جەنگەكانی تیرەگەری و پارتیزانی ناو گوندان و شارەكان لە لایەك و ئەوانەشی كە لە نێوان ئیمپراتۆریەتەكان ودەوڵەتانی هاوچەرخدا دەكەونەوە..

جیاوازیەكان بە سانایی هەستیان پێدەكرێت چ لەو پلانانەی لە فكری سەربازییانەی خاكراوە دروست دەبن چ لەوانەی لە هەناوی فەلسەفەی گشتگیرو قووڵەوە سەرچاوە دەگرن كە ئەمانەش پێكرا لە كۆی بەرهەمی عەقڵی زانستانەی مرۆڤایەتی سوودمەندبوون، لێرەدا ئەوە وەبیردێنینەوە فیكری ستراتیژی لە باوەشی ئەو عەقڵانەوە لەدایك بووە كە شەڕو جەنگەكانیان بەڕێوەبردووە، باشە لەمانەوە ئێمە بۆ بونیادنانی دامودەزگایەكی كوردستانیانە بە گشتی و سەربازییانە بە دیاریكراویی چۆن بتوانین سوودێك بگەیەنین یان سوود وەربگرین لەو میراتە لە مێژینەی كە وەك پێشتر باسمان كردن..

ئێستا لەگەڵ سروشتی قۆناغبەندێكدا ڕووبەڕووبووینەتەوە كە ئامانجەكانی وێستای خۆی دەسەپێنێت، ئەویش لە چوارچێوەی كاروانێكدایە كە بۆ ئاسۆیەكی دوور دەڕوانێت، چار نییە ئەو ئاسۆیە هەر دەردەكەوێت، بە دەركەوتنی ئاسۆكەش لە قۆناغێكدا كۆمەڵێك خاڵ تۆمار دەبن كە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. شێوازی فیدراڵیەتی هەرێمی كوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقیدا مۆدێلێكی ئاشكرایە بۆ سەربەخۆیی بوونی هەرێمێك، كە



ئەم شێوازەی هەرێمی کوردستانیش داخوازی هەموو بەشەکانی تری کوردستانی پەرت پەرتکراوە، بەش بەشکردنی کوردستان بە پێی ڕێکەوتنامەکانی نێودەوڵەتیە مێژووەکە بووە، ئەم پەرت پەرتبوونەی کوردستانیش لای هەمووان دیارە.

٢. هەبوونی هێزی سەربازی و ئاسایشی دەوڵەمەند بە ئەزموونی کردارەکیانە لە ژێر سایەی فیکری سیاسی خەباتگێڕانەی پابەندبوو بە بەها باڵاکانی گەلی کوردستان و داخوازییەکانیەوە، ئاماژە بە هێزەکانی پێشمەرگەو دەزگاکانی ئاسایش تاد..

٣. هەبوونی دۆخێکی گشتی ئاڵۆز کە ململانێی هەرێمایەتی تێکچڕژاوی ئاڵۆز پێکهێنەرێتی، لەم دۆخەشدا بەرژەوەندییەکانی هەرێمیی دیاریکراوو هەڕەشەکانی تیرۆریزمانی لۆکاڵی و نێودەوڵەتی هەمیشە تارماییین بەسەرییەوە بۆ تێکدانی سەقامگیری کوردستان..

٤. بە بەردەوام هەبوونی کەلتوورێکی سیاسیانەی شۆڤێنیستانەی عەرەبی کە بە فەلسەفەی سەرکێشیی و کەللەڕەقی دوژمنکارانە بارکراوە، لەوەش دوورتر هەبوونی تاقم و ڕێکخراوی سەربازیانەی فەرمی و نافەرمی لە دەوروبەری هەرێم بە دەست کەسانێکەوە کە ئامانجی دوژمنکارانەیان دژ بە کوردستان هەیە..

٥. لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی هێشتا کار بەو ڕێکەوتننامانە دەکرێت کە بە هۆیەوە کوردستان دابەش کراوە تا سەربەخۆ نەبێت، لە بەرانبەریشدا هەندێ گۆڕانکاری لە سیاسەتی نێودەوڵەتی هاتۆتە ئاراوە کە لە بەرژەوەندی داخوازییەکان و خەون و ئاوات و مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردایە، ئەوەش لەسەر ئاستێکی نێونەتەوەیی و میللی فەرمیانە ڕێکخراوە لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەیی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا..

هاتنەپێشەوەی ئەو بارودۆخانەی لە خاڵەکانی پێشوودا ئاماژەیانم پێدا پێویستی بە وەرگرتنی هەڵوێست و پلانی ستراتیژییە بە شێوەیەك کە خزمەت بە داخوازییەکانی کوردستان بگەیەنێت و بە باشترین شێواز ئەرك و کاروبارەکانی ڕێکبخاتەوە، بۆیە پێویستە ئاوڕ بدرێتەوە لەم خاڵانەو لە چوارچێوەی دروستکردنی دوو دەزگای سەربازیی و ئاساییشیدا بەم حەقیقەتانە بگەین:

١. بەردەوامیدان بە کاروانی پێشکەوتن لە بونیادنانی سوپاو پۆلیس و هەواڵگریدا بە ڕێگەی بونیادگەرانەی هاوچەرخ کە بگونجێت لەگەڵ پلانەکانی دامەزراندنی دەزگای دەوڵەتیانەی مەدەنیی ئازاددا..

٢. توندوتۆڵکردنی پێوەندییەکان بەم دەزگایانەوە لەسەر ئاستی فیدراڵیی عیراقیی و هەروەها لەسەر ئاستی دەرەکی بە شێوەی گونجاو..

٣. نەخشەکێشانی بەشداریکردن لە هەر چالاکیەکی ناوخۆیی و دەرەکیدا بە پێی داواکارییەکانی قۆناغەکە بە شێوەیەك خزمەت بگەیەنێت بە داهاتوو هەروەها بە سروشتی پرسیارەکان و داخوازیەکانی ئایندەوە

دەست دەکەین بە چارەسەرکردنی ئەم سێ تەوەرە و لەو ئەرکە هەنووکەیی و ستراتیژیانە دەپرسینەوە کە لە ناوخۆو دەرەوەدا پێشمەرگەو ئاسایش لەسەر شانیانە بیگرنە ئەستۆ:

جیاوازییەکی سەربازیانەی زۆر هەیە لە نێوان شەڕەکانی یاخیگەری پارتیزانانەو بزاوتە ڕزگاریخوازانەکان و جەنگە تەقلیدیەکان، هاوکات ئاماژەش دەدەین بەوەی کە جەنگەکانی سوپا فەرمیەکان دەکرێت لە ئەزموونەکانی خەباتی چەکداری میللی وەك ئەوەی پێشمەرگە ئەنجامی دەدا، سوودمەند بێت..

لەمەوە جەخت دەکەینەوە لەسەر ئەرکە ڕاستەوخۆکان کە لە ناواخندا کۆدەبێتەوە لە دوو ئەرکی هەنووکەیدا:

پارێزگاری کردن لە سنوورەکان لە چوارچێوەی هەبوونی قەوارەی فیدراڵی و هەروەها پاراستنی ئاسایشی گشتی و دابینکردنی تواناکانی خۆپاراستن پێش چارەسەرکردن، ئەرکی یەکەمیان بە هێزەکانی پێشمەرگە دەسپێردرێت ئەو ڕاسپاردانەش بە شێوازێکی دەستوورییانەی عیراقیی و بڕیاریی کوردستانیەوە پابەند دەکرێت بە بەرگریلێکردنی و چەسپاندنی و بەرجەستەکردنی بۆ پیادەکردن لەم قۆناغەدا وەك زامنبوون و ئامادەسازیەك بۆ دروست بوونی ئەو دۆخەی لە ئایندەیەکی دووردا دروست دەبێت، ئەوەش بە هەردوو جۆری ئەرکە سەربازییەکانیەوە چ ئەوەیان کە تایبەتە بە پاسەوانی سنوورە نێودەوڵەتیەکانی هەرێم هاوسنوور بە ئێران و تورکیاو سووریاوە، یان ئەوەیان کە پێوەندی بە کۆنترۆڵکردنی دۆخی ناوچە هەڵایساوەکانی کە بە پێی مادەی ١٤٠ی دەستوور دیاریکراون و لە لایەن سەرکردایەتی کوردەوە ناویان لێ نراوە ناوچەکوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان..

**شێوازی فیدراڵیەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقیدا مۆدێلێکی ئاشکرایە بۆ سەربەخۆیی بوونی هەرێمێک، کە ئەم شێوازەی هەرێمی کوردستانیش داخوازی هەموو بەشەکانی تری کوردستانی پەرت پەرتکراوە**

**جیاکردنەوەی خیتابی ئاسایش لە خیتابی نەتەوەو خۆبەگەورەتر نەزانین لە ئاست ڕۆڵەکانیدا و دوورخستنەوەی زەبروزەنگ تێیدا و دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤ بۆ دۆزینەوەی دەرفەتی بونیادنانی پێوەندی پۆزەتیڤانە لە نێوان دەزگا سەربازییەکان و ئاسایش و ڕۆڵەکانی گەلدا**



**بە مرونەتێکەوە ستراتیژ بۆ ئەو بڕوایە دابین بکرێت تا پێشمەرگەی کوردستان بتوانێت ڕابهێنرێت لەگەڵ چەکە هەمەجۆرەکان هەروەها خۆی ڕابهێنێت لەگەڵ هاریکاری سەربازییانەی قۆناغەکەداو خۆی بە دووریش ڕابگرێت لەو زەمینلەرزانەی عیراقی فیدراڵی تووشی دێت**

**خوڵقاندنی هاوپەیمانێتی نێوان گەل و سوپا بە هۆی گوتارێکی سیاسیانەوە کە لە هەناوی مێژووی دەزگا سەربازییەکانی پێشمەرگەو قوربانیەکانی گەلی کوردەوە سەرچاوەگرتووبێت و کار بکرێت بۆ دۆزینەوەی چالاکی هاوبەش لەو ڕووەوە..**

**خۆنەخستنە ناو ڕووبەڕووبوونەوەیەک کە مرونەت و دەرفەتی مانۆڕی تێدا فەراهەم نەکرابێت، چونکە لەوانەیە هەندێ جار ناچار بیت هەنگاوێک بێیتە دواوە تا لە شوێنێکی ترەوە هەنگاوێک بچیتە پێشەوە**

ئەمەی پێوەندی بە دۆخی سنوورە دەوڵەتیەکانەوەیە پێویستی بە ڕێکخستنی سیاسیانەو دبلۆماسیانە هەیە تا پێوەندییەکانی پێکەوژیانی ئاشتیانە لەگەڵ ئەوانی تردا بە شێوەیەك بێت هەموو لایەك هاوکاری یەکتر بن بۆ نەبەزاندنی سنوورەکان لە لایەن هێزەکانی تیرۆریزمی جیهانی و لۆکاڵی ئەمەش بە ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی و بە پێی نەخشەی جیۆگرافیانە دەپارێزرێت و دەشکرێت توانای شاندە دیبلۆماسیە هاوبەشە فیدرالیەکان لەسەر ئاستی عیراق وەبەرهەمبهێنرێت تا ئەو وێنە فەرمیانەی دۆخی ناو مەیدانەکان بە تایبەتی جووڵەپێکردنی سەربازییانەی دەوڵەتانی دەوروبەر بە وێنەوە بگەیەنرێن بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و بڕیاری ئەوانیش ببنە مەسیجی ڕاستەوخۆ بۆ سەقامگیری ناوچەکە، هێزەکانی پێشمەرگە پێویستیان بەو ئاڕاستە دیبلۆماسی و سیاسیانە هەیە تا قووڵایی و ڕەهەندی زیاتر بدەن بە توانای مەشق پێکردن و چەکدارکردنی چاوەڕوانکراوی هاوشان بە کاروباری هاریکاری سەربازی و دواتر ڕێککەوتننامە چاوەڕوانکراوەکانی داهاتوو..

لەم بارەیەوە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستانیی پێویستیەکە زۆر گرنگە پەرەبسێنێت و دەسەڵاتە باڵاکانی بە پێی لێکۆڵینەوەی زانستانەی پسپۆران دیاری بکرێت و بە دامودەزگاییکردنی کارەکانی بە هەند وەربگیرێت و لە ڕووی فیدراڵیەتی نیشتمانی و پێوەندی نێودەوڵەتی دەرەکیەوە ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێت، کەواتە پێویستە بودجەیەکی سەربەخۆ تەرخان بکرێت بۆ چالاکیەکانی مەشق و ڕاهێنان لە لایەك و چەکدارکردنی گونجاو بۆ ئەو ئەرکانەی پێی ڕادەسپێردرێت..

ئەم ئەرکە ستراتیژیانە بڕوایەکی سەربازیانەی دەوێت، بە مروونەتێکەوە ستراتیژ بۆ ئەو بڕوایە دابین بکرێت تا پێشمەرگەی کوردستان بتوانێت ڕابهێنرێت لەگەڵ چەکە هەمەجۆرەکان هەروەها خۆی ڕابێنێت لەگەڵ هاریکاری سەربازییانەی قۆناغەکەداو خۆی بە دووریش ڕابگرێت لەو زەمینلەرزانەی عیراقی فیدراڵی تووشی دێت بە تایبەتی خۆلادانی پێشمەرگە لەو هەڵوێستانەی شۆڤینیانە سەبارەت بە کوردستان دەدرێن. ئەم شێوە مروونەتە لەسەر ئاستی سیاسی کۆدەنگیەکی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی بەلای بەرژەوەندی کوردا ڕادەکێشێت، کەواتە گرنگە شێوازەکانی خولی مەشقی سەربازی و بابەتەکانی پەرەپێبدرێت لە ژێر تیشکی ئەو ڕۆڵەی کوردستان لەسەر ئاستەکانی لۆکاڵی و عیراقیی و هەرێمایەتی دەیگێڕێت، کە ڕۆڵێکە دەتوانرێت زەمینەی بۆ بسازێنرێت لە ڕێی بەستنی ڕێککەوتننامەی گونجاو لەو پێناوەدا..

کۆی ئەرکە ناوخۆییەکان بریتین لە بەهێزکردنی ئاسایشی نیشتمانی و ئاسایشی هاوولاتیان لە گۆشەیەکی سەرەکی و زیندووە، ئاساییە کە پێویستە هاوبارگەبوونی نێوان دەزگاکانی میری و تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بناغەیەکی پتەوبێت بۆ سەرکەوتنی هەر پرۆژەیەك کە بە هۆیەوە مێژووی هێزە خەباتگێڕە سیاسیەکان و هێزی جەماوەر لە بۆتەیدا کۆدەکاتەوە، چونکە شێوازی کلاسیکی لەبەر ڕۆشنایی وەرچەرخانە جۆرییەکانی کاروباری نێودەوڵەتی بۆ ئەم پرۆژانە دەست نادات، بەڵکو پێویستە بەهۆی شاندەکانی لێکۆڵینەوەو مەشقەوە بە مەبەستی پەرەپێدان ڕێی تازەش بەکاربهێنرێن..

گرنگە بە پێی ئەم ئامانجە دامودەزگای تایبەتمەند پێشبخرێت و لە ڕووی جۆرییەوە تازەبکرێنەوە تا لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بگونجێن، ئەگەر وا نەبێت سەربەخۆیی کوردستان دەکەوێتە بەر هەڕەشەو هەلی بۆ ڕەخساوی خۆی لەدەست دەدات، لای هەمووان زانراوە کە ئاسایشی هەر هەرێم و دەوڵەتێك زەمینەیەکی سەقامگیربوونی گونجاوە بۆ پەرەپێدانی گشتگیرانە..

لە پێناوی دەسەبەرکردنی هەبوونێکی بونیادگەرییانەی ستراتیژی بۆ پێشمەرگە تا ببێتە سوپایەکی نیشتمانی بۆ داهاتووی کوردستان پێویستە ئەم ئومێدانە بهێنرێنە دی:

١. دۆزینەوەی بودجەی تایبەت و دامەزراندنی پرۆژەی ئابووری و ئەکتیڤکردنی تواناکان لە ڕووی مەدەنیەوە بۆ ساتەوەختانی ئاشتی، ئەمە کارێکە دەرفەتەکانی پشتگیری لێکردنی توانای سەربازی بەهێزتر دەکات و لەگەڵ دەزگایی کردنی دەوڵەت دەیگونجێنێت، ئەم بە دەزگایی کردنەش بناغەیەکی ئابوورییانەی پێویستە، بە هەر تواناو لە هەر بوارێکدا بێت..

٢. خوڵقاندنی هاوپەیمانێتی نێوان گەل و سوپا بە هۆی گوتارێکی سیاسیانەوە کە لە هەناوی مێژووی دەزگا سەربازییەکانی پێشمەرگەو قوربانیەکانی گەلی کوردەوە سەرچاوەگرتووبێت و کار بکرێت بۆ دۆزینەوەی چالاکی هاوبەش لەو ڕووەوە..

٣. کۆکردنەوەی هێزو توانای بەردەست و یەکخستنی هێزەکان لە ڕووی مەیدانی و گونجاندنیان لە ڕووی بونیادییەوەو وەرچەرخاندنیان لە بونیادی شەڕی پارتیزانیەوە بۆ بونیادی مەشقپێدانی فەرمیی سەربازیی لە سوپایەکی نیشتمانیدا..

٤. پەنجەدانان لەسەر ئامانجێکی سەرەکی دوورمەودا کە لە ئیعتراف کردن بە بوونی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتبێت بەوەی ناسنامەیەکی سەربەخۆی هەیە بە پێی توانا بەردەستەکانی خۆی خۆدەژێنێت.

٥پشتگیریکردنی پلانە ستراتیژییەکان لە وەبەرهێنانی پێوەندییە دەرەکیەکاندا، لەم ڕووەوە پێویستە مەشق لەسەر چەکەکانی بەرانبەر بکرێت بۆ هەر پێشهاتێکی چاوەڕوانکرای داهاتوو ئامادەسازی هەبێت..

٦. پتەوکردنی ئامادەسازییە مەعنەوی و دەروونیەکان و بە بەردەوامی پەرەپێدانیان و ئامادەکردنی هێزی سەربازییانە لە سوپاو پۆلیس بۆ هەر پێشهاتێکی چاوەڕوانکراوو سوپرایزێك، ئەمەش پێویستی بە کەناڵەکانی خیتابی هاندانی فەرمی و جەماوەری هەیە، لەسەر هەموو ئاستەکانی ڕاگەیاندن و بوارەکانی سیاسی.

٧. نەخشەدارشتنی ستراتیژی سەربازی و ئاسایش کارکردنی زۆری دەوێت لەسەر چەسپاندنی پلانەکانی ئایندە تا لە بەرانبەر ڕاگرتن یان نەهێشتنی تواناکانی دوژمنکارانەی تیرۆریستان و هێزەکانی موخابەرات و دەنگە نەشازەکانی ڕاگەیاندنی نێگەتیڤ ڕابوەستێت چونکە ئەوانە دەبنە هۆی سەنگەرگرتن و برەودان بە کاری تیرۆریستی لە ناو کوردستان..

٨. فەراهەمکردنی دەرفەتەکانی درێژکردنەوەو سەرپۆشی گونجاو و یەدەگی ستراتیژی لە ڕووبەڕووبوونەوەی زەمەن بۆ وەدیهاتنی ئامانج لەگەڵ قبوڵکردنی هەنگاو بە هەنگاوی گەیشتن بە ئامانجی کاتیی و کۆکردنەوەی دەرفەتەکان و ئامانجە کاتییەکان بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە ستراتیژییەکە لە پێناوی فەراهەمبوونی دەزگای سەربەخۆی سەربازی و ئاسایشی بەهێز بە شێوەیەك کە بیر لەوە نەکرێتەوە کە هەموو تواناکان تەنیا بۆ جەنگ بەکاربهێنرێن لە کاتی ڕووبەڕووبونەوەکاندا بەڵکو پشتگیری بێت بۆ کاری سیاسی تا پارێزگاری نێودەوڵەتیانەی پێ دابین بکرێت.

٩. خۆنەخستنە ناو ڕووبەڕووبوونەوەیەك کە مرونەت و دەرفەتی مانۆڕی تێدا فەراهەم نەکرابێت،چونکە لەوانەیە هەندێ جار ناچار بیت هەنگاوێك بێیتە دواوە تا لە شوێنێکی ترەوە هەنگاوێك بچیتە پێشەوە.



١٠. باشترین شت کە سەرنجی داڕێژەری ستراتیژ ڕابکێشێت ئاگاداربوون و بە حەزەرەوە ڕوانینی بەردەوامێتی لەسەر چالاکیەکانی خەنجەر لە پشت دانی ئەوانی تر، بە تایبەتی حەزەری بەردەوام لەو شانە خەوتووانەی تیرۆریستان کە دەبنە هەڕەشە بۆ ئاسایشی گشتی یان ڕەفتارەکانی جەمسەرەکانی تری کە مروونەت دەقۆزنەوە بەسەر خاکی کوردستانەوە، لەم خاڵەدا توانای موخابەراتی زۆرمان پێویستە تا بە هاوکاری جەماوەر نەخشەکانی ڕێکبخرێت.

١١. جیانەکردنەوەی خیتابی ئاسایش لە خیتابی نەتەوەو خۆبە گەورەتر نەزانین لە ئاست ڕۆڵەکانیدا و دوورخستنەوەی زەبروزەنگ تێیدا و دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤ بۆ دۆزینەوەی دەرفەتی بونیادنانی پێوەندی پۆزەتیڤانە لە نێوان دەزگا سەربازییەکان و ئاسایش و ڕۆڵەکانی گەلدا.

١٢. دوورکەوتنەوە لە هاوپەیمانێتی دژەباوی نێودەوڵەتیانە هەروەها دەرفەتدان بە هاریکاری لەگەڵ هەر جەمسەرێکدا بە هەلومەرجی خزمەتگەیاندنی ستراتیژییمان بۆ پتەوکردنی دەزگاکان و خۆنەخستنە ناو قەیرانەکانەوە بە هۆی جیاوازییە هەرێمیی و جیهانیەکانەوە.

١٣. گۆڕینەوەی سوودو قازانج لە نێوان هەبوونی بونیادگەرانە لە چوارچێوەی سوپای عیراق و دەزگا ئەمنیەکانی عیراقی بەو ئاستەی پێوەندیی فەرمی کۆنفیدراڵی دەچەسپێنێت و بە هەندوەرگرتنی ئەو کەلەپوورە لە مێژینەی لە نێوان هەردوو جەمسەردا لە ڕووی مێژوویەوە دروست بووە کە وا دەخوازێت لە هەردوو لاوە وریایی و لۆژیك بخرێتە بەرنامەکانەوە، بە شێوەیەك ئەمەش ئەنجام دەدرێت کە سەربەخۆیی دەزگا کوردستانیەکانی تێدا پارێزراو بێت بێ ئەوەی سروشتی خۆبە گەورەزانینی هیچ کەس و لایەنێك قبوڵ بکرێن تا ئەو کاتەی بنەما دەستووری و یاسا کردارەکیەکان فەراهەم دەبن بۆ دڵنیاکردنەوەی هەموو لایەن و جەمسەرەکان بە پێوەندییەکی دادوەرانەی بڕیارلەسەردراو بە پێی بژاردەی ئازادو سەربەخۆ..

بابەتی گرنگیدان بە ستراتیژیەتی سەربازی سەربەخۆی کوردستانیی لە زەڕوورەت زیاترە، بەهۆی ئەو بومەلەرزە سامناکانەی ناوچەکە دەگرێتەوە لەو ڕووەوە هێزەکانی پێشمەرگە دەتوانن ناوچەکە بخەنە بارێکی ئاگربەس و لە کاتی پێویستدا بیپارێزن، بە تایبەتی وەك نموونە پارێزگاری کردنی ناوچەکانی کە مادەی ١٤٠ دەیانگرێتەوە لە خۆرئاوای هەرێمی کوردستان..

لێرەدا پێویستە دۆزی تەمویلکردنی پێشمەرگە وەك دۆزێکی گەوهەریی پشتبەستوو بێت بە پەرەپێدانی بونیادەکەیەوە لە ڕووی فیدرالیەتەوەو هەروەها قەدەغەکردنی هەر زاڵبوونێکی نێگەتیڤانە لەو بوارەدا کە دەبێتە هۆی ڕاگرتنی چوونەپێشەوەی سوپاو پۆلیسی کوردستانی، بۆیە لەو ڕووەوە پلانە ستراتیژیەکە پێویستی بەوەیە بگوازرێتەوە بۆ قۆناغی دامودەزگایی تایبەتمەندی پیشەیی چونکە دەوروبەری کوردستان و بارودۆخی گشتی ڕێگە نادەن بە سووتاندنی قۆناغەکانی چوونە پێشەوە و دەشکرێت پەند لە ئەزموونەکانی قۆناغی ڕاگوزاریی وەربگیرێت ئەو قۆناغەی وڵاتانی بەهاری عەرەبی کە شیرازەیان لەدەست دەرچووە بەهۆی هەوڵی کتوپڕ ئاسایان بۆ گواستنەوەی سیستم هەبووە..

لە لایەکی ترەوە پەرەپێدانی پیشەیی و چەکدارکردن و هاوبەشی کردن لە بەڕێوەبردنی دۆسیەی عیراقی فیدراڵی بناغەیەکی جەوهەرییە بۆ وەدیهێنانی ئامانجی ستراتیژی بە باشترین ڕێگە لەگەڵ پاڵنان بە هەوڵەکانەوە تا ناوچەکە خاڵی بکرێت لە چەکە کۆکوژەکان و گەڕان بە شوێن واژۆی نوێنەرانی گەلاندا، بە تایبەتی ئەوانەیان کە جینۆساید کراون تا گرووپگەل دروست بکەن بۆ ئەوەی ئیعترافی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنن لەسەر مافی یاسایی پێدانیان بۆ دانانی پلانە ستراتیژییە گونجاوە بەرگریکاریەکان..

**کۆکردنەوەی هێزو توانای بەردەست و یەکخستنی هێزەکان لە ڕووی مەیدانی و گونجاندنیان لە ڕووی بونیادییەوەو وەرچەرخاندنیان لە بونیادی شەڕی پارتیزانیەوە بۆ بونیادی مەشقپێدانی فەرمیی سەربازیی لە سوپایەکی نیشتمانیدا**

# پرۆسەی ڕاگەیاندن

# دینامیکا، ئەرک و باندۆر!



د. ڕەشاد میران

لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆگیاوە، ڕاگەیاندن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و شێوەی پرۆسەیەکی بەردەوامی وەرگرتووە. ڕاگەیاندن هەر لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵبوونە مرۆییەکانەوە هەمیشە چالاکییەکی گرنگی ئەندامەکانیان بووە بەمەبەستی جێبەجێکردن و بەجێهێنانی کۆمەڵێك لە ئەرك و پێداویستییەکانیان؛ بڕیار و ڕێنمایی و زانیارییەکان دەبوایە بگەینرێن و ڕابگەینرێن بۆ ئەوەی خەڵك ڕەچاو و پیادەیان بکەن. دواتریش لەمیانەی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگادا ئەمیش، واتە ڕاگەیاندن، پێشکەوتووە، ئەرك و کاریگەرییەکانی زێدەبوون تا گەیشت بەوەی ببێ بە خاوەن دەزگای تایبەت بە خۆی- بە هەردوو شێوەکەی فەرمی و نافەرمی. جا لەم ڕووەوە کە ڕاگەیاندن گوزارشت لە پێداویستییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا دەکات و یەکێك لە دەزگا بنیادییەکانی کۆمەڵگا پێکدێنێ — ئەوا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە؛ هەروەها ڕاگەیاندن کە لە میانەی قۆناغە مێژووییەکانی کۆمەڵگادا بەردەوام هەر هەبووە و ڕاگەیاندنیش کە بە سروشت چالاکی و کرداری مرۆڤە — ئەوا لەهەمان کات پرۆسەیەکیشە.

جا کە ڕاگەیاندن دیاردە و پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیی بێت دەبێ وەکو هەر دیاردە و پرۆسەیەك توانای مانەوە و بەردەوامبوونی هەبێت.. بۆ ئەمەش کەواتە ڕاگەیاندن دەبێ دینامیکای خۆیی هەبێت — واتە هێز و توانا و توخمی ناوخۆیی دیاردەکە بۆ هەمیشە بە زیندوو مانەوەی.

## ● دینامیکای ڕاگەیاندن

ئامانجەکانی ڕاگەیاندن، لە هەر کۆمەڵگایەکدا لە بنەڕەتدا بریتیین لە هوشیارکردنەوە، ڕۆشنبیرکردن، فێرکردن و ڕازیکردنی کەسان و گروپە خەڵکی کە بنیادی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا پێکدێنن و بەرهەمەکانی ئەو وەردەگرن کە بەشێوازی جۆراوجۆر بڵاویاندەکاتەوە. لەم ڕووەوە، ناوەرۆکی بابەتی ڕاگەیەنراو دەبێ هەمیشە فیکرەیەکی دیاریکراو لەخۆ بگرێ کە جێی بایەخ و گرنگیی وەرگر بێ.. ئەوەش وا دەکات کە خەڵك بەردەوام بەدوای بابەتەکانی ڕاگەیاندن بگەڕێ. جا ئەمەیە کە لەپاڵ هەندێ توخم و هۆکاری تر، شێوەی پرۆسەیەکی دینامیکیی بە ڕاگەیاندن دەبەخشێ — توخم و هۆکارەکانی تریش ئەمانەن:

١. نێرەر، ئەو ڕاگەیاندکارەی بەرپرسە لە پرۆسەکە
٢. وەرگر، جەماوەر کە نێو جەرگەی پرۆسەکەیە
٣. باندۆر — بوارەکانی کاریگەریی بابەتی پەیام
٤. شێوازی ڕاگەیاندن- نووسین، دەنگ، وێنە...

بەبێ هەر یەکێك لەم توخم و هۆکارانە، پرۆسەی ڕاگەیاندن دینامیکای خۆی لەدەست دەچێ و ناتوانێ بەردەوامبێ. نموونەی بەرهەمی ڕاگەیاندنی وا زۆرن کە بڵاودەکرێنەوە (ڕۆژنامە، گۆڤار، پرۆگرامی تیڤی و ڕادیۆ...) و دوای ماوەیەك نامێنن- ئەمە لەدەستدانی دینامیکایە لەبەر نەمانی ئەو توخم و هۆکارانەی سەرەوە.

**● باندۆر و بایەخی ڕاگەیاندن**

پرۆسەی ڕاگەیاندن لەنێوان دوو توخمی سەرەکیی ڕوودەدات: یەکەمیان نێرەر(مرسل)- پەیامنێر؛ دووەمیش وەرگر (مستقبل). ئامانجی ناردنی پەیامیش هەمیشە بریتییە لە داهێنانی کاریگەری و باندۆر (تأثیر) لەسەر ئەوەی وەریدەگرێ. جا چەندی شێوازەکانی ڕاگەیاندنیش پیشکەوتووتر بن بێگومان باندۆر و کاریگەرییان پتر دەبن.. کەواتە بایەخی ڕاگەیاندن لە ئاست و ڕادەی باندۆرەکەی دایە— ئەوەش بە دەوری خۆی دەگەڕێتەوە بۆ جۆر و ئاستی گەیاندنەکە لە لایەك، لەلایەکیتریشەوە بۆ ڕادەی ئامادەگیی وەرگر بۆ پەیامەکە.

بۆنموونە، پەیامی ڕازاوە و وێنەی بریقەدار سەرنجڕاکێشترە لەوەی تەنیا قسە و دەنگ بێت؛ یان وەرگر تاچەند مەبەستی وەرگرتنی ئەو پەیامەیە - واتە ئایا پەیامەکە گونجاوە لەگەڵ ئاراستە و هەڵوێستەکانیدا، یاخود وەرگر ئەو کاتە لەچ حاڵەتێك دایە: سەرقاڵە بە کارکردن، نەخۆشە، بە ڕێگاوەیە، دەستبەتاڵە، پشوو دەدات، خەوتووە(بەرنامەی منداڵان)... جا پەیامنێران دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکەن کە پەیامەکەیان ئاراستەی کەسانی گونجاو و لەکاتی گونجاودا بکەن؛ ئەگینا باندۆری وەکو پێویست نابێ.

بوار و مەوداکانی باندۆری ڕاگەیاندن

١. ناوبانگ و بریقەدان بە کەسێك، لایەنێك یان بابەتێك کە بڵاویدەکاتەوە
٢. پشتگیریی بەهاکۆمەڵایەتییەکان و بەهێزترکردنیان
٣. بەهێزکردنی ئاراستەکانی مرۆڤ (ڕەفتار و خووڕەوشت)
٤. سڕکردنی ڕای گشتی (بەتایبەتیش TV)
٥. بەسەربردنی کاتی دەسبەتاڵی
٦. سەرچاوەی سەرەکیی مەعریفە لای خەڵك لە بوارە گشتییەکان
٧. ڕیکلام و پڕوپاگەندە

**● ئەرکەکانی ڕاگەیاندن**

پسپۆران ڕای جیاواز و جۆراوجۆریان هەیە لەسەر ئەرك و وەزیفەکانی ڕاگەیاندن، ئەوەش بێگومان لەبەر ئەو دەور و کاریگەرییە گەورەی کە ئەم دیاردەیە دەیگێڕێ لە هەموو بوار و لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا. دەبێ ئەوەش بڵێین کە زۆرجاران تێکەڵکردن ڕوودەدات لەنێوان ئەرك (وەزیفە) و کاریگەریی (باندۆر)ی ڕاگەیاندندا- ئەرك بریتییە لەو دەورە گشتییەی کە ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگادا دەیبینێ؛ هەرچی کاریگەرییە ئەوا دەرهاویشتەی دەورە گشتییەکەیەتی لە بوارێکی دیاریکراودا- بۆ نموونە: هەواڵ گەیاندن ئەرکێکی ڕاگەیاندنە، کەچی کارگەرییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم هەواڵە چەندە پەیوەستە بە بایەخی وەرگرەکانەوە؛ یان، کە ڕاگەیاندن بواری ڕابواردن (ترفیە) دەڕەخسێنێ، وەکو یەکێك لە ئەرکەکانی، ئەوا کاریگەریی دەروونی و کۆمەڵایەتیی چاك یان خراپی دەبێ بەسەر وەرگرانەوە.

وەکو گوتمان، ڕای جۆراوجۆری پسپۆران هەن سەبارەت بە چەندی و چۆنیی ئەرکەکانی ڕاگەیاندن، بەڵام دەتوانین ئەرکەکان، بەگشتی، بە چەند خاڵێك دەسنیشان بکەین:

١. ئەرکی گەیاندنی هەواڵ
٢. ئەرکی ڕاوێژکاری، بانگکردنی پسپۆرانی بوارە جۆراوجۆرەکان
٣. پاڵپشتی و بەهێزکردنی سستێم، ئایینی، سیاسی، کولتوور
٤. چاودێریکردن
٥. ڕەخساندنی بواری ڕابواردن
٦. دروستکردنی ڕای گشتی
٧. ڕیکلام و بانگەشەکردن

**● باندۆری دەرەکی لەسەر ڕاگەیاندن**

ڕاگەیاندن، وەکو پێشتر گوتمان، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، ئەوەش واتە پەیوەندیی هەیە بەهەموو دیاردەکانی ترەوە، کارلێککردن و کارتێکردن و کاریگەریی نواندن لە نێوانیاندا ڕوودەدەن.. دەزگای ڕاگەیاندنیش (فەرمی و نافەرمی) لەژێر کاریگەریی ژینگەی دەوروبەریدا دەبێ لە هەموو ڕوویەکەوە: سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و...

بۆیە دەبینین کە چالاکییەکانی ڕاگەیاندن و دەزگاکەی هەمیشە سنووردارکراون بەهۆی ئەو فشارانەی دەزگاکانی ترەوە (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی...) دەیانخەنەسەری. ئەوەش لەبەر ئەو دەور و کاریگەرییەی کە ڕاگەیاندن هەیەتی لەسەر کۆمەڵگا بەگشتی.

کرۆکی مەسەلەکەش بریتییە لە هەوڵدان و خەبات و ململانێ لەپێناو بەدەسهێنانی زانیاریدا- ژیان بە زانیاری و بە مەعریفە بەڕێوەدەچێ.. بەتایبەتیش لە سەردەمی ئێستادا کە بە «چەرخی زانیاری» ناودەبرێ. جا هێز و دەور و کاریگەرییەکانی ڕاگەیاندن لەو زانیارییانە دایە کە بەردەوام بەدوایاندا دەگەڕێ، کۆیاندەکاتەوە و بڵاویاندەکاتەوە- کەچی زۆرێك لەو زانیارییانە لە پەرژەوەندیی هەندێ کەس و لایەن و دەزگاکاندا نین.


بۆیەش هەموو دەزگا و لایەنەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە وەکوچۆن ڕاگەیاندن دەبێ ئازادبێ لە بەدەسهێنان و بڵاوکردنەوەی زانیاریدا، ئاواش دەبێ هەندێ سنوور و کۆت و بەند هەبن لە ئاستێکدا ڕایگرن.. ئەوە بوو یاساکانی چاپکردن و ڕاگەیاندن لە زۆربەی وڵاتان دەرچوون و کاریان پێدەکرێ. کەچی ئەم یاسا و ڕێنماییانە بەڕادەیەکی زۆر کاردەکەنە سەر سروشتی پەیامەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەیان.

**● باندۆری دەزگا و لایەن و هۆکارە دەرەکییەکان**

١. دەوڵەت، واتە سستێمی سیاسی، لە هەر وڵاتێکدا بەرپرسە لە ڕێکخستن و چاککردن و پاراستنی ژیانی کۆمەڵایەتیی

**ئامانجەکانی ڕاگەیاندن، لە هەر کۆمەڵگایەکدا، لە بنەڕەتدا بریتین لە هۆشیارکردنەوە، ڕۆشنبیرکردن، فێرکردن و ڕازیکردنی کەسان و گروپە خەڵکی کە بنیادی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا پێکدێنن و بەرهەمەکانی ئەو وەردەگرن کە بەشێوازی جۆراوجۆر بڵاویاندەکاتەوە**

**هەموو دەزگا و لایەنەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە وەکوچۆن ڕاگەیاندن دەبێ ئازادبێ لە بەدەسهێنان و بڵاوکردنەوەی زانیاریدا، ئاواش دەبێ هەندێ سنوور و کۆت و بەند هەبن لە ئاستێکدا ڕایگرن**



**ڕاگەیاندن بۆ ئەوەی بتوانێ بەردەوامبێ، ئەرک و باندۆری بەجێبهێنێ، دەبێ ڕەچاوی سستێمی کۆمەڵایەتی و بنیاد و بەهاکانی بکات**

خەڵك.. بۆ ئەو مەبەستەش جۆرەها یاسا و ڕێسا دەردەكات كە هەموو بوارەكانی ژیان دەگرنەوە و بەهۆی ئەوەشەوە كە ڕاگەیاندنیش یەكێك لە چالاكییە گرنگ و كاریگەرەكانی خەڵكە لەو ڕەوشـــە كۆمەڵایەتییەدا بۆیە دەوڵەت یاسای تایبەت بە ڕێكخســـتنی ئەم بـــوارەش دەردەكات.. نە هەر ئەوە بەڵكو دەوڵەت خۆشی، پیش خەڵك، كاری ڕاگەیاندن دەكات و دەزگای ڕاگەیاندنی فەرمیی دادەمەزرێنێ (لە زۆربەی دەوڵەتان وەزارەتی ڕاگەیاندن هەیە).

هەركەسێكیش لە دەرەوەی دەزگای فەرمی بۆ ئەنجامدانی كاری ڕاگەیاندن: دەركردنی ڕۆژنامە، گۆڤار، بڵاوكراوە، دامەزراندنـــی چاپخانە یان ڕادیـــۆ و تەلەڤزیۆن.. دەبێ ئەو كەســـە ئیزن لـــە دەوڵەت وەرگرێ و بەپێی یاســـا و ڕێساكان چالاكیی بكات. هەر دەوڵەتیشە، بەگوێرەی ئەو یاســـایانەی دەریكردوون، مافی لێسەندنەوەی ئەو ئیزنەی هەیە لە خەڵك.

٢. هـــۆكاری ئابووری؛ بەهۆی ئـــەو بودجەیەی دەوڵەت بـــۆ دەزگای ڕاگەیاندنـــی فەرمیـــی تەرخانیـــدەكات، دەبینین لـــەڕووی تەكنیكییەوە لـــە دەزگا نافەرمییەكان پێشـــكەوتووترە. هەرچی ئەمانەی دوایین، نافەرمییەكان، ئەوا لەم ڕووەوە ســـنووردارترن، بەڵام پڕجەماوەرترن لەبەر ئەوەی هەمیشـــە ئەو بابەتانە بڵاودەكەنەوە كە دەســـەڵات خۆیانی لێ دەپارێزێ و پشتگوێیان دەخات.

هەر ســـەبارەت بە ڕاگەیاندنی نافەرمـــی، دەبێ ئەوەش بڵێین كە سپۆنسەرەكەی، جا تاكەكەسێك بێت یان لایەنێك، هەمیشە خاوەن بڕیار دەبێ لە جۆر و چەندێتیی بابەتەكان و دارشتنی سیاسەتی گشـــتیی دەزگاكەی (زۆر جاران ناكۆكیی دەكەوێتە نێوان سپۆنسەر و بەڕێوەبەری دەزگاكە لەسەر بابەتەكانی بڵاوكراوە).

دەزگای ڕاگەیاندنـــی نافەرمی، كە وەكـــو فەرمییەكە بودجەیەكـــی شـــیاوی نییـــە، ناچـــار پەنـــا دەباتە بەر بڵاوكردنەوەی ڕیكلام بۆ دەســـتەبەركردنی پاڵپشـــتێكی ئابـــووری بۆخۆی كە ئەمـــەش، لەڕووی ڕوخســـارەوە، كاریگەریی نەرێنیی دەبێ لەســـەر بڵاوكراوەكەدا (گۆڤار و ڕژنامـــەی پڕ ڕیـــكلام، پچراندنـــی بەرنامە و فلیمی تەلەڤزیۆنی لەبەر ڕیكلام...)

٣. هۆكاری كۆمەڵایەتی و كولتووری

ڕەچاوكردنی بەهاكۆمەڵایەتییەكان هۆكارێكی گرنگ و سەرەكییە بۆ سەركەوتنی كاری ڕاگەیاندن، لەهەمان كاتیش فشار و قورساییەكی گەورەیە لەسەر ڕاگەیاندكاران.. گەلێ بابەتـــی گرنگ و هەنووكەیی هـــەن ڕاگەیاندن ناتوانێ توخنیان كەوێ – مەســـەلەی ئافـــرەت، بابەتی ئایینی؛ هەروەهاش ســـەبارەت بە زەوق و مگێزی كۆمەڵایەتی كە دەبێ هەمیشە ڕەچاوبكرێ / خەڵكی شاری سلێمانی چێژ لە حەیرانی دەشتی هەولێر وەرناگرن...




بەهاکۆمەڵایەتییەکان کاریگەرن بەتایبەت بەرامبەر بە ڕاگەیاندکار یان پەیامنێری ئافرەت (لە کۆمەڵگایانی وەکو ئێمەدا).

٤. هۆکاری سیاسی

هۆکاری سیاسیی ناوخۆی کاریگەر لەسەر ڕاگەیاندن، جگە لە ستراتیجیای دەوڵەت و یاسا و ڕێساکانی، هەروەها هەڵوێست و فشاری هێز و لایەنە سیاسییەکانی ناوخۆش دەگرێتەوە کە زۆرجاران پەیامنێران دەبن بە قوربانیی ململانێ و زۆرانبازیی حیزبە سیاسییەکان، یان چارەنووسی تەواوی دەزگایەکی ڕاگەیاندن دەکەوێتە مەترسییەوە. زیاد لەوەش، سیاسەتی دەرەکیی وڵاتیش بێ هەژموون نییە لەسەر ڕاگەیاندن – چالاکییەکانی ڕاگەیاندن دەبێت کۆك بێت لەگەڵ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان (لە یاساکانی زۆربەی وڵاتان جەخت لەسەر ئەمە کراوە).. جاری وابووە کە دەوڵەتێك نارەزایی دەربڕیوە بەرامبەر بە بڵاوکردنەوەی بابەتێك لە ڕۆژنامە یان کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی لە دەولەتێکی تردا.

٥. گروپەی فشاری ناوخۆیی

لە وڵاتێکدا گەلێ جاران دەزگایەکی ڕاگەیاندن دەکەوێتە بەر فشارەکانی ڕێکخراو و لایەنی سیاسی، یان ئایینی، نەتەوەیی.. بەهۆی ئەو بابەتانەی بڵاویان دەکاتەوە کە پەیوەندییان بەمانەوە هەیە.

وەکو بینیمان، ڕاگەیاندن وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەندە بە دیاردەکانی تری کۆمەڵگاوە و هەرگیز ناتوانێ بەدەر لە سستێمە کۆمەڵایەتییەکە کار بکات؛ لەگەڵ ئەوەشدا نزیکترین و توندترین پەیوەندیی هەیە بەدیاردەیەکی تری کۆمەڵایەتییەوە کە ئەویش گۆڕانی کۆمەڵایەتییە. لەلایەکەوە، ڕاگەیاندن بۆ ئەوەی بتوانێ بەردەوامبێ، ئەرك و باندۆری بەجێبهێنێ، دەبێ ڕەچاوی سستێمی کۆمەڵایەتی و بنیاد و بەهاکانی بکات؛ لەلایەکیتریشەوە دەبێ، بەتایبەتیش ڕاگەیاندنی نافەرمی، شیلگێرانە ئەو بابەتانە بورووژێنێ کە لەلایەن سستێمەکەوە تابوویان لەسەرە یان پشتگوێخراون- کە ئەمەش لە دەرئەنجامدا سستێمەکە بەرەو گۆڕانکاریی دەبات.. جا لێرەوەیە ڕەوشی ئاڵۆز و سەختیی ئەرکەکانی ڕاگەیاندن.

**ڕەچاوکردنی بەهاکۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکی گرنگ و سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی کاری ڕاگەیاندن، لەهەمان کاتیش فشار و قورساییەکی گەورەیە لەسەر ڕاگەیاندکاران**

● **بۆ ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**
أ. د. عصم سلیمان الموسی – المدخل فی الأتصال الجماهیری – عمان ٢٠٠٣
ب. صالح خلیل أبوخلیل – الأتصال الجماهیری – عمان ١٩٩٩
ج. جبارە عگیە جبارە – علم اجتماع الاعلام – الریاچ ١٩٨٥
د. رچوان بادینی – تاریخ و سوسیولوجیا الصحافە العالمیە - أربیل ٢٠١٠

# لەبارەی راست و چەپەوە



عەبدولسەلام بنعەبدعالی*

بۆ گوڵان دەینووسێت

**ئەو هەستەی ئەمڕۆ لە برەودایە ئەوەیە، کە ئیدی دەزگایەکی دیاری کراو نییە کە چەپ بێت هەمبەر بە دەزگایەکی دیکە، کە هەر راست بەرجەستە بکات. چی دی چەپ لایەنێك نییە کە پەنای بۆ ببەین، یان گرووپێك بێت کە بچینە پاڵییەوە، هەڵوێستێکیش نییە کە بینوێنین. تەنانەت چی دی بیر و باوەڕێك نییە کە متمانەمان پێی هەبێت یان بۆچوونێك بێت کە باوەڕمان پێی هەبێت. چەپڕەوی و (راستڕەوی) ئیدی خەسڵەتێکی بیر و را یان بیرۆکە نین. چی دی بیر و را یان بیرۆکەیەك نییە کە بۆ چەپ قۆرخ بێت، یان هی دی هەبن کە بۆ راست قۆرخ بن. گەلێ بیرۆکە و بیر و را هەن، کە لە سەر چەپ حیسابن، هێندەش نابات دەبنەماڵی راستڕەوی، پێچەوانەوەی ئەوەش هەر راستە. ئەو شتەش زیاتر لە کاتی نزیك بوونەوەی وادەی هەڵبژاردن و دەنگداندا بۆمان روون دەبێتەوە، بەوەی زمان دەبێتە یەك، پرۆگرامەکان یەکتر دەبڕن، کارتەکانیش تێکەڵ و پێکەڵ دەبن.**

دەتوانین بە سووربوونەوە بڵێین، کە ئەگەر ئەمڕۆ لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا راپرسییەك بکەین بۆ ئەوەی ئەوانەی سەر بە چەپن و ئەوانەی سەر بە راستن دیاری بکەین، دەبینین ئەو کەسانەی ئەمان لەوان جیا دەکەنەوە، کەمینەن. ئەمەش واتای ئەوە نییە کە دوانەی میتافیزیکیی (راست/چەپ) هەرەسی هێناوە، یان هەست بکەن کە هەر لایەنێك لەگەڵ ئەوی دیکەیان یەکتر دەبڕنەوە، بەڵکوو هەروەها واتای رەت کردنەوەی بەرجەستە کردنی سیاسیانە و ئایدیۆلۆژیانەی هەر لایەنێك لەم دوو لایەنەشە.

ئەو هەستەی ئەمڕۆ لە برەودایە ئەوەیە، کە ئیدی دەزگایەکی دیاری کراو نییە کە چەپ بێت هەمبەر بە دەزگایەکی دیکە، کە هەر راست بەرجەستە بکات. چی دی چەپ لایەنێك نییە کە پەنای بۆ ببەین، یان گرووپێك بێت کە بچینە پاڵییەوە، هەڵوێستێکیش نییە کە بینوێنین. تەنانەت چی دی بیر و باوەڕێك نییە کە متمانەمان پێی هەبێت یان بۆچوونێك بێت کە باوەڕمان پێی هەبێت. چەپڕەوی و (راستڕەوی) ئیدی خەسڵەتێکی بیر و را یان بیرۆکە نین. چی دی بیر و را یان بیرۆکەیەك نییە کە بۆ چەپ قۆرخ بێت، یان هی دی هەبن کە بۆ

راست قۆرخ بن. گەلێ بیرۆکە و بیر و را هەن، کە لە سەر چەپ حیسابن، هێندەش نابات دەبنەماڵی راستڕەوی، پێچەوانەوەی ئەوەش هەر راستە. ئەو شتەش زیاتر لە کاتی نزیك بوونەوەی وادەی هەڵبژاردن و دەنگداندا بۆمان روون دەبێتەوە، بەوەی زمان دەبێتە یەك، پرۆگرامەکان یەکتر دەبڕن، کارتەکانیش تێکەڵ و پێکەڵ دەبن.

خۆ رەنگە لەبەر ئەوەش بووبێت کە فەیلەسووفی فەرەنسی (جیل دۆلۆز) لە هەوڵەکەیدا بۆ دیاری کردنی دووانەی (چەپ/راست)دا، کاری بۆ ئەوە نەکرد کە راستەوخۆ بە سیاسەت یان ئایدیۆلۆژیا و تەنانەت بە ئیتیك (ئەخلاق) یشی ببەستێتەوە. ئەو بە شێوەیەکی دیدەییانە پێناسەی دەکات، ئەو لە بنەڕەتدا دەیکاتە پرسێکی بیندراوان. بە رای ئەو، پرسی چەپ و راست پرسی درك پێ کردن و پرسێکی روانگەییانەیە. بۆ تێگەیشتن لە جیهان و پرسەکانی، دوو رێکار هەن: رێکارێك کە هەرە دوور لە رێی هەرە نزیکەوە دەبینێت، (گشت)یش لە رێی (بەش)ەوە، بابەتیش لە رێی خودێتییەوە، گشتی لە رێی تایبەتییەوە، هەرە کەمیش لە رێی هەرە زۆرەوە. رێکارێکی پێچەوانەش هەیە، کە هەوڵ دەدات کاروبار لە روانگەیەکی پێچەوانەوە ببینێت. دیدێکی راستڕەوانەش هەیە کە لە بازنەی تاکەوە دەست پێ دەکات بۆ ئەوەی لە رێی ئەوەوە بازنەی گەڕەك و ئینجا بازنەی شار، پاشان بازنەی نیشتیمان و دواتر بازنەی جیهان ببینێ، هەرچی ئەوانی دیکەیە ئەوە گۆشەنیگای روانینیان پێچەوانەیە. لە روانگەی چەپەوە پرسەکانی جیهان دەبنە پرسی نیشتیمان، پرسەکانی نیشتیمانیش ئەوە پرسی تاکن. لێرەشدا وا تەماشای کاروبار دەکرێت، نەك بە ئامانجی ئەوەی نموونەی زۆرینە بچەسپێندرێت، بەڵکوو بۆ بە دەنگەوە چوونی هاوار و فیغانی کەمینەکان.

هەموو پرسەکە بەو جۆرە لێك دەدەرێتەوە، کە چۆن هەردوو چەمکی کەمینە و زۆرینە دیاری دەکەین. دۆلۆز پێی وایە کە مەرج نییە کەمینە لە رووی ژمارەوە لە زۆرینە کەمتر بێت. بەڵکوو رەنگە پێچەوانەکەی راستتر بێت. هەڵبەت ئەوەش رەنگە لەبەر ئەوە بێت کە کەمتر و زۆرتر لێرەدا پەیوەندیی بە چەند و ژمارەوە نییە. دەکرێ پەسند کردن بە گوێرەی هێز و دەسەڵات بێت، بەڵام هەمیشە بە پێوانە و پێوەر دەبێت. ئەویش ئەو پێوەرەیە کە زۆرینە دیاری دەکات، کەمینەکانیش توور هەڵدەداتە (دەرەوە). بە تەبیعەتی حاڵ ئەو پێوەرە مێژوویەکی هەیە، پەیوەندیی بەو کولتووریشەوە هەیە، کە لە ئامێزی ئەودا گەشە دەکات. هەڵبەت ئەمڕۆ دەیەوێ ببێتە (گەردوونی)، واش دەکات کە یەك تەرزی کولتووری هێڵی دابڕی نێوان زۆرینە و کەمینە بکێشێت، نەك کەمینەکان بە شێوازی کۆ.

کەواتە، کەمینە سەبارەت بە ناوەند دەبێتە پەراوێز، ئەو بەشێك نییە لە گشت، یان گشتێك بێت لە بەش. لەبەر ئەوەی کەمینە پەراوێزە، ئەوا ئەو فەزای جووڵە و گۆڕانە، کایەی خواستە هۆشە، فەزای بەردەوامییە. زۆرینە نابێت، چونکە چاوی لەوە نییە نموونەیەك بەدی بهێنێت، مادام خۆبەخۆ نموونەکەیە. هەرچی کەمینەیە، ئەوەی چاوی لە وەرچەرخانە، بەڵام نەك بۆ ئەوەی ببێتە ناوەند، بەڵکوو بۆ ئەوەیە کە ناوەندایەتی (سەنترالیزم) نەهێڵێت. ئەو چاوی لەوە نییە ببێتە لایەنەکەی دیکەی دووانەکە، چاوی لەوە نییە ببێتە نێرینە لە بری مێیینە، یان ببێتە سپی لە بری رەش، ئاغا لە بری نۆکەر.. بەڵکوو ئامانجی ئەوەیە پێوەرایەتی تێك بچێت کە جیهان بە گوێرەی دووانەکان دابەش دەکات، کە خۆی دەخاتە خانەی ئەرێنییەوە و ئەوانی دیکەش توور هەڵدەداتە خەرەندی نەرێنییەوە.

جا بەم جۆرە چەپڕەوی هەوڵێکە بۆ دەرباز بوون لە نموونەی زۆرینایەتی بە ئامانجی ئەوەی دەنگی کەمینەکان بگەیەنێت: دەنگی ژنان دژ بە نموونەی نێرینایەتی، دەنگی رەنگەکانی دی دژ بە نموونەی سپی، دەنگی چەوساوان دژ بە نموونەی باڵادەستی..

ئەگەر بەو جۆرە چەپڕەویمان دیاری کرد، کە روانگە و جووڵە و بەردەوامییە، ئەوا ناکرێ دەزگا بێت، ئیدی ئەو دەزگایە بە هەر شێوەیەك بێت، جا دەزگایەکی پارتایەتی بێت یان سەندیکا، دەزگایەك نییە کە نوێنەرایەتی چەپ بکات، مادام کە لە بنەڕەتدا چەپ دژ بە دەزگایە، چەپڕەوی خەسڵەت و سیفەت نییە: سیمایەك نییە بە نەخشی ناوچەوانی مرۆڤەوە، سیفەتێکیش نییە کە تایبەت بە دەزگایەك بێت، خەسڵەتێکیش نییە کە مۆرکی ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت بێت.

لینین دەیگوت: پێویستە ئەوە ئاشکرا بکەین کە لە لای کێ و ئەو کەسەش کە وەك راستڕەو خۆی پێشکەش دەکات، رووی چەپڕاوونەی کامەیە، پێچەوانەی ئەوەش هەر وایە. ئیدی بەم واتایە چەپڕەوی دەبێتە جووڵەیەکی جیابوونەوە، کە بێ ماندوو بوون بەرهەڵستی لە نموونەی زۆرینایەتی دەکات، لە (ناخی) هەموو چەپێك و لە (ناخی) هەموو راستێکیشدا، خۆی مەڵاس داوە بۆ ئەوەی جیاوازیی نێوانیان گەشە پێ بکات، هەروەها بۆ ئەوەی روونی بکاتەوە، کە لە پشت ئەو جیابوونەوەیەی باس دەکرێت، کە دووانەی میتافیزیکیی نێوان هەردوو لا باسی دەکەن، پێکڤە هەڵکردن و ئاوێتە بوونێك هەیە، کە وا لە هەندێك دەکات تەفرە بخۆن و پێیان وا بێت، کە کارتەکات تێکەڵ بە یەك بوون، هەروەها جیاوازی ئیدی کاری خۆی ناکات.

**ئەو هەستەی ئەمڕۆ لە برەودایە ئەوەیە، کە ئیدی دەزگایەکی دیاری کراو نییە کە چەپ بێت هەمبەر بە دەزگایەکی دیکە، کە هەر راست بەرجەستە بکات. چی دی چەپ لایەنێک نییە کە پەنای بۆ ببەین، یان گرووپێک بێت کە بچینە پاڵییەوە، هەڵوێستێکیش نییە کە بینوێنین**

**سەبارەت بە ناوەند دەبێتە پەراوێز، ئەو بەشێک نییە لە گشت، یان گشتێک بێت لە بەش. لەبەر ئەوەی کەمینە پەراوێزە، ئەوا ئەو فەزای جووڵە و گۆڕانە، کایەی خواستە هۆشە، فەزای بەردەوامییە**

---

*** بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ڕیبات**